# سەروتار

## بەرەو دوارۆژ

• سەدەی بیستەم ، سەدەی چەوساندنەوەو مەینەتی ی میللەتی کورد بوو ، سەدەی دابەشکردنەوەو داگیرکردنی نوێی کوردستان بوو ، لە دوا دەیەی سەدەی بیستەم و دوای راپەرینە پیرۆزەکەی ساڵی (١٩٩١) مەسەلەی کورد بۆتە یەکێ لەمەسەلە دیارو گەرمەکانی رۆژهەلاتی ناوەراست و جیهان . ئەمرۆ رۆژهەلاتی ناوەراست کێڵگەی گەرمی ململانێی بەرژەوەندی نێو دەوڵەتییە ، مەسەلەی کورد و مەسەلەی فەلەستین ئیسرائیل دوو فاکتەری سەرەکین لە ململانێکەدا . لە عێراق و ناوچەکەدا چاوەروانی گۆرانکاری گەورە دەکرێت ، ئێمەش بەشێکین لەو گۆرانکارییە، پێویستە سەرکردایەتی و حیزب و چین و توێژ و تاکەکانی میللەتەکەمان بەبەرپرسیارێت مێژوویی گەورەوە تەعامول لەگەڵ ئەو گۆرانکارییەدا بکەن، بۆ ئەوەی سەدەی بیست ویەك ببێتە سەدەی سەرفرازی و سەربەخۆیی کورد و کوردستان .

• گۆرانکاری هەر لەبواری جیۆپۆلەتیك کافی نییە بۆ گەیشتن بەتەواوی خواست و ئامانجەکانمان و دابینکردنی دوارۆژی گەش بۆ نەوەکانی داهاتومان و بوژانەوەی وڵاتمان ، چەکی زانستیش چەکێکی کاریگەرە لەو بوارەدا . ئێمە بەچەکی شۆرش و بەرەنگار بوونەوە چوینە ناو سەدەی بیستەمەوە ، پێویستە بەچەکی زانستەوە بچینە سەدەی بیست ویەکەمەوە ، چونکە ئێمە لە کاروان دواکەوتووین ، ئەگەر فریای خۆمان نەکەوین و ئاگامان لە خۆمان نەبێت دوواکەوتووتر ئەبین .

**سەرنوسەر**

# ئەندازیاران

ژمارە (٢)

هاوینی ٢٠٠٢

گۆڤارێکی ئەندازەیی وەرزانەیە



خاوەنی ئیمتیاز

یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان

سەرنوسەر

طیب جبار امین

دەستەی نوسەران

رەنج عبدالحمید محمد

محمد ئازاد طه

نەوزاد عوسمان عبدالرحمن

کامەران حمه صالح کارگەچی

احمد عمر علي

عبدالکریم شاه محمد شاه حسین

ناونیشان:

سلێمانی /شەقامی سالم

بارەگای یەکێتیی ئەندازیارانی کوردستان

ژمارەی تەلەفۆن : ٣١٢٢١٦٥

نەخشەسازی : عمر فارس

جیاکردنەوەی رەنگەکان : جلیل حسین

چاپ : سەنتەری چاپ و پەخشی تەما

بەرگ : ئۆفسێتی شڤان


## لەم ژمارەیەدا:


*سیمینارو کۆڕ ٥

*چاوپێکەوتن ٢٥

*ئەندازیارانی کورد ٢٧

* ئەم ئامێرە بناسە ٣٢

*پرۆسیسی دەرهێنانی شەکر ٣٥

* گەچ ٣٩

* زانستی پەیوەندی ٤٣

*ئاوەدانکردنەوەی کوردستان ٥٠

* چۆنیەتی حیسابکردنی ٥٣

* خوێندنەوەیەکی خێرا ٥٦

* فەرهەنگی ئەندازە ٦٢

* ئەرشیف ٦٣

# هەواڵ و چالاکی

## * هەڵبژاردنی دەستەی لقەکان

دوابەدوای کۆبوونەوەی یەکەمی کۆمیتەی باڵا لەرۆژی ٢٠٠١/٩/٢٥و دابەشکردنی کارەکان بەسەر ئەندامانی کۆمیتەی باڵا، بۆ کۆبونەوەی رۆژی ٩/٢٩ رۆژی هەڵبژاردنی دەستەی لقەکان و نوێنەرایەتی خانەقین دیاریکرا.

١-لقی سلێمانی رۆژی ٢٠٠١/١٠/١١
٢-لقی کەرکوك رۆژی ٢٠٠١/١٠/١٣
٣-لقی هەولێر رۆژی ٢٠٠١/١٠/١٨
٤-نوێنەرایەتی خانەقین رۆژی ٢٠٠١/١٠/٢٣

یەکەم: لقی سلێمانی: بریار بوو کۆنفرانسی لقی سلێمانی بۆ هەڵبژاردنی دەستەی لق رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی ٢٠٠١/١٠/١١ لەهۆڵی ئەندازیاران ببەسترێت، بەڵام لەبەر چەند هۆیەکی تایبەت دواخرا بۆ رۆژی سێشەممە رێکەوتی ٢٠٠١/١٠/٣٠ بەئامادەبوونی دادوەرو نوێنەری پارێزگای سلێمانی و سەرۆك و ئەندامانی کۆمیتەی باڵا، لەکۆی ٦٣ئەندام ٤٦ ئەندام بەشداریان کردو ١٤ ئەندازیار خۆیان پاڵاوت بۆ هەڵبژاردنی ٧ ئەندامی سەرەکی و ٤ ئەندامی یەدەك. ئەنجامی دەنگدانەکەش بەم شێوەیە بوو:

١-ئازاد طاهر صدیق ٣٠ دەنگ
٢-روبار نوری حەمۆل ٢٨ دەنگ
٣-سیروان حەسەن عەلی ٢٨ دەنگ
٤-نزار ئەسعەد محەمەد ٢٧ دەنگ
٥-نەوزاد عوسمان عەبدولرەحمان ٢٥ دەنگ
٦-بەرزان ئەحمەد عەبدوڵڵا ٢٥ دەنگ
٧-حسام الدین محەمەد میرزا ٢٥ دەنگ
٨-رەهێل عەبدوڵڵا محەمەد ٢٥ دەنگ
٩-ئامینە محەمەد عوسمان ٢٥ دەنگ
١٠-رێبوار رەسول حەمە ئەمین ٢٤ دەنگ
١١-بەرزان مەحمود ئەمین ٢٤ دەنگ

بەڵام لەبەرئەوەی لەژمارە (٥) تاکو ژمارە (٩) هەموو دەنگەکانیان یەکسان بوو (٢٥) دەنگ، ئەندامی سەرەکی و یەدەك جیانەدەکرانەوە، بۆیە دادوەر بریاریدا دەنگدان بۆ ئەو ٥ کەسە بکرێتەوە بۆ هەڵبژاردنی ٣ کەس بۆ ئەندامێتی سەرەکی. ئەنجامی دەنگدانەکە ئەم بەرێزانەی خوارەوە دەرچوون.

١-نەوزاد عوسمان عەبدولرەحمان (٢٥)+٢١ دەنگ
٢-ئامینە محەمەد عوسمان (٢٥)+٢١ دەنگ
٣-حسام الدین محەمەد میرزا (٢٥)+١٨ دەنگ

ئەم بەرێزانەش بوون بەئەندامی یەدەك:

١-بەرزان ئەحمەد عەبدوڵڵا (٢٥)+١٧ دەنگ
٢-رەهێل عەبدوڵڵا محەمەد (٢٥)+١٤ دەنگ
٣-رێبوار رەسول حەمە ئەمین ٢٤ دەنگ
٤-بەرزان مەحمود ئەمین ٢٤ دەنگ

دەستەی لقی سلێمانیش لەیەکەم کۆبوونەوەی خۆیدا لەرۆژی ٢٠٠١/١١/١٧ ئیشوکارەکانیان بەتێکرای دەنگ لەنێوان خۆیاندا بەم شێوەیەی خوارەوە دابەشکرد:

١-ئەندازیار ئازاد طاهر صدیق سەرۆکی لق
٢-ئەندازیار حسام الدین محەمەد میرزا جێگری سەرۆکی لق
٣-ئەندازیار نزار ئەسعەد عەلی سکرتێر
٤-ئەندازیار سیروان حەسەن عەلی لێپرسراوی دارایی
٥-ئەندازیار روبار نوری حەمۆل لێپرسراوی لیژنەی زانستی و ئاوەدانکردنەوە
٦-ئەندازیار نەوزاد عوسمان عەبدولرەحمان لێپرسراوی لیژنەی کارگێڕی و کۆمەڵایەتی
٧-ئەندازیار ئامینە محەمەد عوسمان لێپرسراوی لیژنەی پەیوەندی و راگەیاندن

تێبینی: لەبەر چەند هۆیەکی تایبەت ئەندازیار نەوزاد عوسمان عەبدولرەحمان دەستی لەکارکێشاوەو ئەندازیار بەرزان ئەحمەد عەبدوڵڵا سەرکەوت بۆ ئەندامێتی دەستەی لق.

دووەم: لقی کەرکوك

رۆژی شەممە رێکەوتی ٢٠٠١/١٠/١٣ لەهۆڵی ئەندازیاران لەشاری سلێمانی کۆنفرانسی هەڵبژاردنی دەستەی لقی کەرکوك بەسترا. لەکۆی ٣٢ ئەندامی کۆنگرە، ٢٩ ئەندام ئامادەبوون، بەئامادەبوونی دادوەرو نوێنەری پارێزگای کەرکوك و سەرۆك و ئەندامانی کۆمیتەی باڵا پرۆسەی هەڵبژاردن بەرێوەچوو، ئەنجامی دەنگدانەکەش بەم شێوەیە بوو.

ئەندامانی سەرەکی

١-نجم الدین جەبار کرەم ٢٧ دەنگ

٢-غریب عەبدولرەحمان محەمەد ٢٤ دەنگ

٣-محەمەد حسێن عەباس ٢٣ دەنگ

٤-باسط عەزیز عەبدوڵڵا ٢٣ دەنگ

٥-کامەران بەکر عەبدوڵڵا ٢٢ دەنگ

٦-عەبدولخالق عەبدوڵڵا محەمەد ٢١ دەنگ

٧-صباح مستەفا صدیق ١٨ دەنگ

ئەندامانی یەدەك:

١-مەحمود کەریم ئەمین ١٧دەنگ

٢-ئیبراهیم محەمەد رەشید ١٦ دەنگ

٣-ئەحمەد رەحیم کەریم ١٦ دەنگ

٤-خالد سەلیم ئەحمەد ١٦ دەنگ

هەر رۆژی ١٠/١٣ دەستەی لق لەیەکەم کۆبوونەوەی خۆیدا ئیشوکارەکانی بەم شێوەیەی خوارەوە دابەشکرد:

١-ئەندازیار نجم الدین جبار کرم سەرۆکی لق

٢-ئەندازیار محەمەد حسێن عەباس جێگری سەرۆکی لق

٣-ئەندازیار عەبدولخالق عەبدوڵڵا سکرتێر

٤-ئەندازیار باسط عەزیز عەبدوڵڵا لێپرسراوی دارایی

٥-ئەندازیار کامەران بەکر عەبدوڵڵا لێپرسراوی لیژنەی زانستیو ئاوەدانکردنەوە

٦-ئەندازیار صباح مستەفا صدیق لێپرسراوی لیژنەی کارگێڕیو کۆمەڵایەتی

٧-ئەندازیار غەریب عەبدولرەحمان محەمەد لێپرسراوی پەیوەندیو راگەیاندن

تێبینی: لەبەر چەند هۆیەکی تایبەت ئەندازیار صباح مستەفا صدیق دەستی لەکارکێشایەوەو ئەندازیار مەحمود کەریم ئەمین ، سەرکەوت بۆ ئەندامێتی دەستەی لق.

سێ: لقی هەولێر

رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی ٢٠٠١/١٠/١٨ بەئامادەبوونی دادوەرو نوێنەری پارێزگای هەولێرو سەرۆكو ئەندامانی کۆمیتەی باڵا لەهۆڵی مەڵبەندی لاوان لەشاری کۆیە، کۆنفرانسی هەڵبژاردنی دەستەی لقی هەولێر بەرێوەچوو ئەنجامەکەشی بەم شیوەیەی خوارەوە بوو:

ئەندامانی سەرەکی

١-ئەمیر ئەرسەلان موحسن ١٧ دەنگ

٢-ئەماڵ قادر عومەر ١٤ دەنگ

٣-ئاراس حەمە سەعید محەمەد ١٤ دەنگ

٤-سەلام سەعید ئیبراهیم ١٣ دەنگ

٥-دڵزوار فتح الله عەبدوڵڵا ١٣ دەنگ

٦-هیمداد عەلی حمد ١٢ دەنگ

٧-ئیبراهیم روستم حەسەن ١٢ دەنگ

ئەندامانی یەدەك:

١-عەبدولرەحمان عومەر اسماعیل ١١ دەنگ

٢-هێرش حەمەسوور رەسول ٩ دەنگ

٣-دڵشاد بەکر کەریم ٨ دەنگ

٤-سەرکەوت حمد عومەر ٦ دەنگ

دەستەی لق لەیەکەم کۆبوونەوەی خۆیدا رۆژی ٢٠٠١/١٠/٢٩ ئیشوکارەکانیان بەتێکرای دەنگ بەم شێوەیەی خوارەوە دابەشکرد:

١-ئەندازیار ئیبراهیم روستم حەسن سەرۆکی لق

٢-ئەندازیار ئەمیر ئەرسەلان جێگری سەرۆکی لق

٣-ئەندازیار هیمداد عەلی حمد سکرتێر

٤-ئەندازیار ئاراس حەمە سەعید محەمەد لێپرسراوی دارایی

٥-ئەندازیار سەلام سەعید ئیبراهیم لێپرسراوی لیژنەی زانستیو ئاوەدانکردنەوە

٦-ئەندازیار ئەماڵ قادر عومەر لێپرسراوی لیژنەی کارگێڕیو کۆمەڵایەتی

٧-ئەندازیار دڵزوار فتح الله عەبدوڵڵا لێپرسراوی لیژنەی پەیوەندیو راگەیاندن

چوارەم/نوێنەرایەتی خانەقین

رۆژی ٣ شەممە رێکەوتی ٢٠٠١/١١/٢٣ لەهۆڵی ئەندازیاران لەسلێمانی بەسەرپەرشتی سەرۆكو ئەندامانی کۆمیتەی باڵا پرۆسەی هەڵبژاردنی لێپرسراوو جێگری لێپرسراوی نوێنەرایەتی خانەقین بەرێوەچوو، پاش دڵنیابوون لەتەواوی (نصابی قانونی) ئامادەبووان، بەتێکرای دەنگ بریاردرا بەدانانی ئەم دوو بەرێزەی خوارەوە:

١-ئەندازیار عەبدولکەریم شاه محەمەد شاه حسێن لێپرسراو

٢-ئەندازیار عەلی حسێن ئەحمەد جێگری لێپرسراو

*کردنەوەی نوێنەرایەتی چەمچەماڵو کەلار

یەکەم/دوای ئەوەی ٣٠ ئەندازیار لەئەندازیارانی چەمچەماڵ داوایەکیان پێشکەش بەلقی کەرکوكو کۆمیتەی باڵا کرد، بۆ کردنەوەی نوێنەرایەتیەك لەچەمچەماڵ کۆمیتەی باڵا بریاریدا بوکردنەوەی نوێنەرایەتیەکە. ئەوەبوو رۆژی ٢٠٠٢/٢/١٣ لەهۆڵی خوێندنگای هەڵۆ لەشاری چەمچەماڵ بەئامادەبوونی نوێنەری قایمقامیەتی چەمچەماڵو سەرۆكو ئەندامانی دەستەی لقی کەرکوك پرۆسەی هەڵبژاردنی لێپرسراوو جێگری لێپرسراوی نوێنەرایەتیەکە بەرێوەچوو، لەئەنجامدا ئەم دوو بەرێزەی خوارەوە دەرچوون:

١-ئەندازیار جمعە ئەمین کەریم لێپرسراو

٢-ئەندازیار عەلی عەبدولرەحمان قادر جێگری لێپرسراو

دووەم/دوای ئەوەی ٤٥ ئەندازیار لەئەندازیارانی کەلار داوایەکیان پێشکەش بەلقی کەرکوكو کۆمیتەی باڵا کرد، بۆ کردنەوەی نوێنەرایەتیەك لەکەلار، کۆمیتەی باڵا بریاریدا

بەکردنــەوەی نوێنەرایەتیەکــە. ئــەوەبوو رۆژی یــەك شــەممە رێکــەوتی ٢٠٠٢/٣/٣ ســەعات ١١,٥ لــەهۆڵی پــەیمانگای تــەکنیکی کــەلار لەشــاری کــەلار بــەئامادەبوونی نوێنــەری قایمقامیــەتی کــەلارو ســەرۆك و ئــەندامانی کۆمیتــەی بــاڵاو دەســتەی لقــی کــەرکوك پرۆســەی هــەڵبژاردنی لێپرســراوو جێگری لێپرسراوی نوێنەرایەتیەکە بــەڕێوەچوو، لەئــەنجامدا ئەم دوو بەڕێزەی خوارەوە دەرچوون:

١-ئەندازیار عوسمان محی‌الدین عەبدوڵڵا لێپرسراو

٢-ئەندازیار هیوا ئیبراهیم عەزیز جێگرو لێپرسراو

## * سەردانی سەرۆکی حکومەت

نیوەڕۆی (٢٠٠٢/ ٥/٤) سەرۆك و ئەندامانی کۆمیتەی باڵا ســەردانی ســەرۆکی حکومــەتی هــەرێمیان کــرد لــە دیوانــی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران . لەو دیدارەدا داخوازی و پێشنیارەکانی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان لەسەرجەم بوارەکاندا گفتوگۆیان لەسەرکرا .سەرۆکی حکومەت دەستخۆشی لێکردن و داوای لێکردن لە ڕێی پێشکەشکردنی پێشنیارو دیراساتی زانستییەوە هاوکاری پێشخستنی پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەو بیناسازی و چککردنی ڕێگاو بانەکان بکەن لەسەرجەم شارو شارۆچکەکانی کوردستاندا و هەروەك دڵنیای کردنەوە کە حکومەت بەرنامەیەکی تایبەتی بۆ هاوکاری کردن و باشکردنی وەزعی ئەندازیارانی بەدەستەوەیە ، پاشان سەرۆکی یەکێتی ئەندازیاران باسی لە کۆمەڵێك داخوازی و خاڵەکانی کارنامەی داهاتوویان کرد و سەرۆکی حکومەت بەڵێنی هاوکاری کردنی پێدان و دوو کۆمپیوتەری تازەی پێشکەش کردن .

## * کۆمیتەی باڵا

* لە پێناو پێشخستنی زانست و یارمەتیدانی ئەندازیارانی خوێندنی باڵا، کۆمیتەی باڵا بڕیاریدا بەیارمەتیدانی (٩) ئەندازیاری خوێندنی باڵا لە زانکۆی سلێمانی بەبڕینەوەی یارمەتییەکی مانگانە بەبڕی (٢٥٠) دینار ، لە رۆژی ٢٠٠٢/٦/١ ەوە خەرج دەکرێت تا تەواوکردنی خوێندنیان .

* سازدانی سیمینارێك بە ناونیشانی ( پیاچونەوە بەکەرەسەی بیناسازی لەهەرێمی کوردستاندا ) رۆژی ٢٠٠٢/٧/٣ لە هۆڵی سلێمانی / سەنتەری گەنجان .

* سازدانی کۆڕێك بە ناونیشانی (چەند سەرنجێکی ئەندازەیی لەسەر ئیش و کارەکانی سەرۆکایەتی شارەوانی و بەڕێوەبەرێتی هاتوچۆی سلێمانی ) بۆ ئەندازیار (تەیب جەبار ) رۆژانی ١٧ +٢٠٠٢/٧/٢٤ لە هۆڵی سلێمانی / سەنتەری گەنجان .

## * لقی سلێمانی

- بەبۆنەی سەری ساڵی زایینیەوە شەوی (٢٠٠٢/١/١) ئاهەنگێکی خێزانی لە هۆڵی یانەی ئەندازیاران سازدا .
- بەبۆنەی یادی دامەزراندنی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان (١٩٩٢/٤/٢٧) ئاهەنگێکی خێزانی لە باخچەی یانەی ئەندازیاران لەشەوی (٢٠٠٢/٥/١٦ ) سازدا .
- بەمەبەستی هاوکاری و یارمەتیدانی ئەندازیاران خولێکی فێربونی شۆفێری بە هاوکاری (نوسینگەی سابونکەران بۆ فێربونی شۆفێری ) بۆ (٢٠) ئەندازیار رۆژی ٢٠٠٢/٧/٢٨ کردەوە .

## * لقی کەرکوك

* بەبۆنەی جەژنەکانی راپەڕین و نەورۆز و یادی رزگارکردنی کەرکوکەوە سەیرانێکی خێزانی ڕێکخست بۆ ئەندازیارە ئاوارەکانی شاری کەرکوك کەلە شارەکانی سلێمانی و چەمچەماڵ و دەربەندیخان و کەلار نیشتەجێن . رۆژی ٢٠٠٢/٣/٢٩ لە(سەرتەکی بەمۆ ) .

## * لقی هەولێر

- رۆژانی ٢٠٠٢/٧/٢٥ -٢٠٠٢/٨/١ خولێکی تۆپی پێی بۆ پێنج تیپی شاری کۆیە کردەوە :

١- تیپی ئەندازیارن .

٢- تیپی کارگێڕانی یانەی وەرزشی کۆیە .

٣- تیپی مامۆستایانی پەیمانگای تەکنیکی کۆیە .

٤- تیپی مامۆستایانی چالاکی وەرزشی پەروەردەی هەولێر

٥- تیپی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی هەولێر .

لە ئەنجامدا تیپی ( مامۆستایانی چالاکی وەرزشی ) پلەی یەکەمیان هێنا ، تیپی (کارمەندانی تەندروستی ) پلەی دووەمیان هێنا ، تیپی (کارگێڕانی یانەی وەرزشی) پلەی سێیەمیان هێنا ، تیپی ئەندازیارانیش لە دۆڕاوەکان بوو .

**ئەندازیاران**
**کۆڵەکەی بە هێزی**
**حکومەتی هەرێمی**
**کوردستانن**

# سیمینار و کۆڕ

## * سیمیناری ( پیاچونەوە بەکەرەسەی بیناسازی لەهەرێمی کوردستاندا ) ٢٠٠٢/٧/٣

## ( چەند سەرنجێکی ئەندازەیی لەسەر ئیش وکارەکانی سەرۆکایەتی شارەوانی و بەڕێوەبەرایەتی هات وچۆی سلێمانی ) ٢٠٠٢/٧/١٧ +٢٠٠٢/٧/٢٤

## یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان
## کۆمیتەی باڵا

ژمارە:

بەروار:

بۆ بەڕێز ئەندازیار /.....................

ڕێز و سڵاو

یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان لیژنەیەکی پێکهێناوە بە مەبەستی پیاچونەوە بە کەرەسەی بیناسازی لە هەرێمی کوردستاندا و سازدانی سیمینارێك لەو بارەیەوە، دوای چەندین کۆبونەوە ، لیژنەکە ئەم ڕاپۆرتەی ئامادە کردوە کە هاوپێچە لەگەڵ ئەم نامەیەدا. ئێمە پێمان باشبوو پێش سازدانی سیمینارەکە ، کۆبونەوەیەکی فراوان لەگەڵ چەند ئەندازیارێکدا بکەین بەمەبەستی دەوڵەمەندکردنی ڕاپۆرتەکە و پێشنیارەکان.

جەنابتان وەك ئەندازیارێکی شارەزا بانگهێشتکراون بۆ کۆبونەوەکە ، ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی (٢٠٠٢/٥/٤) سەعات(٥) ئێوارە لە هۆڵی بارەگای یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان.

ئامادەبونتان جێگەی ڕێز و سوپاسمانە

**طيب جبار امين**

**سەرۆکی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان**

٢٠٠٢/٤/٢٥

---

## یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان
## کۆمیتەی باڵا

ژمارە:

بەروار:

بۆ بەڕێز/

سڵاوی زانست

بەچاودێری بەڕێز **د. بەرهەم احمد صالح** /سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان،یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان سیمینارێك سازدەدات لە ژێر ناونیشانی (**پیاچونەوە بە کەرەسەی بیناسازی لە هەرێمی کوردستاندا**) ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی (٢٠٠٢/٧/٣) سەعات (٥:٣٠) ئێوارە لە هۆڵی سلێمانی/سەنتەری گەنجان. ئامادە بونتان مایەی خۆشحاڵیمانە . لەگەڵ ڕێزدا...

**طيب جبار امين**

**سەرۆکی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان**

٢٠٠٢/٦/٢٧

# سیمیناری

# (پیاچونەوە بەکەرەسەی بیناسازی لەهەرێمی کوردستاندا)

دوابەدوای کۆنگرەی دووەم ، کۆمیتەی باڵای یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان چەند لیژنەیەکی پێکهێنا بۆ لێکۆڵینەوە و پێشکەشکردنی پێشنیار و دۆزینەوەی ڕێگا چارەی ئەو کێشانەی لەبوارەکانی زانستی ئەندازەدا لە کوردستاندا هەن. یەکێك لەو لیژنانە ، لیژنەی (پیاچونەوە بەکەرەسەی بیناسازی لەهەرێمی کوردستاندا)، کە



لیژنەی سەرپەرشتی سیمینار

بەسەرۆکایەتی و ئەندامێتی ئەم بەڕێزانەی خوارەوە بوون:

١- ئەندازیار (سەربەست عبدالکریم)/سەرۆکی لیژنە/ئەندامی کۆمیتەی باڵا/ڕێکخراوی هابیتات

٢- ئەندازیار (انور صالح شریف)/ئەندام/بەڕێوەبەری گشتی ئاوەدانردنەوە

٣- ئەندازیار(سەروەر علی سعید)/ئەندام/ڕێکخراوی یونیسکۆ

٤- ئەندازیار (علی حاجی کریم) /ئەندام/ڕێکخراوی یونیسکۆ

٥- ئەندازیار (زیرەك اسماعیل سەرهەنگ)/ئەندام/کۆمپانیای نەورۆز

٦- ئەندازیار( ابراهیم شاە محمد شاە حسین)/ئەندام/سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی

دوای پێکهێنانی لیژنەکە، هەفتانە چەندین کۆبونەوەی خۆیان دەبەست و راوبۆچونیان لەگەڵ چەندین ئەندازیاری تردا دەگۆڕیەوە و لە ئەنجامدا راپۆرتێك و (١٩) راسپاردە گەڵاڵە کرا. ئیشوکارەکانی لیژنەکە لە ژێر سەرپەرشتی سەرۆکی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان بەڕێوە دەچوو. پاشان راپۆرتەکە و راسپاردەکان چاپ و دابەشکران بەسەر (٢٥) ئەندازیاری دیدا و بانگهێشتکران بۆ کۆبونەوەیەکی فراوان لەهۆڵی بارەگای یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان . ئەوە بوو رۆژی (٢٠٠٢/٥/٤) (٢٠) ئەندازیار ئامادەی کۆبونەوە فراوانەکە بوون کە ئەم ئەندازیارە بەڕێزانەی خوارەوە بوون: ( طیب جبار ، سەربەست عبدالکریم، زیرەك اسماعیل، انور صالح، ابراهیم شاە محمد، سالار جلال، د. رەئوف عبدالقادر، د. کمال احمد رشید، فەهمی محمد توفیق، روناك محمد شریف، محمد رشید محمد نوری، پێرس نیهاد، عادل احمد عبدالکریم ، سامی صابر علی ، عالیە توفیق ، محمد عبداللە ، ،محمد عوسمان احمد ، بهجت توفیق ، عوسمان عبداللە رسول ، فاتح عبداللە ). بەداخەوە هەردوو ئەندامە چالاکەکەی لیژنەکە ، ئەندازیاران ( علی



ئەندازیار /سەعدی دزەیی/ وەزیری ئاوەنکردنەوە

حاجی‌کریم، سەروەر علی سعید) بەهۆی زروفێکی زۆر تایبەتەوە نەیانتوانی ئامادەی کۆبونەوە فراوانەکە بن.

دوای گفتوگۆیەکی تێر و تەسەل لەسەر راپۆرتەکە و یەك بە یەکی راسپاردەکان کە (٣) سەعات زیاتری خایاند، دەستکارییەکی کەمی راپۆرتەکە کرا و راسپاردەکان دەوڵەمەندکران و (٨) راسپاردەی تریش زیادکران، واتە بوون بە (٢٧) راسپاردە. پاشان لیژنەکە دوا کۆبونەوەی (پێش سیمینارەکە)ی خۆی بەست و دوا بڕیاری خۆیدا لەسەر داڕشتنەوە و رێکخستنەوەی راپۆرت و راسپاردەکان کەوتە خۆئامادەکردن بۆ سازدانی سیمینارەکە، ئەوەبوو دەقی راپۆرت و راسپاردەکان لەگەڵ کارتی بانگهێشتکردن دابەشکرد بەسەر (٤٠٠) ئەندازیار لەهەموو وەزارەت و دەزگاکانی حکومەتدا لەگەڵ ئەندازیارانی هەموو رێکخراوەکانی (UN) هەروەها بەسەر چەندین کۆمپانیا و بەڵێندەر و وەستای شارەزا و رێکخراوە پیشەییەکانی تایبەت بەو بابەتە. رۆژی (٢٠٠٢/٧/٣) سەعات (٥:٣٠) لە هۆڵی سلێمانی / سەنتەری گەنجان دەستنیشانکرا بەکات و شوێنی سازدانی سیمینارەکە. بە ئامادەبوونی هەڤاڵ (مەلا بەختیار) لێپرسراوی مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکان و بەڕێز (سەعدی دزەیی ) وەزیری ئەشغال و ئاوەدانکردنەوە و بەڕێز ( فاتح عبدالله ) وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار و چەندین بەرپرسی دەزگاکانی حکومەت و رێکخراوەکانی UN و دەزگاکانی راگەیاندن ، کارەکانی سیمینارەکە بەڕێوە چوو کە نزیکەی (٤) سەعاتی خایاند.

مەراسیمی سیمینارەکە کە لە لایەن ئەندازیار ( حمە ئازاد تەها) بەڕێوە چوو ، بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

* بەخێرهاتنی میوانەکان و ئەندازیاران و دەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان.


د. رەئوف عبدالقادر /ئەندازیار

* وتاری کۆمیتەی بالاَ ، لەلایەن سەرۆکی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان ئەندازیار (طیب جبار امین)ـەوە خویندرایەوە .

* خویندنەوەی راپۆرت و راسپاردەکانی لیژنەکە لەلایەن ئەندامی لیژنە ئەندازیار ( سەروەر علی سعید)ەوە.

* کردنەوەی دەرگای گفتوگۆ و گۆڕینەوەی راوبۆچوون بە زارەکی یان بە نوسین.


بەشێك لە ئامادەبوان

دوای ئەوەی زیاتر لە (٣٥) ئەندازیار و وەستای شارەزا راوبۆچونی خۆیان چ بە زارەکی بەبەرچاوی لیژنەکە و ئامادەبوانەوە دەربڕی ، یاخود لەرێگەی نوسینەوە پێشکەشی لیژنەکەیانکرد. لەگەڵ چەپڵە رێزانی ئامادەبواندا کۆتایی بە سیمینارەکە هات.

دوای تەواوبونی سیمینارەکە بە هەفتەیەك ، لیژنە دوا کۆبونەی خۆی بەست و هەموو گفتوگۆ و راوبۆچون و نوسینەکانی ئامادەبوانی بە هەند وەرگرت ، دەستکارییەکی کەمی داڕشتنەوەی راپۆرتەکە کرا و ژمارەی راسپاردەکان زیادکرا بۆ (٢٩) راسپاردە و بە نوسراوی ژمارە ( ٢٣١) رۆژی (١٣/ ٧ /٢٠٠٢) بەرزکرایەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ، هەموو دەزگا پەیوەندیدارەکان بەو بابەتە لە هەموو کوردستاندا. ( دەقی وتەی کۆمیتەی بالاَ لە لاپەرە " ٩ " بخوینەرەوە. دەقی راپۆرت و راسپاردەکان لە لاپەرە " ١١ " بخوێنەرەوە).

## وتاری کۆمیتەی باڵا بۆ سیمیناری

# (پیاچونەوە بە کەرەسەی بیناسازی لە هەرێمی کوردستاندا)



ئەندازیار / طیب جبار

بەڕێز کاک مەلا بەختیار /لێپرسراوی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان
بەڕێزان وەزیر و بریکاری وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم
بەڕێزان نوێنەرانی ڕێکخراوە پیشەیی و دیموکراتییەکان
بەڕێزان بەڵێندەران و وەستا شارەزاکانی شاری سلێمانی
میوانانی بەڕێز
ئەندازیارانی بەڕێز

بەناوی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستانەوە بەخێرهاتنێکی گەرمتان دەکەم و سوپاسی ئامادەبونتان دەکەم.

مایەی خۆشحاڵیمانە ئەمڕۆ لە سایەی حکومەتی خۆماندا کۆبوینەتەوە و بیر لە چارەسەری کێشە و دۆزینەوەی ڕێگای تر لە بوارەکانی زانستی ئەندازەدا بکەینەوە. هیوادارم ئەم هەنگاوەی ئێمە سەرەتایەك بێت بۆ دەرگاکردنەوە لای ڕێکخراوەکانی تریش بۆ ئەوەی کۆڕ و سیمینار بەستن لەسەر لایەنەکانی زانستی جۆراوجۆر ببەستین ، نەك هەر لایەنی فیکر و سیاسەت و ئەدەب و شیعر و چیرۆك و فۆلکلۆر.

ئێمە دوای کۆنگرەی دووەم چەند لیژنەیەکمان پێکهێنا بۆ لێکۆڵینەوە و دۆزینەوەی چارەسەری ئەو کێشانەی ئەمڕۆ لەبوارەکانی زانستی ئەندازەدا لە کوردستاندا هەن، چەند لیژنەیەکمان ئیشەکانی گەلاڵە بوە و ئەوانی تریش بەردەوامن لەکارەکانیاندا، وا ئەمڕۆ یەکەم سیمیناری (لیژنەی پیاچونەوە بەکەرەسەی بیناسازی لە کوردستاندا) دەبەستین.

لیژنەکە لە (٦) ئەندازیار پێکهاتبوو بە سەرۆکایەتی ئەندامی کۆمیتەی باڵا کاك(سەربەست عبدالکریم). ئەو لیژنەیە توانی چەندین کۆبونەوەی خۆیان ببەستن و لە کۆتاییدا گەلاڵەی ئەو ڕاپۆرتە و (١٩) پێشنیاریانکرد، پاشان لە مانگی (٥)دا بانگهێشتی (٢٠) ئەندازیاری شارەزای ئەو بوارەمانکرد و لە بارەگای یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان کۆبونەوەیەکی فراوانمانکرد و ماوەی (٣) سەعات زیاتر وتووێژێکی تێروتەسەل کرا دەربارەی ڕاپۆرت و پێشنیارەکان و لە کۆتاییدا ئەو ڕاپۆرت و پێشنیارانەی لێ گەلاڵە بوو کە ئێستا لەبەردەستاندایە.

ئەمڕۆ لە کوردستاندا پرۆسەیەکی ئاوەدانکردنەوەی فراوان هەیە چ حکومی یان ئەهلی ، یان ئەوەی کە لە ڕێگای ڕێکخراوەکانی( UN)ەوە بەپێی بڕیاری ٩٨٦ جێبەجێدەکرێن، ئێمە وەك یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان هەست بە ئاڵۆزی و پاشاگەردانی و نەبوونی لێکۆڵینەوە ئەکەین لەبواری بەکارهێنانی کەرەسەی بیناسازیدا، و لە ڕاپۆرتی لیژنەکەدا ئەو بابەتە زیاتر ڕوون دەبێتەوە. ئێستا هەموومان لێرە کۆبوینەتەوە بۆ ئەوەی چارەسەرێکی گونجاو بۆ ئەو کێشەیە دابنێن و ئەو شێوازە باوە بگۆڕین.

هیوادارم بە هەموو لایەکمان خزمەتی بواری زانست و ئەندازەی بیناسازی و ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکەمان بکەن، جارێکی تر بەخێربێن و سوپاستان دەکەم.

**یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان**
**کۆمیتەی باڵا**

ژمارە: ٢٣١
بەروار: ٢٠٠٢/٧/١٣

**بۆ/ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ ئەنجومەن**
**بابەت/ پیاچونەوە بە کەرەسەی بیناسازی لە هەرێمی کوردستان**

هاوپێچ لەگەڵ نوسراوماندا دەقی راپۆرت و پێشنیارەکانی سیمیناری (پیاچونەوە بە کەرەسەی بیناسازی لە هەرێمی کوردستاندا)تان بۆ دەنێرین کە لە لایەن یەکێتی ئەندازیارانی کوردستانەوە ئامادەکراوە و لە بەرواری (٢٠٠٢/٧/٣) سازدرا.
.تکامان وایە لە راپۆرت وپێشنیارەکان بکۆڵرێتەوە و کاری پێویست بکرێت بۆ ئەوەی لە لایەن خەڵك و دەزگاکانی حکومەت و رێکخراوەکانەوە بخرێنە بواری جێبەجێکردنەوە.

لەگەڵ رێزماندا...

**طيب جبار امين**
**سەرۆکی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان**

وێنەیەك بۆ /
-سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/نوسینگەی تایبەت/لەگەڵ رێزماندا.
-وەزارەتی................................................/لەگەڵ رێزماندا
-سەرۆکایەتی زانکۆی........................................./لەگەڵ رێزماندا
-کۆلیژی ئەندازیاری................................................/لەگەڵ رێزماندا
-دەستەی پەیمانگای تەکنیکی/لەگەڵ رێزماندا
-پەیمانگای تەکنیکی................................................/لەگەڵ رێزماندا
-تاقیگەی بیناسازی سلێمانی/لەگەڵ رێزماندا
-کۆمەڵەی جیۆلۆجی کوردستان/لەگەڵ رێزماندا
-سەندیکای تەکنیککارانی کوردستان/لەگەڵ رێزماندا
-یەکێتی گشتی سەندیکای کرێکارانی کوردستان/لەگەڵ رێزماندا
-یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان/لەگەڵ رێزماندا
-سەرۆك و ئەندامانی لیژنە......................................../لەگەڵ رێزماندا
-لقی ( سلێمانی، کەرکوك، هەولێر ، نوێنەرایەتی خانەقین )/ لەگەڵ رێزماندا
-فایلی گشتی

# راپۆرت و راسپاردەکانی

# سیمیناری (پیاچوونەوە بە کەرەسەی بیناسازی لە هەرێمی کوردستاندا)



ئەندازیار / سەروەر عەلی سەعید

کاتێ کـە مـرۆڤ شـوێنی نیشـتەنی خـۆی لـە ئەشـکەوت هێنایە دەرەوە و بیری لەوە کـردەوە کـە ئـەو کەرەسـانەی بـە خـاوی لـە سروشـتدا لەبەردەسـتیدان بـەکاریان بـهێنێ بـۆ دروستکردنی دالدەیەك و تیایدا بژی، بۆئەوەی لە دیاردەکانی سروشت (سەرما ، گەرما ، بەفر ، باران ، با ... هتد) ، هەروەها درندە و جانەوەر بیپارێزێت، ئەو کەرەسانەش خۆی لـە (گڵ ، بـەرد ،دار ، پـوش و پـەلاش... هتـد) دەنوانـد. لـە ئـەنجامی پەرەسـەندنی کۆمـەڵگاکانی مـرۆڤ و بەرزبونـەوەی رادەی تێگەیشـتنی و پەرەسـەندنی شـێوازی کـار و بژێـوی و پێویستیەکانی ، مرۆڤ توانی جگە لە بەکارهێنانی کەرەسە خاوەکـان، هـەندێك گۆڕانکـاری بەسـەر ئـەو کەرەسانەشـدا بهێنێت ، وەك دروستکردنی (قوڕ ، گەچ ، قسڵ ،خشتی کاڵ) هەروەها رێکخستنی بەرد و دار و قامیش) بەو شێوەیەی کە خۆی مەبەستیەتی بـۆ دروسـتکردنی دالدەیـەکی پتـەو تـر و ئارامتر.

لەگەڵ بەرەوپێشەوەچوونی کۆمەڵ لە قۆناغە جیاجیاکانی تەمـەنی مرۆڤایـەتیدا و پەرەسـەندنی لایـەنی عـەقڵی و زیادبوونی پێداویستییەکان و زیاتر هەوڵدانی مرۆڤ بۆ زاڵ بـوون بەسـەر سروشـت و دیاردەکـانی دا و هاتنـە کایـەوەی زانستی جۆراوجۆر کە رێگا خۆشکەربوون بۆ ئەوەی مـرۆڤ بتوانێ زیاتر گۆڕانکاری بەسـەر کەرەسـەخاوەکاندا بـهێنێ و توانی شتی باشتر و تۆکمەتر بهێنێتە بەرهەم بە تایبەتی لـە دوای بەرپابوونی شۆرشی پیشەسازی و سەدەکانی دواتردا، وەك (ئاسـن ، چیمـەنتۆ، خشـتی کـورە، داری خۆشـکراو، شوشە، پلاستیك ، ئەلەمنیۆم... هتد).

ئێستا لـە زۆربـەی وڵاتـاندا کەرەسـەی بـەکارهێنراو بـۆ بیناسازی بچوك و گەورە زۆر گۆڕانی بەسەردا هاتووە ، هەر میللەتە و بە پێی کەشوهەوای وڵاتەکەی و هەرزانی و ئاسانی بەرهەمهێنان کەرەسە سروشتییەکانیان بەکاردێنن .

بەرێزان

هەمووتان چاك دەزانن کە باو باپیرانی ئێمەش بەدەر نەبوون لەو گۆڕانکارییانەی بەسەر کۆمەڵگا و عەقڵی مرۆڤدا هاتووە و توانیویانـە ئیسـتیفادەی تـەواو بکـەن لـەو کەرەسـانەی لـە سروشتی کوردستاندا هەن بۆ دروستکردنی دالدە و خانوو و گونـد و شـارەکانی خۆیـان و پاراسـتنی خۆیـان لـە دیـاردە ترسناك و زیانبەخشەکانی سروشت لەو کەرەسانەش (گڵ ، بـەرد ، قوڕ ، گـەچ ، قسڵ، خشتی خـاو، خشـتی کـورە، دار ، قامیش، زەل، حەسیر... هتد). هـەروەها سـودیان لـە هـەندێ کەرەسـەی دروسـتکراوی گـەلانی دەوروبـەر وەرگرتـوە وەك (شوشە ، ئاوێنە، بۆیاخ... هتد).

بەرێزان

خۆتان ئاگادارن ماوەی ٤٠ ساڵێك زیاترە گۆڕانێکی تـەواو بەسـەر کەرەسـەی بیناسـازی و بـەکارهێنانی لەوڵاتەکـەماندا هاتووە ، و لەبەر ئەوەی لەو ماوەیەدا وڵاتەکەمان بە زروفێکی

نالەباردا تێپەڕیوە ، ئەتوانراوە لێکۆڵینەوەیەکی تەواو لەسەر ئەو کەرەستانە و چۆنیەتی بەکارهێنانیدا بکرێت کە لەگەڵ کەش و هەوای وڵاتەکەمان و تێچونی کەرەسەکان بگونجێت، بەتایبەت لە بواری بەکارهێنانی چیمەنتۆ و کۆنکریت . بێگومان ئێمە گەر بیر لە هەر گۆڕانکارییەك بکەینەوە پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەین:



تەحسین قادر / ئەندازیار

١-کەمکردنەوەی ماوەی بیناکردن.
٢-تێچوونی کەمتر.
٣-پتەوی و بەرگری زیاتر.
٤-بەردەوامی زیاتر.( Durability )
٥-تێچونی کەمتر لە کاتی چاککردنەوەدا (Low maintenance cost)
٦-نەشێواندنی ژینگە.
٧-لەبەرچاوگرتنی تەندروستی مرۆڤ و کۆمەڵ.

ئەمرۆ لە وڵاتەکەی ئێمەدا چیمەنتۆ و کۆنکریت بەشێکی زۆری کەرەسەی بیناسازی پێکدێنێت، بۆ نمونە ، ئەمرۆ هەر کەسێك گەر خانویەکی بچوکیش دروستبکات، مەوادەکانی بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

١-بن بناغە ، لە کۆنکریت دروستدەکرێت.
٢-بناغە، لە بلۆکی کۆنکریتی و مونەی چیمەنتۆ یاخۆد بەرد و مونەی چیمەنتۆ.
٣-دیوار ،لە بلۆکی کۆنکریتی و مونەی چیمەنتۆ یاخود بەرد و مونەی چیمەنتۆ.
٤-سەقف لە کۆنکریت و شیش.
٥-دیواری حەوشە و ستارەی سەربان ، لە بلۆك و مونەی چیمەنتۆ.
٦-لەبخ، بە مونەی چیمەنتۆ.
٧-نەتر ، بە مونەی چیمەنتۆ.

بەڕێزان

ئەوەی ئێمە وەك یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان تێبینیمانکردووە ، ئەمانە تەنها کەرەستە نین بۆ بنیاتنانی خانووبەرە ، بەڵکو کەرەسەی جێگرەوەی تریش هەیە کە ئەتوانرێت لەپاڵ ئەواندا بەکاربهێنرێت، ئەویش لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

١-تێچونی زۆرە.
٢-ماوەی بنیاتنانی دیواری بەرد و سەقفی کۆنکریتی شیشدار زۆرە.
٣-لەباری تەندروستیەوە باش نین چونکە بلۆك و کۆنکریت بۆ گواستنەی گەرما و سەرما بەربەستی تەواو نین.

بۆیە ئێمە پێمان باش بوو ئەم سیمینارە ساز بدەین بۆ ئەوەی بە هەمووومان ، بە گۆڕینەوەی هەموو بیروڕاکانمان بتوانین چارەسەرێك دا بنێین کە لەگەڵ کەش و هەوای



عومەر سەعید / وەستای شارەزا

وڵاتەکەمان و ئەمرۆی باری ئابوری خەڵك و حکومەتەکەماندا بگونجێت و بتوانین بیناسازییەکی هاوچەرخ و هەرزان و دروست بهێنینە ئاراوە .

بۆ ئەم مەبەستەش ئێمە ئەم پێشنیارانە دەخەینە بەردەم بەڕێزتان:

١-دامەزراندنی سەنتەری لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ئەندازەیی ( مركز الدراسات و البحوث الهندسية).

٢-دامەزراندنی سەنتەری دیزاین و راوێژی ئەندازەیی ( مركز التصاميم و الاستشارات الهندسية).

٣-هەوڵدان بۆ هێنانە کایەوەی کۆدێکی خۆماڵی تایبەت بە بیناسازی و ئاوەدانکردنەوە کە تیایدا تایبەتمەندییەکانی کوردستانی تیا رەچاوکرابێت و ببێت بە سەرچاوەیەکی تەکنیکی و یاسایی بۆ هەموو ئەو پەیمانانەی گرێدەدرێن، لەم ئەرکەدا داوا لە پسپۆرانی زمانەوانیش بکرێت بۆ دارشتنی واژە و رستەی گونجاو لە بواری بیناسازی و کارە ئەندازەییەکاندا.

٤-هێنانی کارگەی خشت بە جۆرە جیاوازەکانییەوە و هەروەها هێنانی کارگەی ثرمستون.



ئەنوەر حەمزە / ئەندازیار

٥-پێشنیار دەکەین لەمەو دوا هیچ زەوییەك تەرخان نەکرێت بۆ دامەزراندنی کارگەی بلۆك، لەبەر ئەوەی کارگەی بلۆك لە وڵاتەکەماندا زۆرە و کارگەی خشت و ثرمستون زۆر کەمە.



محەمەد رەشید نوری / ئەندازیار

٦- شارەوانی و دەزگاکانی حکومەت هەوڵبدەن تا مەرج دابنێن بۆ بنیاتنانی خانووبەرە گشتییەکان بە خشت، تەنانەت شارەوانی دەتوانێت لە داهاتوویەکی نزیکدا مۆڵەتدان بۆ خانووبەرە ببەستێتەوە بەم مەرجەوە.

٧- پێویستە شارەوانی مۆڵەت نەدات بەو بینا و خانوانەی کە نەخشە و تفاصیلی تەواویان بۆ نەکێشرابێت بە تایبەتی مقطع و دیزاینی ئەساسەکان و هەروەها ستەرەکچەری بیناکە لە رێگای یەکێتی ئەندازیارانی کوردستانەوە.

٨-لە قۆناغی ئێستادا هەوڵبدرێت ئەو بینایانەی بە پێی بەرنامەی (٩٨٦) جێبەجێدەکرێت، دیوارەکانی بە خشت یا ثرمستون یا بەرد دروستبکرێت.

٩-مۆڵەتی دامەزراندنی بەردشکێن(کسارە) زیادبکرێت تا بتوانرێت چەو و لمی شکستە بەرهەمبهێنرێت و برەو بە بەکارهێنانی بدرێت لە کۆنکرێتدا و ئەسفەلت دا. چونکە هەروەك دەزانن بەردەوامبوون لەسەر دەرهێنانی چەو و لم لە روبارەکان دەبێتە هۆی نەمانی و تێکدانی ژینگە. ئەمە سەرەرای ئەوەی کۆنکرێتی بەدەستهاتوو لە چەوی شکستە بەرگرییەکی فشاری زیاتری هەیە.

١٠- دامەزراندنی کارگەی بەرهەمهێنانی پارچەی کۆنکرێتی (Precast)بۆ کارە جیاوازەکانی بیناسازی پرد و قناطر و سیاج .

١١-دامەزراندنی کارگەی کۆنکرێتی ئامادەکراو لە (خەباتەی مەرکەزی)یەوە بۆ باشترکردنی جۆری کۆنکریت.

١٢-دامەزراندنی یەکەیەکی کۆنترۆڵی جۆریی مەوادەکانی بیناسازی و بە تایبەتی ئەوانەی کە لەدەرەوەی ولاتەوە دەهێنرێن (السیطرة النوعیة).




١٣-بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی کەرەسەی بیناسازی تەجریبی لەلایەن دەزگاکانی حکومەتەوە.

١٤-پێویستە میکانیزمێك لە لایەن حکومەتەوە دابنرێت بۆ کۆنترۆڵکردنی جۆری بیناکردنی ئەهلی و حکومی لە لایەن حکومەت و یەکێتی ئەندازیاران و رێکخراوەکانەوە.

١٥-هەوڵبدرێت لە دەزگاکانی راگەیاندندا رێنمایی هاولاتیان بکرێت بۆ گۆڕینی جۆری کەرەسەی بیناسازی بە پێی کەشوهەوای کوردستان و ناوچەکانی.

١٦-هەوڵبدرێت بەکارهێنانی بلۆکی کۆنکرێتی کەمبکرێتەوە و زیاتر بۆ سیاج و ستارە و قواطع بەکاربهێنرێت، چونکە بەکارهێنانی بلۆك جگە لە بەرکاربردنی زۆری چیمەنتۆ، کەموکوڕی تریشی هەیە وەك:

* خراپی عزل حراری.
* زۆر هەڵمژینی ئاو و شێداری بلۆك.
* زۆری جۆری درز لە بینای بلۆکدا.

١٧-کارکردن بۆ ئەنجامدانی سیستەمی جۆراوجۆری سەقف نەك تەنها (Solid Slab)، وەك بەکارهێنانی سەقفی شێلمان و خشت یا بەکارهێنانی سیستەمی سەقفی (Hollow Slab) یان سیستەمی جۆراوجۆری تر.

١٨-هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی برگەی نەتر بۆ واجیهاتی بینا و بەکارهێنانی مەوادی جۆراوجۆری تر بۆ داپۆشینی دەرەوەی بیناکان وەك خشتی دیکۆر، جۆرەها بەردی ناوچەکانی خۆمان کە لە دیکۆر و پتەوی و رێکیدا بێوێنەن، هەروەها بەکارهێنانی ماربلێکس و کنیتێکس و لەبخی مۆزاییکی ئاوێتە بە وردە بەردی مەرمەڕ و هەروەها بۆیەش.

١٩-گێڕانەوەی بەردی مەڵکەندی ، کانەبەردەکانی دەباشان بۆ کاروانی ئاوەدانکردنەوە بە تایبەتی بۆ دیوارسازی.

٢٠-هەوڵبدرێت لەمەودوا شۆستە و ڕاڕەوی پارکەکان و گۆڕەپانەکان بە بیهاتون یا شتایگەر یا خشتی تایبەتی یا تەختەبەرد فەرش بکرێن.

٢١-بەکارهێنانی مونەی جۆراوجۆریتر لە جیاتی چیمەنتۆ بە تایبەتی دیوارسازی وەك مونەی قسڵ و لم و چیمەنتۆ یان قسڵ و گڵ یان گەچ و لم (ئەمەی دواییان بۆ ئەو شوێنانەی دوورن لە گەیشتن بە ئاو و شێ)

٢٢-سەقفی کۆنکریتی بەکەرەستەی (عازل) داپۆشرێت.

٢٣-هەوڵبدرێت ناوچە گەشتیارییەکان بە کابینە دروستبکرێن.

٢٤-هەوڵبدرێت تێکەڵەی کۆنکرێت (خبطة کونکریت) دیزاین بکرێت و هەروەها ئەسفەلتیش.

٢٥-هاندانی خەڵك بۆ بیناکردنی خانوی گوندەکان بە خشتی کاڵ یا خشتی کورە یا بەرد لە جیاتی بەکارهێنانی بلۆك.

٢٦-هاندانی خەڵك و رێکخراوەکان بۆ دروستکردنی بینا بە شێوەی (Cavity Wall).

٢٧- بەکارهێنانی جۆری باشی بۆری پلاستیکی بۆ دامەزراوەی ئاوی پاك. هەروەها مەقاتعی دەبڵ گلاس بۆ پەنجەرە.

٢٨-بەکارهێنانی تەکنیکی نوێ بۆ دەرهێنانی بەردی مەرمەڕ لە کانە بەردەکان.

٢٩-پێویستە کۆلیژی ئەندازیاری زانکۆکانی کوردستان پەیمانگا تەکنیکییەکان بابەتی خوێندن و لێکۆڵینەوە لەسەر مەوادی خۆماڵی و چۆنیەتی دەرهێنان و بەکارهێنانی هەروەها خوێندنی بیناکاری و بیناسازی کۆنی کوردستان بخەنە مەنهەجی خوێندنەوە.

سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
نووسینگەی تایبەت

ژمارە: ٧/١٠/٢١٦٤
ڕۆژ: ٢٢/ ٧/ ٢٠٠٢ ز
بەرامبەر: ٣١/ ٤/ ٢٧٠٢ ك

**بۆ/ سەرۆكایەتی زانكۆی سلێمانی/ نووسینگەی سەرۆك**

**ب / پیاچوونەوە بەكەرستەی بیناسازی لە هەرێمی كوردستان**

هاوپێچ لەگەڵ نووسراوماندا دەقی نووسراوی یەكێتی ئەندازیارانی كوردستان/ كۆمیتەی باڵا ژمارە (٢٣١) لە ٢٠٠٢/٧/١٣ و هاوپێچی دەقـی ڕاپـۆرتو پێشـنیارەكانی سـیمیناری (پیاچوونـەوە بەكەرسـتەی بیناسـازی لـە هـەرێمی كوردسـتاندا) كەلەلایـەن یـەكێتی ئەندازیارانی كوردستانەوە ئامادەكراوە دەنێرین بۆتان .

داواكارین كەڕاپۆرتو پێشنیارەكان لەلایەن لیژنەیەكی تایبەتمەندەوە لێی بكۆڵرێتەوەو ئاگاداربكرێینەوە .

لەگەڵ ڕێزدا .

**پرۆفیسۆر دكتۆر جلال شفیق**
**وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

**هاوپێچ :**
دەقی نووسراوو هاوپێچەكانی .

**وێنەیەك بۆ :**
- نووسینگەی تایبەت .
- یەكێتی ئەندازیارانی كوردستان/ كۆمیتەی باڵا/ ئاماژە بەنووسراوی سەرەوەتان ، لەگەڵ ڕێزدا .
- بەشی ئاماروبەدواچوون .
- دۆسیەی نووسراوی دەرچوو/ لەگەڵ سەرەتاكان .
- دۆسیەی خولاو .

هەردەوان
Tai/7 134

## یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان
## کۆمیتەی باڵا

ژمارە:
بەروار:

بۆ بەڕێز/..................................................

بابەت/ کۆڕ

سڵاوی زانست

یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان/ کۆمیتەی باڵا، کۆڕێك بۆ ئەندازیار (طیب جبار) بە ناونیشانی (**چەند سەرنجێکی ئەندازەیی لەسەر ئیش و کارەکانی سەرۆکایەتی شارەوانی و بەڕێوەبەرێتی هاتو چۆی سلێمانی**)دەبەستێت، رۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی (٢٠٠٢/٧/١٧) سەعات (٥:٣٠) ئێوارە لە هۆڵی سلێمانی/سەنتەری گەنجان.

هاتنتان مایەی خۆشحاڵیمانە.

لەگەڵ ڕێزدا.

**یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان**
**کۆمیتەی باڵا**
٢٠٠٢/٧/١٢

---

## یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان
## کۆمیتەی باڵا

ژمارە:
بەروار:

بۆ بەڕێز/..................................................

بابەت/ کۆڕ

سڵاوی زانست

یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان/ کۆمیتەی باڵا، بەشی دووەمی کۆڕی ئەندازیار (طیب جبار) بە ناونیشانی (**چەند سەرنجێکی ئەندازەیی لەسەر ئیش و کارەکانی سەرۆکایەتی شارەوانی و بەڕێوەبەرێتی هاتو چۆی سلێمانی**)دەبەستێت، رۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی (٢٠٠٢/٧/٢٤) سەعات (٥:٣٠) ئێوارە لە هۆڵی سلێمانی/سەنتەری گەنجان.

هاتنتان مایەی خۆشحاڵیمانە.

لەگەڵ ڕێزدا.

**یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان**
**کۆمیتەی باڵا**
٢٠٠٢/٧/٢٠

# کۆڕی ئەندازیار

# تەیب جەبار ئەمین

## چەند سەرنجێکی ئەندازەیی

## لەسەر ئیشوکاری سەرۆکایەتی شارەوانی و بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی




یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان بە مەبەستی جێبەجێکردنی بریار و راسپاردەکانی کۆنگرەی دووەمی خۆی و هەوڵدان بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی لە هوشیارکردنەوەی ئەندازیاران و کۆکردنەوەی توانا و وزەیان و پشتگیریکردنی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم و پێشکەشکردنی پێشنیار و رەخنە بە مەبەستی نەهێشتنی هەڵە و کەموکوڕی و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنیان و هاندانی ئەندازیاران بۆ داهێنانی نوێ لەسەرجەم بوارە ئەندازەییەکاندا، بۆ هێنانە دی هەموو ئەم مەبەستانە، دەستیکردوە بە زنجیرە چالاکییەك، لەوانە، سازدانی زنجیرەیەك کۆڕ و سیمینار. لەبەرواری (٢٠٠٢/٧/١٧) سەعات (٥:٣٠) دەقەی ئێوارە لە هۆڵی سلێمانی /سەنتەری گەنجان ئێوارە کۆڕێکی بۆ ئەندازیار (تەیب جەبار ئەمین) /سەرۆکی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان سازدا ، لە ژێر ناونیشانی (چەند سەرنجێکی ئەندازەیی لەسەر ئیشوکاری سەرۆکایەتی شارەوانی و بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی).

کۆڕەکە بە ئامادەبوونی بەڕێز (جمیل خدر) وەزیری کاروباری ئەنجومەنی وەزیران ،و بەڕێز (سەعدی دزەیی) وەزیری ئەشغال و ئاوەدانکردنەوە ، و بەڕێز (فاتح عبداللە) وەزیری شارەوانی گەشتوگوزار، و بەڕێز (ئەحمەد موسی) جێگری وەزارەتی ناوخۆ و بەڕێز (ئاسۆ شێخ نوری ) پارێزگاری سلێمانی و بەڕێز راگری کۆلیژی ئەندازیاری و ژمارەیەك لە ماموستایانی کۆلێژی ئەندازیاری و ژمارەیەك لە ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی و بەڕێزان بەڕێوەبەری گشتی و بەڕێوەبەری پۆلیس و پۆلیسیهاتوچۆ و ژمارەیەك لە ئەفسەران و کارمەندانی دەزگاکانی وەزارەتی ناوخۆ و ژمارەیەك لە ئەندازیاران و لێپرسراوانی بەشەکانی سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی و نوسەران و هونەرمەندان و یاساناسان و خاوەن کۆمپانیا و بەڵێندەران و نوێنەرانی رێکخراوە پیشەیی و دیموکراتییەکان و ژمارەیەکی زۆر لە ئەندازیاران بەڕێوەچوو.

سەرەتای کۆڕەکە بە بەخێرهاتنی ئامادەبووان و دەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی رێگای رزگاری کورد و کوردستان و ئەندازیارە شەهیدەکان دەستی پێکرد. پاشان ئەندازیار (تەیب جەبار) دەستیکرد بە پێشکەشکردنی بابەتەکەی کە لە (٢٨) برگەی هەمە جۆر پێکهاتبوو بە کورتی دەربارەی کەموکوڕی و سەرنجەکانی لەسەر ئیشوکارە ئەندازەییەکان و شەقام و شۆستە و قیرتاو و فولکە و تەقاتوعات و پارك و ئیشاراتی مرور و قەرەبالغی ناوشار و خەت و پارکی پاس و باخچە .................هتد. هەروەها ناولێنانی گەڕەك و شەقام و جادە و کۆڵان و لە

کۆتاییشـدا کۆمەڵێك پێشـنیاری بـەجێ و گونجـاوی پێشکەشکرد کە لە داهاتوودا جێبەجێبکرێت.

بـەهۆی درێژەکێشـانی پێشکەشـکردنی بابەتەکـە و



درەنگبوونی کات بۆ سەعات (٩:٣٠) شەو ، و تەواونەبوونی برگەکان و داوای زۆری ئامادەبووان بۆ گفتوگۆ و ڕادەربڕین. لەلایـەن ئامادەبووانـەوە پێشـنیار کـرا کـە کۆڕەکـە درێـژەی هەبێت بۆ چوارشەممەی داهاتوو لەهەمان کات و شوێندا. بەم شێوەیە کۆڕەکە کۆتایی پێهات و ماوەی (٤) سەعاتی خایاند.



ڕۆژی چوارشـەممە بـەرواری (٢٠٠٢/٧/٢٤) سـەعات (٥:٣٠) ئێوارە بە ئامادەبوونی هـەڤاڵ (فـەرەیدون عبدالقـادر) وەزیری ناوخۆ و خاتوو (هێرۆ ئیبراهیم احمد) و هـەڤاڵ (مەلا بەختیار) لێپرسراوی مەکتەبی ڕێکخـراوە دیموکراتییـەکان و بەڕێز (فاتح عبدالله) وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار و بەڕێز (سەعدی دزەیی) وەزیری ئەشغال و ئاوەدانکردنەوە و بەڕێز ( بایز تاڵەبانی) سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی و بـەڕێزان جێگـری وەزارەتـەکان و ڕاگـری کۆلیـژی هونـەر وسـەرۆکی دەستەی پەیمانگا تەکنیکییەکان و ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرس و بەڕێوەبـەری دەزگاکـانی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان و ژمارەیـەك لـە ئـەندامانی ئەنجومـەن و سـەرۆك بـەش و ئەندازیارانی شارەوانی و بەڕێوەبەر و ئەفسەر و کارمـەندانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پۆلیس و پۆلیسی هاتوچۆی سلێمانی و مامۆستایانی کۆلیژی ئەندازیاری و نوسەران و هونەرمەندان و یاساناسان و کاسبکاران و بەڵێندەران و نوێنەری ڕێکخراوە پیشەیی و دیموکراتییەکان و ژمارەیەکی زۆر لە ئەندازیاران، بەشی دووەمی کۆڕەکە بەڕێوەچوو. دوای بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەکان ، جارێکی تر بەڕێز ئەندازیار ( تەیب جەبار ئەمین) هەندێك برگە و بابەتی تری پێشکەشکرد ، لەوانە ( قەبرستان، مدخل، پەیکەر) کە لە هەفتـەی پێشوو نەتوانرا باس بکرێت. دواتـر دەرگـای گفتوگـۆ و پرسـیار و پێشـنیار کرایـەوە بـۆ ئامـادەبووان و لـە کەشـوهەوایەکی ئـازاد و سەربەسـتانەدا زۆربـەی ئامـادەبووان هاوبەشـیانکرد لـە دەوڵەمـەندکردنی کۆڕەکە و گەڵێك پێشنیاری بەکەڵك و بەسوود پێشکەشکران.

بـەم شـێوەیە کۆڕەکـە تـا کـاتژمێر (٩:٣٠) شـەو درێـژەی کێشا و لەبـەر کـەمی کـات بـوار نـەبوو هـەندێك لـە ئامادەبووان بەشداری گفتوگۆکـان بکـەن و زۆربـەی ئەوانـەی بەشـداری گفتوگۆکانیـانکرد دەستخۆشـیان لـە یـەکێتی ئـەندازیارانی کوردسـتان کـرد بـۆ ئـەو هـەوڵ چالاکییـەیان و هیوای بەردەوامبوونیان بۆ خواست.

جێگـای ئامـاژە پێکردنـە هـەردوو بەشـی کۆڕەکـە لەلایـەن ئـەندازیار (ئـەوزاد عوسمـان)ـەوە بەسـەرکەوتویی بەڕێوەبرا و جێگەی ڕەزامەندی هەمووان بوو.

# چەند سەرنجێکی ئەندازەیی لەسەر ئیشوکارەکانی سەرۆکایەتی شارەوانی و بەڕێوەبەرێتی هات و چۆی سلێمانی



**١-نیش وکار**

(کمیە ، نوعیە ، ئەندازیار و وردەکاری)

**٢- جادە**

( پلان ، پرۆفایل، کرۆس سیکشن، جادەی کۆن، جادەی نوێ، درێژی جادەکان)

**٣- قیرتاو**

( صیانەی قیرتاو ، قیرتاوی تازە، پڕبونەوەی جادەی مەولەوی و جادەی دورالامن).

**٤- شۆستە**

( پانی ، بەرزی ، سلۆپ ، بەرزی و نزمی، قالدرمە ، رەمپا ، بەردەم شارەوانی، عەمودی کارەبا، بەردەم عەمارەکان، عەمارە نوێیەکانی جادەی سالم ، خەڵك و بەرزی بیناکەی و بەرزکردنەوەی شۆستە، چارەسەر لەناو بیناکەدا بکرێت )



فەرەیدون عبدالقادر /وەزیری ناوخۆ



دلێر صدیق /ئەندازیار



هەڵکەوت عبداللە / نوسەر

### ٥- كێربستۆن

( مواصەفات ، بەرزی ، استقامە، دەرگای سەیارە، مەفرەقی سلێمانی تازە لای قازی محمد)..

### ٦- پێچکردنەوە

یوتێرن ، تەپپەر

### ٧-شاری دانیری

( باخچەکانی پردی حاجیاوا، بەرزی پرد، مەفرەقی زێرینۆك ،خۆڵی ناو جەزرەی وەسەتی، كێربستۆن، استقامە و لێڤڵ، رەمپ لای پردی دەباشان، لوپ و مخالەفە، پارکی مەفرەق سەرچنار، گوڵ بۆ ناو لوپەکە، جادەی خەدەمی)

### ٨-جادەی دورالامن

( جەزرە ، استفادەکەی ، تەپەتەپ ، پەڕینەوەی ئاو، یوتێرن، مەفرەقی ئەمسەر و ئەوسەر، فولکەی دورالامن، عەلامەتی مروری ).

### ٩-جادەی چوارباخ

( سەنتەری مەجاری ، سەنتەری قیر، کرۆس سێکشن ، باراناو، پلان و پرۆفایل، تەسقیتی قەوس ، لایتی سەیارە، سایت دیستەنس ، رەبتی ئەوسەر)


ئەکرەم محمد / نوسەر


قادر میرخان / هونەرمەند


مەهاباد خان / ئەندازیار

### ١٠-فولکە

( کاوە ، دەستارەکە، دەستەکە، شاری یاری ، نالی ، کارگەی چیمەنتۆ، قازی محمد، مزگەوتی گەورە ، بەراوردی سەرا و کاوە، ناسنامەی فولکە و تەقاتوع ).

### ١١-تەقاتوعات

( ابراهیم احمد + ٣٠ مەتری، دورالامن+ کارێزەوشك، رەمپی تەقاگع ، کارێزەوشك + ٦٠ مەتری، تراییەکە + ١٠٠ مەتری، بەختیاری + ٦٠ مەتری ، دەباشان).

### ١٢-عەلاماتی مروری

( چۆنیەتی دانانی ، عەلاماتی وەستان، عەلاماتی تەفەروع ، بۆ ئاسمان(مزگەوتی گەورە-دەباشان-سەرچنار)، جۆری خەت، نەوعی نوسین، بەرزی، وەستانی کاتی، خواحافیز - بەخێربێن ، شیڤرۆن، ٤٠ کیلۆمەتر)

### ١٣-پارکی سەیارات

( پارکی ژێر عەمارەکان ، حەریق، دوو دەرگا، لێژایی، تاسە، ئاودەستی ژن و پیاو، دیوارەکان)

### ١٤-حەرەکەی پاص

(مەوقفی پاص، فولکەی کاوە، فولکەی دەستەکە، فولکەی تراییەکە، مەوقی پاص لە جادەی سالم )



حه مه ئازاد تەها/ ئەندازیار



ئازاد قەساب/ ئەندازیار



تەها فاتح/ ئەندازیار

**١٥-قەرەبالغی**

( خەتی پاصەکان، پانی جادەکان، سورعەتی سەیارە، جوملەفرۆش، ڕێکخستنی وەستانی عەرەبانە، ساحە بۆ عەرەبانە، ڕێکخستنی فولکەکان، ترافیك لایت).

**١٦-حەدیقە**

( لێژایی، قەدەمات، سیاج و دەرگا، نوقتەی ئاو، مەساحەی سەوزایی،جۆری درەخت، کوشك ( جەریدە و ساردی و بسکیت) ، لای قازی محمد ، بەرامبەر سکرتارییەت).

**١٧-خەستەخانە**

( ولادە، تەعلیمی، بینای تازە، بەرد و کۆنکریت، سەوزایی، سیاج) + تربیە + صناعە

**١٨-مدخل**

( مدخلی شار، بەنزینخانە، جادە، یەك ساید و دوو ساید، بینای جوان، داڵەکە، مدخلی شاری یاری، مدخلی سلێمانی پالاس، مدخلی پارکی ئازادی)

**١٩-پارکی ئازادی**

( سەوزایی ، قەدەمات، جادە، غابات ، شاری یاری ، کێربستۆن، دەرگا)

**٢٠-قەبرستان**

( سەیوان، شیخ محی الدین، گردی جۆگە، شیخ احمدی هیندی، قەبرستانی تازە).

**٢١-بینا**

(مەنسوبی بینا، مەساحەی ئەرز، ئیفرازی ئەرز ، جادەی تازە)

**٢٢-نەمام و درەخت**

( ناو جەزرەی وەسەتی، سەر شۆستە، دەرەوەی موحەرەمات، جۆری درەخت (ژاڵە، فەزای بینین)

**٢٣-ناوی جادە و گەڕەك**

( شەقام ، جادە ،کۆڵان، گەورەیی و بچووکی، دور الامن، برایم و حەسەن العانی و قەلا)

**٢٤-پەیکەر**

(حجم ، فەزا ، تایبەتێتی، موقع)

**٢٥-بینای شارەوانی**

(بەرامبەر مزگەوتی گەورە، بەر بەلەدێکە، بەلەدێ ی زانکۆ، بەلەدێی ئاسایش)

**٢٦-ڕاگەیاندن**

(ئەرك ، چالاکی ، گۆڕان)




**٢٧- متفرقه**

( خەتی ئاو و مجاری و مەنسوب، مەنسوب و پلان، جادەی چوارتای کۆن ، یانەی پزیشکان لە گەڕەکی ئەندازیاران، جادەی بەردەم نەخۆشخانەی چوارباخی ئەهلی، ناوی توی‌مەلیك و هەوارەبەرزە)

**٢٨-اقتراحات**

( جادەی نمونەیی ، شۆستەی نمونەیی، فولکەی نمونەیی، تقاطعی نمونەیی، دەفتەر نفوس، دەرەوەی شەستی و ناوەوەی شەستی)

# دەنگدانەوەی سیمینار وكۆڕ لە دەزگاكانی راگەیاندندا

دوای بەستنی ئەو سیمینار و كۆڕە دەنگدانەوەیەكی باشی هەبوو لە ناو جەماوەردا بەگشتی و ئەندازیاران بە تایبەتی دەست خۆشیان لە یەكێتی ی ئەندازیارانی كوردستان كرد بۆ ئەو چالاكیانەو داوای بەردەوام بونیان ئەخواست .هەروەها دەنگدانەوەیەكی باشی هەبوو لە زۆربەی دەزگاكانی راگەیاندندا لە شاری سلێمانی . وا لە خوارەوە سەردێری ئەو دەنگدانەوەیەتان پێشكەش دەكەین :

كەلەلایەن بەڕێز (باسط حەمە غەریب ) ەوە دەنوسرێت ، هەڵسەنگاندنێكی ئیجابی سیمینارەكەی كردووەو داوا دەكات رێكخراوەكانی تریش چاو لە یەكێتی ی ئەندازیارانی كوردستان بكەن .

- رۆژنامەی (الاتحاد) ژمارە ٤٨١ رۆژی ٢٠٠٢/٧/١٢ هەواڵی سیمینارەكەی بلاوكردۆتەوە .
- رۆژنامەی (كوردستانی نوێ) ژمارە ٢٨٠٨ رۆژی ٢٠٠٢/٧/١٥ هەواڵی سازدانی كۆڕەكەی بلاوكردۆتەوە



یەكێتی ئەندازیاران و

## پێداچوونەوە بەكەرەستەی بیناسازی لەهەرێمی كوردستاندا

## دواستوون

### ئەندازیارێك كەموكورتییە هونەرییەكان دەخاتەڕوو

لەم ماوەیەی دواییدا، یەكێتیی ئەندازیارانی كوردستان، وەك جێبەجێكردنی بەشێك لەبەرنامەی پیشەیی خۆی و بەدیهێنانی ...

دەكرێ شارەوانیی سلێمانی و بەڕێوبەرێتیی هاتوچۆ بەهەنگی قرارانەوە، ئەو هەڵسەنگاندنە هونەرییانەی كاك تەیب یان هەر كەسێكی دیكە وەربگرن و بەدیالۆگی هەموورەی گفتوگۆیان بكەن، تا بەهەموو لایەك تەلاری داهاتووی ئەم شارەو كوردستان جوانترو رێكوپێكتر بەرز بكەینەوەو خونی زانستخوازانی وەك كاك تەیب و هاوكارەكانیشی بێتەدی، هەروەها دەكرێ خشارەی باسەكە بیروراو رەخنەكان لەرۆژنامەیەكی وەك (كوردستانی نوێ)دا بخاتە بەرچاوی هەموران، تا بەشێنگیری یان وەلامدانەوە قسەیان لەسەر بكرێت. سوپاس بۆ یەكێتیی ئەندازیاران و ئەو هەموو (سەراحەت)ەی هاوڕێی بەڕێز تەیب جبار تەمین، كەدڵنیام لای زۆربەمان گەر تەڵێین هەموو پەسەندو بەجێ و بەسوود بوون.

ياسين قادر بەرزنجی

- كەناڵەكانی تەلەفزیۆن لە شاری سلێمانی بە ئیجابییەوە هەواڵی سیمینارو كۆڕەكەیان بلاوكردەوە بە تایبەت كەناڵی تەلەفزیۆنی ( كوردسات ، ئازادی ، گەلی كوردستان ، خاك ) وەبەیەكەم سیمینارو كۆڕی بابەتی زانستییان لەقەڵەمدا لە كوردستاندا .
- رۆژنامەی ( كوردستانی نوێ ) ژمارە ٢٨٠٠ رۆژی ٢٠٠٢/٧/٦ هەواڵی بەستنی سیمینارەكەی بلاوكردەوە لەگەڵ لێدوانێكی كورتی بەڕێز سەرۆكی یەكێتی ی ئەندازیارانی كوردستان .
- گۆڤاری (خاك) ژمارە ٦١ رۆژی ٢٠٠٢/٧/١٠ لە گۆشەی (هەنگاو)

- رۆژنامەی (هەواڵ) ژمارە ٢٥ رۆژی ٢٠٠٢/٧/١٦ هەواڵی بەستن و بەڕێوەچونی سیمینارەكەی بلاوكردۆتەوە، بە ناونیشانی (بارێكخراوەكانی تریش چاو لە یەكێتی ئەندازیارانی ی كوردستان بكەن ) .
- رۆژنامەی (الاتحاد) ژمارە ٤٨٢ رۆژی ٢٠٠٢/٧/١٩ رێپۆرتاژێكی لەسەر سیمینارەكە بلاوكردۆتەوەو چاوپێكەوتنی لەگەڵ هەشت ئەندازیاری بەشداربوی سیمینارەكە كردوە .
- رۆژنامەی (سلێمانی نوێ) ژمارە ٣٢ رۆژی ٢٠٠٢/٧/٢١ هەواڵی بەستن و

بەڕێوەچونی بەشی یەکەمی کۆڕەکەی بڵاوکردۆتەوە .

• ڕۆژنامەی ( کوردستانی نوێ) ژمارە ٢٨١٢ ڕۆژی ٢٠٠٢/٧/٢٠ هەواڵی بەستن و بەڕێوەچونی کۆڕەکەی بڵاوکردۆتەوە .

• ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ژمارە ٢٨١٣ ڕۆژی ٢٠٠٢/٧/٢١ هەواڵی درێژەی کۆڕەکەو سازدانی بەشی دوەمی بڵاوکردۆتەوە .

• ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ ) ژمارە ٢٨١٤ ڕۆژی ٢٠٠٢/٧/٢٢ بەقەڵەمی بەڕێز ( یاسین بەرزنجی ) لە دوا ستونی لاپەڕەی دواییدا نوسینێکی ئیجابی لەسەر کۆڕەکە بڵاوکردۆتەوە بەناونیشانی (ئەندازیارێك کەم و کورتیە هونەریەکان دەخاتە ڕوو) .

• لە پاشکۆی (ئەدەب و هونەر) ی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ژمارە ٢٨١٧ ڕۆژی ٢٠٠٢/٧/٢٥ بەڕێز (عبداللە تاهیر بەرزنجی) وتارێکی ئەدەبی بە پێزی لەسەر کۆڕەکە بڵاوکردۆتەوە بە ناونیشانی (شار وەك دەقێك / خوێندنەوەی ئەندازیار تەیب جەبار ئەمین / سەرنجی ئەدیبێك ) .

• ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ژمارە ٢٨٢٣ ڕۆژی ٢٠٠٢/٨/١ وتارێکی ئیجابی لەسەر کۆڕەکە بڵاوکردۆتەوە لە نوسینی بەڕێز مافناس (مەحمود


ئاوردانەوەیەکی ئەندازەیی بەمەبەستی جوانترکردنی سلێمانی

مافناس: محمود قەرەداغی

قەرەداخی) بەناونیشانی (ئاوردانەوەیەکی ئەندازەیی بەمەبەستی جوانترکردنی سلێمانی ) .

• ڕۆژنامەی (الاتحاد) ژمارە ٤٨٤ ڕۆژی ٢٠٠٢/٨/٢ هەواڵی بەستن و بەڕێوەچونی بەشی دوەمی کۆڕەکەی بڵاوکردۆتەوە .


المنظمات الديموقراطية

NO (484) Friday 2/8/2002

أعمال بلدية السليمانية ومديرية المرور في ندوة

• رادیۆی ( ئازادی ) ڕۆژی ٢٠٠٢/٨/٤ گفتوگۆیەکی ڕاستەخۆی (یەك سەعاتی)لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستاندا سازدا سەبارەت بە سیمینارو کۆڕەکەو چەندین بابەتی ئەندازەیی تر و چەندین هاوڵاتی ڕاستەوخۆ پرسیارو موداخەلەیان کرد .

• ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ژمارە ٢٨٢٨ ڕۆژی ٢٠٠٢/٨/٧ گفتوگۆیەکی (یەك لاپەڕەیی) لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستاندا سازدا سەبارەت بەسیمینارەکە بە ناونیشانی (یەکێتی ئەندازیاران و پیاچوونەوە بەکەرەسەی بیناسازی لەهەرێمی کوردستاندا .


8 ئەدەب و هونەر

شار وەکو دەقێك

خوێندنەوەی ئەندازیار تەیب جەبار ئەمین

سەرنجی ئەدیبێك

# چاوپێکەوتن



## ئەندازیار
## سالار جەلال سەعید

لە چاوپێکەوتنی ئەم جارەی گۆڤارەکەماندا لەگەڵ یەکێ لە ئەندازیارە بەتەمەن و خاوەن ئەزموونەکاندا ، ئەندازیار سالار جەلال سەعید بەم شێوەیە بۆمان دوا :

ناوم "سالار جەلال سەعید" ە لەرۆژی ١٩٤٣/٦/١٣ لەشاری سلێمانی / گەڕەکی مەڵکەندی/حاجی حان لەدایك بووم.

خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیم لەساڵی ١٩٦٢ لەسلێمانی تەواوکردووەو کۆلیژی ئەندازیاری بەشی شارستانی لەزانکۆی بەغدا لەساڵی ١٩٦٦ تەواوکردووە ساڵی ١٩٦٧ کۆلیژی احتیاتی سەربازیم تەواوکردووە تا ١٩٦٨/٦/٢٢ لەاشغالی عکسری بەپلەی (ملازم مهندس) ئیشم کردووەو ماوەی چەند مانگێك لەوەزارەتی پیشەسازی کارم کردووەو لە١٩٦٩/١/١ لەئەشغالی سلێمانی دامەزرام بەپلەی یاریدەدەری ئەندازیارو لەساڵی ١٩٧٢ کرام بەبەڕێوەبەری ئەشغالی دهۆك تامانگی ١٩٧٥/١ گەڕامەوە بۆ ئەشغالی سلێمانی بە بەڕێوەبەر، تاکۆتایی ساڵی ١٩٧٧ دورخرامەوە بۆ ئەشغالی رمادی لەبەر هۆی سیاسی ، تاناوەراستی ساڵی ١٩٧٨ گەڕامەوە ئەشغالی سلێمانی. لەساڵی ١٩٨٥ جارێکیتر دوورخرامەوە بۆ هەولێر لەئەمینداریێتی گشتی ئەشغال و نیشتەجێ و هەر لەو ساڵەدا گەڕامەوە ئەشغالی سلێمانی و لەکۆتایی ساڵی ١٩٨٩ لەئەشغال گوێزرامەوە بۆ ئەمینداریێتی گشتی کشتوکاڵ لەدائیرەی تووتن لەبەکرەجۆ تاسەرەتای ساڵی ١٩٩٣. لە١٩٩٣/٣/٧ پلەی بەڕێوەبەری گشتی شارەوانیەکانم لەوەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار وەرگرت تامانگی ١٩٩٨/٥ کەپۆستی بریکاری وەزارەتم پێسپێردرا لەهەمان وەزارەتدا تاکۆتایی مانگی ١٩٩٨/١٠ کە خۆم تیا خانەنشین کرد. تا ئێستا لەکەرتی تایبەت کارم نەکردووە.

لە١٩٩٢/٥/١ تاکۆتایی مانگی ٢٠٠١/٩ ئەندازیارانی کوردستان لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان شەرەفی سەرۆکایەتی ئەو یەکێتیەی پێسپاردم بۆیەکەم جار کەیەکەم رێکخراوی ئەندازیاریی بوو لەسەرجەم کوردستاندا.

لەماوەی ٣٢ ساڵ کە لەدەزگا رەسمیەکاندا کارم کردووە زۆر پرۆژەی بیناو رێگاوبانم جێبەجێکردووە چ

ڕاستەوخۆ وەك ئەندازیارێك یا ناڕاستەوخۆ وەك بەڕێوەبەرێك جگە لەو پرۆژە ئیداریانەی کەڕاستەوخۆ کارم تیاکردووە وەك یارمەتیدانی بەڕێز بەڕێوەبەری ئەشغالی سلێمانی ئەوکاتە بۆ ڕێکخستنەوەی ئەشغالی سلێمانی لەگەڵ ئەو ئەندازیارە بەڕێزانەی کە لەوکاتەدا لەوێ کاریان دەکرد . هەروەها ڕێکخستنەوەی ئەشغالی دهۆك و هەروەها لەهەموویان گرنگتر دانانی بناغەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکان و چەسپاندنی بەپاڵپشتی بەڕێز وەزیری شارەوانی خاتوو کافیە سلێمان و یارمەتیدانی بەڕێزی بۆ سەقامگیرکردنی یاساو ڕێنمایەکانی شارەوانیەکان بەشێوەیەکی ڕێك و پێك کەمکردنەوەی سەرپێچی ئیداری و هونەری بەڕادەیەکی باش.

**لە درێژەی چاوپێکەوتنەکەماندا بەڕێزی وتی :**

لەماوەی کارکردنمدا تاقیکردنەوەو تێبینی زۆرن بەتایبەتی لەکاتی جێبەجێکردنی پرۆژەکانی بیناو ڕێگاوبان لەدەستنیشانکردنی هەڵەی تصمیم و هونەری و ڕاستکردنەوەی بەجۆرێك کەبگونجێت لەگەڵ ئاستی باشی و تەتبیق کردنی مواصفات بەرێژەیەکی باش.

بۆ زیاتر ئاوەدانکردنەوەی کوردستان یەکێتیی ئەندازیارانی کوردستان هەر لەدروستبوونیەوە تا ئەمرۆش لەهەوڵی پێك هێنانی ئەنجومەنی پلاندانان و داوای کۆنترۆڵی نەوعی کردووە بۆ هەموو کارو ئیشێك و کەرەسەیەك کەدێتە کوردستانەوە کەئەوە گەورەترین خزمەتی جێبەجێکردنی پرۆژەکان ئەکات و ڕێنمایم بۆ ئەندازیارە گەنجەکان ئەوەیە : ١-لە زانستەکەیان دوورنەکەونەوەو هەوڵ بدەن بەهەر شێوەیەك بێت زانیاری خۆیان تازە بکەنەوەو ئێستاش کەکاتی ئینتەرنێتە زۆر بەباشی کەڵکی لێوەربگرن چونکە کوردستان لەهەموو لایەکەوە ئابلۆقەی زانستی لەسەرە. وەلە جێ بەجێ کردنی پرۆژەکانیاندا بە هیچ جۆرێك چاو لە سەپاندنی پێوارەکانی ئەندازە نەپۆشن .

٢- لەجێبەجێکردنی پرۆژەکانیان دوانەکەون چونکە کوردستان پێویستی بەهەموو پرۆژەیەك هەیە گەورە بێت یان بچووك.

٣- ئەو کەسانەی کەکاریان لەگەڵدا ئەکەن بەهاوڕێ و بەیاریدەدەری خۆیانی بزانن.




**ئاشتی**

**و**

**بوژانەوە**

دروشمی کۆنگرەی دووەم

ڕیپۆرتاژ

# ئەندازیارانی کورد (مین تەقێن)ی جیهانی دروستدەکەن

ئا : ئەندازیاران

گەر ئەندازیارانی کورد بواریان بۆ برەخسێت و کۆسپیان نەخرێتە بەردەم ، لە توانا و داهێناناندا هیچیان کەمتر نیە لە توانا و داهێنانی ئەندازیارانی میللەتانی تر. زانستی ئەندازە لە هەموو شوێنێك هەمان زانستە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا نایەت. کوردستان ئێستا دوو ئابڵوقەی لەسەرە، بەڵام سەرباری ئەوەش ئەندازیارانی کورد توانیان بەو کەرەسە کۆن و سادانەی بەردەستیان (بەبێ هیچ یارمەتییەکی دەرەوە) ئامێرێکی (مین تەقێن) دروست بکەن و بە پارەیەکی کەمتر و جۆرێکی بەهێزتر و بەتواناتر لە ( مین تەقێن)ی جیهانی. سەبارەت بە دروستکردنی ئەو (مین تەقێن)ـە ، بە پێویستمان زانی سەردانی ئەندازیاری لاو (ئالان محمد سوڵتان/ بەڕێوەبەری کۆمپانیای ئارارات) بکەین و بەم شێوەیە خۆی بە گۆڤارەکەمان ناساند :

–ناوم (ئالان محمد سوڵتان)ـە ، دەرچووی زانکۆی سەلاحەدین/ بەشی میکانیك/ساڵی ١٩٩٩.



ئەندازیار/ ئالان محمد سولتان

+کاك ئالان دوای تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ لە کوێ ئیشتکردوە؟

–دوای دەرچوونم لە زانکۆ، (کۆمپانیای ئارارات)م دامەزراند، و یەکەم ئیش کە کردم بریتی بوو لە پرۆژەی چاککردنەوەی نەخۆشخانەی فێرکاری سلێمانی و دانانی سیستەمی مەرکەزی (تدفئە و تبرید) بۆ نەخۆشخانەکە.

**+ چۆن بیرتان لە دروستکردنی ( مین تەقێن )کردەوە؟**

–دوای ئەوەی کە زانیمان ڕێکخراوی یونۆپس سەرکەوتوو نەبووە لە هەوڵەکانیدا بۆ هێنانی (مین تەقێنی) بیانی، بیرمان لە دروستکردنی ئەم ئامێرە کردەوە. ئەوەبوو لە کۆتایی ساڵی(٢٠٠٠)دا یەکەم (مین تەقێن)ی نمونەییمان دروستکرد، کە دیزاینی ئەندازیار (ئەردەڵان قادر)ـە. بودجەی دروستکردنیئەو دانە نمونەییە لەسەر کۆمپانیاکەی خۆمانبوو.

دوای ئەوەی کە سەرکەوتووبوین لە کارەکەماندا، ڕێکخراوی یونۆپس یەکەم (پەیوەستنامەی ئیشپێکردنی تەجریبی) لەگەڵا کردین بۆ ئیشپێکردنی ئامێرەکە، لە ماوەی یەك ساڵدا ئامێرەکە بە سەرکەوتوویی ئیشەکانی ئەنجام دا، پاشان یونۆپس داوایان لێکردین کە شەش (مین تەقێن)ی تر لەو جۆرە دروست بکەین بۆ ڕێکخراوەکەی خۆیان و لەسەر بودجەی خۆیان و بە سەرپەرشتی ئەندازیاری خۆیان کە کاك (ئەردەڵان قادر) سەرپەرشتی دەکرد و هەندێك پەرەی پێدرا.

**+خەرجی دروستکردنی _مین تەقێن )ـەکەی ئێوە بە بەراورد لەگەڵ هی بیانییەکاندا چۆن دەبینیت؟**

–خەرجی دروستکردنی (مین تەقێن)ـەکەی ئێمە ناگاتە ١٠٪ تێچوونی مین تەقێنی وڵاتانی تر، لەگەڵ ئەوەشا کە ئێمە ناتوانین هیچ پارچەیەك لەدەرەوە بهێنین و هەموو پارچەکانمان لە بازاڕی کوردستان کڕیوە و (تحویر)مان تێدا کردووە. ئەشتوانم بڵێم ئەگەر ئێمە پارچەمان لەدەرەوە بۆ بهێنرایە ئەوە تێچوونی ئەوەی ئێمە کەمتریش دەبوو، من دوو نمونەت بۆ دەهێنمەوە، یەکەم: ئێمە پێویستمان بە پارچەیەك پلێتی (٥٠ ملم) ئەستور بوو، بەڵام لە بازاڕ دەست نەدەکەوت، لەبەر ئەوە ناچاربووین حادیلەیەك بە کاملی بکڕین و هەڵیبوەشێنینەوە و تەنها بۆ ئەوەی استفادە لە پلێتەکەی

بکەین کە روبەرەکەی (٠,٥م×٠,٥م)بوو. دووەم: بۆ دروستکردنی کۆنترۆڵەکە، ئێمە تەلەفۆنی مۆبایلمان کڕیوە و هەموو ناوەکەیمان فڕێداوە تەنها پێویستمان بە قاوغەکەی هەبووە . و هەروەها بۆ زۆر پارچەی تریش.لەبەر ئەوە ئەگەر پرۆسەیە وەربگرین لەبەر ئابلوقەی دوو لایەنەی سەر ولآتەکەمان و نەبوونی کۆمپانیای تایبەتمەند لە ولآتەکەماندا.

**+ باشە ئێوە چۆن ئەو پارچانەتان لێکدا و بە پێی مواصەفاتی خۆتان دەست ناکەوێت؟**



هەندێك پارچەمان لە دەرەوە بۆ بێت یان لێرە دەسبکەوێت ئەوا تێچوونی کەمتر دەبێت.

**+ ئەو کێشانە چی بوون کە هاتنە ڕێگەی دروستکردنیئەو ئامێرە؟**

-گەورەترین کێشە کێشەی کەرەسەکانبوو، لەبەر ئەوەی زۆر شت بەکار ئەهێنی بەلآم بەدلّت نیە ، ئێستا لە هەموو جیهاندا کۆمپانیاکان یا کۆمپانیای (تجمیع)ین یاخود کۆمپانیای تایبەتمەندن بە دروستکردنی پارچەی زۆر تایبەت، بۆیە بۆ دروستکردنی ئامێرێکی لەو بابەتە لە جیهاندا کۆمپانیای دروستکەری ئامێرەکە کەڵك لە کۆمپانیا تایبەتمەندەکان وەردەگرێت، بۆ دابینکردنی پارچەکانی ئامێرەکە بە پێی مواصەفات و داوای خۆی، بەلآم ئێمە نەمانتوانیوە کەڵك لەو

-ئێمە کارخانەیەکی بچوکمان هەیە لە چەند دەزگایەکی زۆر سادە و مۆدێل کۆن پێکهاتووەو توانیمان ئەو پارچانە بکڕێن و لە کارخانەکە (ترهیم)ی بکەین بەپێی ئەو مواصەفاتانەی ئەمانەوێت. سەرباری ئەو گرفت و کۆسپانەش توانیمان زاڵبیین و (٧) حەوت (مین تەقێن) دروست بکەین کە زۆر بە تواناتر و بەهێزترە لە مێن تەقێنە بیانییەکان و گونجاوتریشە بۆ خاکی کوردستان بە شایەدی کاربەدەستانی بیانی لە یونۆپس. و ئەمەش زیاتر ئەگەڕێتەوە بۆ توانا و لێهاتویی ئەندازیار (ئەردەلآن قادر) و هەموو ستافی کارخانەکە.

**+ئەو مین تەقێنە چۆن کار دەکات؟ و لە چ شوێنێك باش کاردەکات؟**

-ئەو ئامێرە بە ریمۆت کۆنترۆڵ لە دوری (٤٠٠)چوار سەد مەترەوە کاری پێدەکرێت و ئەتوانیت زاڵ ببیت بەسەر هەموو

جوڵەکانی ئامێرەکەدا. وەك هەر ئامێرێکی تر لەسەر چوار تایە دەروات، لە مەکینە و پەمپ و بەشەکانی تر پێکدێت. ئەو پارچەیەی کە کارەکە ئەنجام دەدات بریتییە لەو بەکرەیەی پێشەوە کە درێژییەکەی (٢،٣٠)مەتر و (٦٥)زنجیر و چەکوشی پێوەیە و بە دەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە لە هەر دەقەیەکدا (٣٠٠) فەرە ئەسوڕێتەوە، و ئەو چەکوشانە مینەکان ئەتەقێننەوە. مین تەقێنەکە بە هێواشی دەروات بۆ پێشەوە و بەردەم خۆی لە مین پاك دەکاتەوە و خۆشی لە پارچەکانی مین دەپارێزێت بەهۆی ئەو قەڵغانە (درع)ەی هەیەتی. ئەو ئامێرەی ئێمە ئەتوانێت لە شوێنی تەختایی ئیش بکات. و هەروەها لە شوێنی گردۆلکە و تەپ و تەلان بە مەرجێك نابێ لێژاییی ئەرزەکە لەوە زیاتر بێت کە تەوازنی ئامێرەکە تێك بدات و وەربگەڕێت. ئێمە هەتا ئێستا لە کێڵگەی مینی شەخسی کاردەکەین و لە هەوڵداین بۆ پەرەپێدان و پێشخستنی.

**+ڕێکخراوی یونۆپس چۆن پێشوازییان لەو داهێنانەی ئێوە کرد؟**

-بێگومان ئەوان زۆریان پێخۆشبوو، ئەوە بوو داوای دروستکردنی شەش دانەی تریان لێکردین. ساڵانە کۆنگرەیەك لە جنێڤ دەبەسترێت، هەموو ڕێکخراوەکانی پاککردنەوەی مین لە جیهاندا بەشداری تێدا دەکەن. لە کۆنگرەی ئەمساڵدا نمایشێکی (١١) دەقیقەی ئامێرەکەمان پیشاندرا و کەتەلۆکی ئامێرەکەمان لە کۆنگرە دابەشکرا و بڕیاردراوە کە ناوی ئەومین تەقێنەی ئێمە بە هەموو مواصەفاتەکانیەوە بخرێتە ناو کەتەلۆکی مین تەقێنی جیهانەوە و ئەوەی ئێمە ناوی(NOMA)یە.

**+ (NOMA) مانای چییە؟**

-نۆما مەبەستمان (نۆما ماین)ـە بە زمانی خۆمان ، یان با بڵێین (بەچکە ماین).



ئەندازیار /ئەردەلان قادر

**+بەشداربوانی کۆنگرەکە ڕایان چی بووە لەسەر ئامێرەکەتان؟**

-کاربەدەستانی یونۆپس پێیان ڕاگەیاندین کەوا زۆر معجب بوون بە ئامێرەکە کە چۆن بەو کولفە کەمە لە وڵاتێکی دواکەوتوودا ئامێرێکی وا بەهێز و بە توانا لەلایەن ئەندازیارانی ئەو وڵاتەوە دروستکراوە.

**+ئێستا ( مین تەقێن )ەکان لە کاردان؟**

-بەڵێ ، هەر (٧) ی لە کاردایە (٣)یان لە سنووریی پارێزگاکانی دهۆك و هەولێر کاردەکەن ، و (٤)یان لە سنوری پارێزگاکانی کەرکوك و سلێمانی کاردەکەن. هەر (مین تەقێن)ێك شەش کەسی لەگەڵدایە بۆ ئیشپێکردن و صیانەکردنیان و دەستەیەکی بەڕێوەبردنی (٥) کەسیش سەرپەرشتی هەر (٧) ئامێرەکە دەکات، ئەوانیش هەموویان کارمەندی کۆمپانیاکەی خۆمانن بەڵام خەرجیان و خەرجی ئیشپێکردنی ئامێرەکە لەسەر ڕێکخراوی یونۆپسە.



**+ دوای ئەم ئامێرانە بەتەمان چی تر دروست بکەن؟**

-ئەگەر بوار برەخسێت بەردەوام دەبین لە پەرەپێدانی و دروستکردنی ئامێری پێشکەوتووتر و ئەگەر ڕێگای هاتوچۆمان هەبێ لەدەرەوە کەرەسە بهێنین ئامێر باشتر دروست دەکەین.

**+کە ئەو ئامێرەتان دروستکرد و سەرکەوتوو بوون، وەك ئەندازیارێکی لاو هەستت بەچی کرد؟**

-بێگومان خۆشحاڵبووین بەوەی توانیمان دەورێك ببینین بۆ خزمەتکردنی گەلەکەمان و وڵاتەکەمان و ئەتوانم گرنگی کارەکەمان لە (٣) خاڵدا کۆبکەمەوە:

یەکەم: یەکێك لە فاکتەرە سەرەکییەکانی پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگایەك ، گەشەکردن و پێشکەوتنیەتی لە بواری

پێشەسازیدا کە پێم وایە ئەو کارەی ئێمە هەنگاوێکی بوێرانەیە لەم بوارەدا.

دووەم: ئێمە توانیمان بەبەرچاوی کۆمەڵێک بیانییەوە کارێك بکەن و دەریبخەین ئێمەش بوارمان بۆ برەخسێت هیچمان لە میللەتانیتر کەمتر نیە و ئەتوانین لەسەر پێی خۆمان بوەستین.

-زۆر سوپاس گۆڤاری (ئەندازیاران)دەکەم بۆ ئەم بەسەرکردنەوەیە.

پاشان سەردانی نوسینگەی سلێمانی ڕێکخراوی (یونۆپس)مانکرد، و چاومان کەوت بە بەڕێز (یان گروف) لێپرسراوی نوسینگەکە. چەند پرسیارێکمان ئاراستە کرد و بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە:



سێیەم:گرنگترین کاری ئەو (مین تەقێن)ـە پاککردنەوەی وڵاتەکەمانە لە مین و ئەمەش دەبێتە هۆی رزگارکردنی گیانی هەزاران کەس و کەڵك وەرگرتن لە خاکە پاککراوەکان بۆ هەموو بوارێکی ئاوەدانی.

+ حەز دەکەین هەر شتێکی تر ماوە دەربارەی ئامێرەکە بۆمان باس بکەیت.

-ئەو ئامێرەی ئێمە مواصەفاتێکی تایبەتی هەیە کە لە ئامێرەکانی تردا نیە ئەویش بەوەی ئێمە ئەو بەکرەیەمان بە گۆشەی (٥)پلە سوڕاندەوە کە ئەوەش دەبێتە هۆی زیادکردنی روبەری زەوی بەرکەوتوو بۆ پاککردنەوە و ئەویش هەر لە داهێنانی ئەندازیار (ئەردەڵان قادر)ـە.

+سوپاس

+ئایا ئێوە وەك بیانییەك تەوەقوعتان دەکرد کە ئەندازیاری کورد بتوانێ (مین تەقێن)ێك لەو جۆرە دروست بکات؟

-ئێمە پێش چەند ساڵێك هەوڵماندا چەند ئامێرێك لە دەرەوە بهێنین بۆ ئەوەی ئیشوکاری مین تەقاندن و پاکردنەوە خێراتر بکەین. نوسینگەی باڵای ئێمە لە (نیویۆرك) عەقدی لەگەڵ کۆمپانیایەکی بیانی کرد بۆ دروستکردنی (مین تەقێن) و پێکهێنانی ستافی ئیشپێکردن و صیانەکردنی ئامێرەکان و دەبوایە لە ڕێگەی عێراقەوە بهاتنایە، بەڵام لەو کارەمان سەرکەوتوو نەبون. پێش دوو ساڵ (ئەردەڵان قادر) کە لای خۆمان ئیش دەکات، پێی راگەیاندم کە ئەو ئەتوانێت ئامێرێك لەو بابەتە دروسبکات و یارمەتیمان بدات لە خێراترکردنی کارەکەمان، هەندێ بیروبۆچوونی خۆی لەو بارەوە بۆ

باسکردین، بەڵام ئێمە پارەمان نەبوو، ئەردەلان ووتی "من لەسەر حسابی خۆم دروستی دەکەم". ئەوەبوو لەگەڵ کۆمپانیای ئارارات دانەیەکیان دروستکرد و ئاگاداریانکردینەوە کە بینیم زۆر پێی سەرسام بووم. ئیشەکەی ئێمەی لە ١٠٠٪ خێراتر دەکرد. منیش ئاگاداری نوسینگەی




کوردستانم کرد لە هەولێر کە بێن ئامێرەکە و ئیشەکەی ببینن، ئەوانیش هاتن و بینیان و زۆر سەرسام بوون و دروستکردنی ئەو ئامێرە لێرە لە تەوەقوعی ئێمەدا نەبوو. ئەندازیاری کورد بتوانێ ئامێرێك بەو جۆرە بەهێز و بە توانایە دروستبکات. کە ئامێرەکەمان تاقیکردەوە لە ئیشکردندا و هەم هەڵمانسەنگاند لەگەڵ ئامێری بیانیدا هیچ جیاوازی نەبوو، عەقدێکمان لەگەڵ کۆمپانیای ئارارات کرد بۆ ئیشپێکردنی تەجریبی. پاشان پارەمان پەیداکرد و عەقدمان لەگەڵ هەمان کۆمپانیاکرد بۆ دروستکردنی شەش دانەی تر، ئەم شەش دانەیە پەرەی پێدرا و کەڵك وەرگیرا لە هەڵەکانی پێشوو . عەقدەکەمان لەگەڵ کۆمپانیای ئارارات دوو بەش بوو: بەشی یەکەم/ دروستکردنی ئامێر، بەشی دووەم/ ستافای تەواو لەلایەن کۆمپانیاوە پێکبهێنرێت بۆ ئیشپێکردن و صیانەکردنی ئامێرەکان، و خۆمان مەشقمان پێکرد. دوای مەشق و هەڵسەنگاندن دەبێت ئەو ئامێر و ستافە بە پێی مواصەفاتی ئینسانی عالەمی ئیشبکەن. مواصەفاتی عالەمی ئیشپێکردن دوو جۆرە: یەك/مواصەفاتی سەربازی: کە هەر بۆ ڕێگاکردنەوەیە و گرنگ نیە چەند قوربانی دەدەیت. دوو/ مواصەفاتی ئینسانی:کە پاککردنەوەی زەوییە لە مین بەبێ هیچ قوربانییەك. ئەگەر مواصەفاتی ئەم ئامێری مین تەقێنە بەراورد بکەین، ئیشکردنەکەی لەسەر مەواصەفاتی ئینسانی عالەمییە.

**+ڕات چیە بەرامبەر جۆری( مین تەقێن )ەکە؟**

- بە پێی قەوارەی خۆی ، زۆر بەهێزە چونکە قەوارەی گەورەتریش هەیە ، تەصمیمەکەی بۆ کەشوهەوا و خاکی ئێرە زۆر باشە و بە ئامێرێکی جیهانی دادەنرێت و پێویستە هەموو خەڵکی کوردستان شانازی پێوەبکەن. تەصمیمی ئەم ئامێرە هەمووی (ئەردەلان) کردویەتی و ڕاوێژی بە (یونۆپس و کاك ئالان)کردوە ، بەڵام مێشکی ئەردەلان لەپشتی دروستکردنی ئەم ئامێرەوەیە. کەتەلۆگی ئەم ئامێرە لە کۆنگرەی جنێف دابەشکرا.

**+ڕات چیە بەرامبەر توانای زانستی ( ئەردەلان و ئالان )؟**

-(Excellent without MASTAW) واتە (زۆر زۆر باشە، بەبێ ماستاو)، خەڵکی کوردستان کەسانی بەتوانا و داهێنەریان زۆرە، ئەمە هەڵسەنگاندنی تەنها من نیە، بەڵکو زۆر خەڵکی بیانی تریش ئەڵێن، بەڵام بەداخەوە لێرە تەقدیری خەڵکی داهێنەر ناگیرێت و حەقی خۆی نادرێتێ.

**+زۆر سوپاس بۆ ئەم دەرفەتە.**

-سوپاس بۆ ئێوە، هیوادارم ئەندازیارانی کورد لە داهێنان بەردەوام بن.






## ئامادەکردنی



ئەندازیاری میکانیك
جمال محمد رەزا



ئەندازیاری شارستانی
حمە ئازاد تەها

لە پێناوی ناساندنی هەر جارەی ئامێرێك بە ئەندازیارانو خوێنەرانی بەڕێزی گۆڤارەکەمان ،ئایازمەندین لە هەرژمارەیەکدا ئامێرێك بە ئێوەی خوێنەر بناسێنین .هیوادارین جێگەی سودوەرگرتنی ئێوەی ئازیز بێت .

## بلدۆزەر Bulldozer

یەکێکە لە ئامێرە بەهێزەکان کە توانایەکی باشی هەیە بۆ بڕین و ڕامالین ، پۆلین کردنی دەگۆڕێت بەپێی ئەو کۆمپانیاو ولآتانەی دروستی دەکەن تواناو قەبارەی مەکینەکەی ژمارەو جۆری ڕۆتەرەکانی جۆری تایەکانی تایە لاستیك یان تایە زنجیر لەگەڵ بەرزکردنەوەی و داگرتنی چەقۆکەی .هەیانە چەقۆکەی ڕێکە ، ئەم جۆرە چەقۆکەی ئەستونە لەسەر ئاراستەی ڕۆشتن وتەنها دەتوانێت بۆپێشەو وبەیەك ئاراستە گڵ بەرەو پێش بەرێت جۆرێکی دی دەتوانێ چەقۆکەی بەگۆشەی ویستراو دابنێ و ئیش بکات ئەم جۆرەیان زیاتر پێی دەوترێ ئەنگلۆدۆزەر Angledozer بەم جۆرە دەتوانێ خۆڵەکە بۆ تەنیشتەکان ڕامالێت وە بەهۆی بونی ڕۆتەرەکان کە لەدواوە دەبەسترێت توانای زیاد دەکات بۆ بڕین و

هەڵکەندن بە تایبەتی لەناوچە سەخت و شاخاوییەکاندابە گشتی دەتوانین ئەم کارانەی پێبکەین:

١-پاککردنەوەی زەوی لە دارو بنەدارو تەختەو خاشاک

٢-کردنەوەی ڕێگا لە ناوچە شاخاویەکاندا

٣-پاڵنان و راماڵینی زەوی هەڵکەندراو بۆ ئەو دوورییەی دەتەوێ نزیکەی (٩٠) م .

٤-بلاو کردنەوەی خاکی هەڵکەندراو Earth Fill وپرکردنەوەی کەندەلان .

٥-بۆ کارکردن لە کانە بەردوکانە خەڵوزی بەرد پاک کردنەوەی ڕێڕەو هەروەها لە سەر زەوی و لەژێر ئاو لە ناو ئاگر دەتوانرێ بەکابهێنرێت بە کۆنترۆڵ و بە بێ شۆفێر وە پێویستە کریار یان بەکار هێنەری ئامێر زۆر چاک بزانێ چ جۆرە ئامێرێکی دەوێ چ جۆرە کارێکی هەیە چونکە هەر ئامێرێك بۆ کارێکی تایبەت چالاك ترە لە ئامێرێکی دی و جیاوازی هەیە لەنێوان بلدۆزەری تایە لاستیك و تایە زنجیردا.



## تایە زنجیر :

١-توانای کارکردن و راکێشان و پاڵنان و رۆشتنی هەیە لە گڵی فشەڵ و خاکی قوراویدا.

٢-توانای ئیشکردنی هەیە لە ناوچە بەردەلانیەکاندا.کە لاستیك نییەو پارەی تێچون بۆ چاك کردنی (صیانە)تایەکانی کەمە .

٣- توانای نەچەقینی زۆرە

بەلام تایە لاستیك :

١-توانای گواستنەوەو جولەی خێرایە چ لەناو پرۆژەیەکدا کە کاردەکات یان لە ئیشێکەوە (پرۆژەیەکەوە) بۆ کارێکی ترو پێویست بە بارکردن و لولۆدەرناکات.

٢- لە ئیشدا بەرهەمی زۆرە ئەگەر ماوەو دووری ئیشەکە زۆر بێ .

٣-لە سەر قیر خۆی دەتوانێ بڕوات وڕێگاو شەقامەکان تێك نادات و بۆ بەفر پاك کردنەوە زۆرباشە .

زۆر ولاتو زۆر کۆمپانیا ئەم ئامێرە زەبەلاحە دروست دەکەن ئەوەی زیاتر بەناوبانگە وئاشنایە بەئەندازیارانی کوردستان جۆری (کۆماتسۆ )و(کەتەر پلەر)ە.

لێرەدا باسی جۆری کۆماتسۆی یابانی دەکەین کە مۆدێلی (تراز)ی (D 155) ەکە بەم شێوەیەیە :

مۆدیلی ئامێرەکە D155A

تایبەتمەندی مەکینەکەی SA6D140E_2

١-جۆری ٤ هەنگاو (CYACLE )

٢. بە ئاو ساردەکرێتەوە واتە رادێتەری هەیە.

٣. مەکینەکەی ڕێکە .

٤. سستەمی سوتەمەنی‌یەکەی جۆری DIRECT INJECTION

٥. تێر بۆ چارچەری هەیە (سوپەر چارج ).

٦. (٦) پستۆنی هەیە پێوانەکەی بەم شێوەیەیە

( ٦- ١٤٠ ×١٦٥ )

(٦ )ژمارەی پستۆنەکانێتی

(١٤٠) ملم تیرەی پستۆنەکەیەتی

(١٦٥ )ملم تیرەی ئەو ماوەیە کە پستۆنەکە تیایا هاتوچۆ دەکات

٧. بەرزترین ژمارەی خولانەوەی مەکینەکە لە یەك خولەك دا (دقیقە) دا واتە R.P.M =٢٢٤٠ جار .

٨.بڕی بەکار بردنی سوتەمەنی بریتی‌یە لە 153G/HPH واتە ١٥٣ گم گاز بەکار دەبات لە یەوك کاتژمێردا بۆ (1HP) .

٩. (٥٥) لیتر ڕۆنی دەوێ بۆ ڕۆنی مەکینەکەی .

١٠. رادێتەرەکەی ١٠٠ لیتر ئاوی دەوێ .

١١. تانکی گازەکەی ٦٠٠ لیتر گاز پڕ دەبێ .

١٢. بۆ ئیش پێکردنی مەکینەکەی پێویستی بە دوو پاتری (١٢) ڤۆڵتی هەیە واتە ٢٤ ڤۆڵت .

چەند پێوانەیەکی ئامێرەکە :

درێژی ئامێرەکە بەرۆتەرو چەقۆوە (٨٥٦٠ ) ملم .

بەرزی ئامێرەکە (٢٧٦٠ )ملم .

پانی ئامێرەکە بە چەقۆکەیەوە (٤١٣٠ ) ملم .

کێشی ئامێرەکە بەتەواوی (٤١٩٥٠ ) کگم .

چەند بەشێکی گرنگی ئامێرەکە :

١. رۆتەر : بەشێکی گرنگە لە دواوەی ئامێرەکە وە دەبەسترێت کە توانای هەڵکەندنی زەوی پتەوو بڕینی بەردی هەیە بەهۆی (٤) جەکی هایدرۆلیکەوە وە لە ڕێگەی سستەمێکی هایدرۆلیکەوە جولەی پێدەکرێت وە بەکاردەهێنرێت واتە (٨٣٥) ملم ئەچێتە ناو زەوی یەوە .

٢. چەقۆ : ئەو بەشەی ئامێرەکەیە کە لە پێشەوەی ئامێرەکە دەبەسترێ کە توانای هەڵکەندن و پاڵنانی هەیە بەڕێکی یان بە گۆشەیەکی دیاری کراو وە لە بەشی خوارەوەیدا (٣)

گـوێزانی پێوەیە وپـاش بەکارهێنانی دەتوانرێ بگۆردرێت ئـــەم چەقۆیەش هەر لە رێگای سستەمی هـایدرۆلیکەوە یە بەکار دەهێنرێ ئـامێرەکە بەگشتی پێویستی بە بڕی (١٦٤) لیتر هایدرۆلیك هەیە.

٣. زنجیر :ئەو بەشەیە کە ئامێرەکە دەتوانێ بەهۆیـەوە هـاتوو چۆبکات کە بریتی‌یە لەدوو زنجیر ڕاست و چەپ هـەر لایـەکی (٤١) قاپ قاپی هەیـە وەهـەر لایـەك واتـە هـەر زنجیرێك لەسـەر ڕۆلەیـەکی گـەورە و(٧) ڕۆلـەی بچوکـی تـرەوە ئـەجولێت ئـەم زنجیرانـە جولـەیان لـە (ئەکسـڵ) ەوە بــە هــۆی شــەفتێکی سەرەکیەوە بۆ ئەگوێزرێتەوە بۆ سەر (فلنجەیەك) لە هەر لایەك وە ئـەم فلنجانـە (سپرۆکت) یـان لێ بەسـتراوە کـە زنجیرەکـانی لەسـەر دائەنیشـن ئـەم جـۆرەی باسمـان کـرد D155 بـە زۆری لەدوای سالی ١٩٨٠هاتۆتە کوردستان و عێراق جۆرێکی دی (D355) بـە ژمارەیـەکی کـەمتر هاتۆتـە عـێراق زۆر جیـاوازی لەگەڵ ئەوی پێشوودا نییە بەلام جۆری (D355) زۆر نەهاتۆتە عێراق وگەورەترینیانە کە تواناکەی (1000HP)ە .

# پۆزش

**خوێنەری بەڕێز**

لە ژمـارە یـەکی گۆڤارەکـەماندا چـەند هەلـەیـەك رویـداوە ، لەگـەڵ داوای لێبوردن وا لـە خـوارەوە بۆتـان راستدەکەینەوە:

١- لـە لاپـەڕە (٣) ستونی (٢) دێـڕی (١٦) نوسـراوە " عالیــە توفیــق تــاهر/لێپرســراوی لیژنـــەی ئاوەدانکردنــەوە" ، راســتییەکەی "لێپرســراوی لیژنەی دارایی" .

٢- لـە لاپــەڕە (١٦) ســتونی (١) دێــڕی (٧) نـاوی ئەندازیار ( احمد بامـەڕنی) وەك ئـەندامی لیژنـەی ئامادەکاری دهۆك هاتووە. راستییەکەی ئەندازیار (احمـد بامـەڕنی) ئـەندامی لیژنـەی ئامادەکـاری دهـۆك نـەبوە و بـە هەلـە ناوەکـەی نوسـراوە و بەسەرماندا تێپەڕ بووە.

٣- نەخشەسازی بەرگ ئەندازیار (احمد عمر علی) یە ، ناوەکەیمان لە بیرچوبوو لەگەڵ داوای لێبوردن.

**گۆڤاری ئەندازیاران**

## لە ئامانجەکانی

## یەکێتی ی ئەندازیارانی

## کوردستان

* کارکردن بۆ پێگەیاندنی ئـەندازیارانی کوردستان و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و روناکبیریان بۆ دەستەبەرکردنی گەشـەی ئاسـتی پیشـەیی ئـەندازیاران لەهـەردوو لایەنی زانستی و پراکتیکییەوە تا بگونجێ لەگــەڵ پێداویســتییەکانی گەشــەکردنی زانستیدا .

*کــارکردن بــۆ دابینکردنـــی رێکـــار و نەهێشتنی بێکاری لـە نـاو ئـەندازیاراندا و مسۆگەرکردنی دوارۆژی ئەندامانی لە تافی پیری و نەخۆشـی داو قـەرەبووکردنیان لـە کاتی توشبوونیان بە کارەسات.

*بەرزکردنـــەوەی ئاســـتی ئـــابووری ئەندامان.

* داکۆکیکـردن لــە مـافی ئـەندازیاران و چاودێریکردنی بەرژەوەندییە رەواکانیان.

بەندی (٤) لە پرۆگرام و پەیرەوی ناوخۆ

له دروشمەکانی کۆنگرەی دووەم

**دەرهێنانی نەوت و پالاوتنی بەرهەمی عەقڵ و رەنجی ئەندازیارانە**

# پرۆسیسی دەرهێنانی شەکر لە چەوەندەر



ئەندازیار رەشید خالد خۆشناو

## جۆری چەوەندەری بەکارهاتوو

ئەو چەوەندەرەی کە بەکار دەهێنرێت بۆ دەرهێنانی شەکر دەبێت پاکو سپی و بێ گەڵا بێت ،شێوەی قەندە شەکری بێت و کێشەکەشی بۆ یەك سەلك لە نێوان نیو تا یەك کیلۆ بێت و نە قرنجا بێت . رێژەی شەکری دەبێت لە (١٤٪) بەرەو ژوور بێت .چەوەندەری بچوك بۆ برین باش نی‌یە وە رێژەی شەکری‌کەمە وە چەوەندەری گەورە رێژەی شەکری کەمەو مادەی سلیلۆزی بەرزە .

## شێوەی وەرگرتنی‌چەوەندەر لە کارگەی شەکر

هێنانی چەوەندەر بۆ کارگەی شەکر دەبێت لە وەرزی کارکردندا بێت کە دەکەوێتە نێوان نیوەی مانگی حوزەیران و ئاب واتا لە (٦/١٥ تا ٨/١٥ ) وە بە بەردەوامی بێت بەو برەی کە کارگەی شەکر دیاری دەکات لە نێوان (١٠٠٠ تا ٢٠٠٠) تەن رۆژانە . چەوەندەر بەهۆی عارەبانەی تراکتۆر یان لۆری دەهێنرێت بۆ کارگە .پێشەکی لە سەر قەپانی تایبەت کێش دەکرێت بە پڕی دواتر لە سەر (رافیعەی جسری ) هیدرۆلیکی بەتاڵ دەکرێت چەوەندەرەکە بە رێگای کۆنڤایەری تایبەت دەگوێزرێتەوە وە لە سەر بێژنگی تەلاوی تایبەت کە بەهۆی ماتۆرێکی کارەبایی دەهەژێنرێت تاوەکو چەوەندەر لە خۆڵ جوودا بکرێتەوە کە خۆڵەکە راستەوخۆ دەخرێتەوە ناو عارەبانەکە یان لۆرییەك کە چەوەندەرەکەی لێ بەتاڵ کرایەوە . چەوەندەرەکە دوای لە جودا بوونەوە بە کۆنڤایەری تر رەوانەی عەمبار (سایلۆ) ی چەوەندەر دەکرێت کە بریتی‌یە لە پانتاییەکی گەورە تایبەت دروستکراوە لە چەند پانتایی جیاواز بە جۆگەلەی تایبەت لە ناوەراستی و سیستمی سارد کردنەوە بە هەوا و لولەی ئاوی تایبەتی تیایدا بڵاو کراوە بۆ رەوانە کردنی چەوەندەر بە ئاو بۆ پەمپی چەوەندەر و بەشی شوشتنەوە پاش جودا کردنەوەی خۆڵەکە، عارەبانەکە ،یان لۆرییەکە بە خۆڵەوە دووبارە قەپان دەکرێتەوە وە بەجیاوازی لە نێوان بار بەپڕیو بار بە بەتاڵی وبە خۆڵوە کێشی چەوەندەری هاتوو دەزانرێت لە سەر ئەم بنەمایە پارەی چەوەندەری پێ دەدرێت .هەموو لۆریەك یان عارەبانەیەك نمونەی چەوەندەری لێ وەردەگیرێت وشی دەکرێتەوە بۆ زانینی رێژەی شەکر کە دەبێت لە (١٤٪) کەمتر نەبێت .وە هەر پلەیەکی زیادە لە رێژەی دیاری کراو وە پارە یەکی زیادەی پێ دەدرێت بۆ دیاری کردنی رێژەی شەکر تاقیگایەکی تایبەت هەیە کە رۆژانە بۆ هەر بارێك هەڵدەستێ بە وەرگرتنی نمونەو شی کردنەوەی .

## بەشی شوشتنەوەی چەوەندەر

چەوەندەر پاش عەمبار کردنی لە سایلۆی تایبەت بە چەوەندەر ،کارمەندی تایبەت هەڵدەستێ بە بەکارهێنانی هوزی ئاو بە پاڵە پەستۆی بەرز بەرەوانە کردنی چەوەندەر لە رێگای چەند جۆگەلەیەك کە لە کۆتایی‌دا یەك دەگرنەوە ویەك کەناڵی گەورەی سەرەکی کە چەوەندەر بە هۆی ئاوەوە رەوانەی پەمپی گەورەی تایبەت دەکرێت و لە رێگای پەمپەکانەوە بەرز دەکرێتەوە بۆ بەشی شوشتن کە بریتی‌یە لە جۆگەلەیەکی گەورە لە سێ بەش پێکهاتووە . یەکەمیان کە لم

و بەرد لە چەوەندەرو ئاوەکە جودا دەکاتەوە ودوەمیان پوش و پەلاشی لەگەڵ چەوەندەر هاتوو جودا دەکاتەوە .

بەشی سێهەمی چەوەندەر شوشتنەوەش بریتی‌یە لە ئامێرێکی تایبەت کە چەند ریز رۆڵەی تایبەتی لە ناوەوە هەمووی بە ماتۆر دەخولێتەوە بۆ گواستنەوەی چەوەندەر و




جوداکردنەوەی لە ئاو کە ئەو ئاوە لە نێوان رۆڵەکان دەڕواتە خوارەوە وجودا دەبێتەوە و دەگەڕێتەوە حەوزی ئاوی کارگەی سەرەکی کە دووبارە بە کاردێتەوە بۆ شوشتن وگواستنەوە ی چەوەندەر لە سایلۆ .

لە ناو ئامێری شوشتنەوەی چەوەندەر چەند سەرە بۆرییەکی تێدا دانراوە کە ئاوی بە پاڵە پەستۆ لێ دێتە دەرەوە ڕاستەوخۆ لە چەوەندەرەکان دەدات و دەیشواتەوە .چەوەندەر پاش شوشتنەوی بە ڕێگای کۆنڤایەری قایش دەگوازرێتەوە بۆ ناو سایلۆ .ئاوی جودا کرایەوە لە چەوەندەر هەندێ پارچەو کلکی چەوەندەری تێدا ماوە بۆ مەبەستی جوودا کردنەومیان ئاوەکە پێش گەڕانەوەی بۆ حەوزی سەرەکی کارگە بە ناو فلتەرێکی گەورە دەڕوات کە پارچەو کلکە چەوەندەرەکانی لێ جودا دەبێتەوە وە ڕەوانەی ناو سایلۆ دەکرێت .ئەم کردنەوەیە بۆ ئەوەیە کە ڕێژەی لە ناو چونی بە فیڕۆ کەم کرێتەوە .

## بڕینی چەوەندەر

بۆ مەبەستی دەرهێنانی شەکر لە چەوەندەر دەبێت ئەو چەوەندەرەی کە لە سایلۆی ناو کارگە عەمبار کراوە بە بەردەوامی ببڕێت بە هۆی چوار مەکینەی تایبەت کە چەقۆی تایبەتی بڕینی چەوەندەریان لێ بەستراوە .چەوەندەرەکە پاش بڕینی تاڵ تاڵ دەردەچێت ، کێشی (١٠٠) غم تاڵ (١٢)م درێژی دەردەچێت . تاڵە چەوەندەرەکان دەڕژێتە سەر کۆنڤایەری قایش کە دوو دانەن وە ئەم دوو قایشە تاڵە چەوەندەرەکان دەڕژێنێتە سەر یەک کۆنڤایەری قایشی سەرەکی کە ئامێری قەپان کردنی تاڵە چەوەندەرەکانی لە سەر بەستراوە پیشانی دەدات کە سەعاتی چەند تەن چەوەندەری براوی بەسەر تێ دەپەڕێت تاڵە چەوەندەرەکان دەڕژێتە ناو تەنکی‌یەکی تایبەت کە بەهۆی بۆری ئاوی گەرمەوە ڕەوانەی ناو ئامێری شەکر جودا کردنەوە دەکرێت کە پێی دەوترێت (دفیوزەر)

## دفیوزەری شەکر

ئامێری دفیوزەر لە کارگەی شەکر دەوری سەرەکی دەبینێ بۆ جودا کردنەوەی شەکر بە شێوە ی توواوە لە ناو چەوەندەر بەهۆی ئاوی گەرمەوە کە پلەیەکی (٨٥ تا ٩٠ )یە .

دفیوزەر بریتی‌یە لە ئامێرێکی ئیستوانی درێژ لە ناوەوە دوو ریز ڕێرەوی گواستنەوەی لولەی چەوەندەری تێدایە گەورەو بچوکی دفیوزەر دەگەڕێتەوە سەر توانای ڕۆژانەی کارکردنی کارگەی شەکر ، کە بۆ کارگەی شەکری سلێمانی داندراوە بۆ دوو هەزار تەن چەوەندەر لە (٣١) مبەش پێکهاتووە ودرێژی (٣٠)م وە تیرەی (٣)م .چەندەها شوێنی پلەی گەرمی تێدا دانراوە هەروەها شوێنی لێ وەرگرتنی نمونەو پێدانی هەڵم بە بەشەکان بۆ گەرم کردن .تاڵە چەوەندەرەکان بە هۆی ئاوی گەرمەوە ڕەوانەی سەرەتای ناو دفیوزەر دەکرێت لە سەری تر ئاوی گەرمی تازەشی بۆ ڕەوانە دەکرێت بە هۆی خولانەوەی دفیوزەر بە هۆی ماتۆرێکی کارەبایی کە (١٨ تا ٢٢) خولەکە لە سەعاتێکدا تاڵە چەوەندەرەکان لە سەرەتای دفیوزەرەوە دەگواسرێتەوە بۆ سەری تری ، لە ڕێگا لە گەڵ ئاوی گەرم بە یەك دەکەون، شەکری ناو تاڵە چەوەندەرەکان لە ئاوە گەرمەکە دەتوێتەوە بەم شێوەیە ڕێژەی شەکر لە ناو تاڵە چەوەندەرەکان لە سەرەتای دفیوزەرەوە تا دەردەچێت کەم دەبێتەوە لە (١٤ ٪) بۆ (١٪) واتە ئاوەکە دەوڵەمەند دەبێت بە شەکری تواوە وە تاڵە چەوەندەرەکان ڕێژەی شەکریان لێ کەم دەبێت تا دەگاتە (١٪) بەم شێوەیە لە دفیوزەر دوو شتمان

دەست دەکەوێت. یەکەم شەکراوێکی سووک،دووەم تاڵە چەوەندەری بێ شەکری تەڕ ،کە پێی دەوترێت پەلپ .

پەلپی چەوەندەر دوای دفیوزەر ڕەوانەی بەشی گوشین دەکرێت بۆ دروستکردنی ئالیك وە شەربەتەکەشی ڕەوانەی سەر فیلتەر دەکرێت بۆ جوداکردنەوەی ئەو تڵپەی تێدا ماوە دواتر شەربەتەکە بەپاکی ڕەوانەی گەرم گۆڕ دەکرێت بۆ گەرم کردنی وە دووبارە بەکارهێنانەوەی بۆ گواستنەوەی تاڵە چەوەندەرەکان وە بەشێکی ڕەوانەی بەشی قسڵ کردن



وکاربۆنیش وپاڵاوتن لە قوڕو لیتە دەکرێت .

زۆر گرنگە کە پارێزگاری پلەی ئاوی گەرم بکرێت هەروەها پلەی (PH) ی ناو دفیوزەر کە لە (٥,٨ تا ٦,٥ )نابێ تێ بپەڕێت هەروەها پلەی گەرمی دفیوزەر دەبێت لەنێوان (٧٢ تا ٧٤)م بێت .

## پرۆسیسی پاك کردنەوەی شەربەتی شەکر

ئەو شەربەتەی کە لە دفیوزەر دەرچو ڕێژەی شەکری لە (١٣٪) تێدا بەدی دەکرێت لە ئامێرێکی تایبەتی ئیستوانی نۆ بەشی ،تێکەڵاوی قسڵاو دەکرێت کە لە کورەی تایبەت دروست کراوەو لە ناو ئاو تووانراوەتەوە بە شێوەیەکی ڕێکو پێك تێکەڵاو دەکرێت دواتر شەربەتە قسڵاوییەکە ڕەوانەی بەشی کاربۆنیش دەکرێت کە بریتییە لە ئامێرێکی ئیستوانی ستونی کە غازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆنی بۆ دێت ولەگەڵ شەربەتە قسڵاوییەکە تێکەڵاو دەکرێت و بەم جۆرە بەشە زیادەکەی قسڵ بە هۆی غازەکەوە دەبێتە کاربۆناتی کالسیوم پاش گەرم کردنی شەربەتە قسڵاویەکە دەبرێتە ناو تانکییەکی سەرەکی وە بەهۆی پەمپەوە ڕەوانەی فلتەری تایبەتی دەکرێت بۆ جودا کردنەوە قوڕو لیتەو قسڵاو لە شەربەتەکە .پاش فلتەرەکە شەربەتە پاکەکە دووبارە قسڵاوی لەگەڵ تێکەڵاو دەکرێتو بەکاربۆنیش دا دەڕوات وە ڕەوانەی فلتەری دووەم دەکرێت بەم شێوەیە دوو شتمان دەست دەکەوێت یەکەم شەربەتی ڕوونی شەکر لەکەڵ قوڕاو . قوڕاوەکان فڕێ دەدرێنە دەرەوەی کارگە بە ڕێگای فلتەری سێهەم شەربەتەکانیش ڕەوانەی بەشی خەست کردنەوە دەکرێت

## بەشی خەست کردنەوەی شەربەت

شەربەتی ڕوونی پاك لە تانکی کۆدەکرێتەوە وبەهۆی پەمپ پاش گەرم کردنی (١٢٥ م) بەهۆی گەرم گۆڕ ڕەوانەی ناو پێنج ئامێری کوڵاندن یەك لە دوای یەك دەکرێت. شەربەتەکە بەهۆی هەڵمی تێر (مشبع)لە پلەی (١٢٥ _ ١٣٠ م)کە لە بۆیلەرەوە دێت دەکوڵێندرێت وە ڕێژەی خەستی لە یەکەم کوڵێنەر (مبخر)تا پێنجەم بەم شێوەیە دەبێت ٢٥٪ ، ٣٠٪ ، ٤٠٪، ٥٠٪ ، (٥٥٪ ، ٦٠٪) .شەربەتە خەستەکەی دوای کوڵێنەرەکان بەهۆی پەمپ ڕەوانەی بەشی کوڵاندن دەکرێت بۆ دروستکردنی بلوراتی شەکر کە پێی دەڵێن بەشی دروست کردنی شەکری (A)

## بەشی دروست کردنی شەکر

شەربەتە خەستەکەی شەکر کە خەستی لە (٥٥٪ تا ٦٠٪) ڕەوانەی ئامێری کوڵاندن دەکرێت کەلە بەتاڵی دەکوڵێنرێت واتە لە ژێر (ڤاکیوم) بۆ ئەوەی کریستاڵەکانی شەکر نەسوتێن وە ڕێژەی بە فیڕۆچونی شەکر کەم بێت کوڵاندن بەهۆی هەڵمی تێر واتە (بخار مشبع) دەکرێت تا



ڕادەیەك شەکر دەکوڵێنرێت تا چڕی یان خەستی دەگاتە (٨٠٪) لەم کاتە هەندێ شەکری کریستاڵی واتە وردە شەکری ووشکی دەخرێتە ناو شەربەتەکە بەڕێگایەکی تایبەت یەکسەر شەربەتەکە دەست بە دروستکردنی بلورەی شەکر دەکات بەرە بەرە شەربەتی بۆ زێدە دەکرێت دەنکە شەکر دروست بووەکان گەورە دەبن تا ئامێرەکە (٣/٢ )ی قەبارەی پڕ دەبێت لە هەویری شەکر (عجینە سکر) واتە شەربەت بەتێکەڵاوی لەگەڵ دەنکە شەکری دروست بوو پاشان کوڵاندن دەوەستێنرێت وە عجینەکە ڕۆدەکرێتەوە ناو تانکییەکی گەورە کە پێی دەڵێن کریستالایزەر لەوێش تێکەڵاو دەکرێت بەهۆی خەباتەوە دەنکەکان گەورە تر دەبن وە دواتر بەهۆی ئامێری جوداکردنەوەی دەنکە شەکرەکان لە شیلەکە کە پێی دەوترێت سینتریفوگال مەشین .ئەم ئامێرە بە پچڕ پچڕی کار دەکات هەرجارێ بڕی (٥٠٠)غم عەجینەی تێ دەکرێت وە بەخولاندنەوەی شیلەی لێ جودا دەبێتەوە .خولانەوەی لە(٥٠) دەورە دەست پێ دەکات تا (٩٨٠) دەورە لە دەقیقەیەکدا شەکری جودا بویەوە لە ئاوی گەرم دەشۆرێتەوە لە ناو ئامێرەکە وە بە هەڵمی ووشك ووشك دەکرێتەوە دواتر بەچەقۆی تایبەتی خۆی لە دیوارەکانی سەر فلتەری ناو ئامێرەکە شەکرەکە لێ دەکرێتەوە دەچێتە سەر قایش وە لەوێ ڕەوانەی ناو ئامێری تواندنەوەی شەکر دەکرێت .شیلەکەش بە ڕێگای خۆی ڕەوانەی ئامێری کوڵاندن لە ژێر ڤاکیوم دەکرێت جۆرە شەکری (C)ی لێ دروست دەکرێت کە ئەم شەکرەش بە هەمان شێوە جودا دەکرێتەوە ودەتوێنرێتەوە وە لەگەڵ شەربەتی خەستی کەلە کولێنەرەکان هاتووە تێکەڵاو دەکرێت بۆ دروستکردنی شەکری (A) .

شەربەتی خەستی تواوەی شەکری (A) پاش گەرم کردن ڕەوانەی ئامێری لابردنی ڕەنگ دەکرێت کە مادەی (ڕزن) ی تایبەت بە لابردنی ڕەنگە ،پاش دەرچونی شەربەتی شەکر لەم ئامێرە شەربەتێکی ڕونی خەست دەردەچێت ڕەوانەی کولێنەری ڤاکیومی شەکری سپی دەکرێت کە پێی دەڵێن شەکری (R1) وە (R2) لەم ئامێرانە بەهەمان شێوەی پێشوو عەجینەی شەکر دروست دەکرێت وە بە سینتریفوگاڵ شەکرەکە لە شیلەکە جودا دەکرێتەوە شەکرەکە بەتەری ڕەوانەی بێژنگ دەکرێت بۆ جودا کردنەوەی کلۆی شەکر لە وردە. ووردەکە ڕەوانەی عەمبار بە قایش وە کلۆکە دووبارە دەتوێنرێتەوە وە بەکاردێت بۆ دروستکردنی شەکری (R1 ,R2) .شەکرەکە لە کیسەی (٥٠)کغم دادەنرێت وە ڕەوانەی عەمباری تایبەت بە شەکری سپی دەکرێت بۆ فرۆشتن .لە عەجینەی شەکری (C) شەکرێك دەردەچێت کە پاش توانەوەی بۆ شەکری (A) بەکاردێت وە شیلەکەشی خەستە برێکی شەکری تواوەی تێدا کە (٤٠٪ تا ٤٥٪) وە پێی دەگوترێت



دۆشاوی شەکر یان (مۆلاس) کە بۆ جۆرەها پیشەسازی بەکاردێت وەکو دروست کردنی لیمۆندۆزی ،کحول ...هتد .

سەرچاوەکان :


1- Mc. Ginnis (Beet Sugar Technology).
2- Instruction Book Of Sulaimaniyah Sugar Faktory.
٣- ڕاپۆرتی ڕۆژانەو مانگانەی کارگەی شەکری سلێمانی .
٤- دۆسیەی تایبەت لە بابەت پیشەسازی شەکر / ڕەشید خۆشناو .
٥- ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەت لە وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری ١٩٩٨/٦/٣

# گەچ

# کەرەسەیەکی گرنگی بیناسازی‌و ڕۆڵی لەئاوەدانکردنەوەی کوردستاندا



ئەندازیاری کیمیاوی
نەوزاد عوسمان عەبدولڕەحمان*

## پێشەکی

مرۆڤ هەمیشە لەهەوڵی دۆزینەوەو داهێنانی نوێ‌و باشتردابووەو ئەندێشەو بیری بۆ هەموو لایەکی ژیان چووە. کاتێك کەماڵەکەی پێویستی بەدەستکاری‌و نوێ‌کاری هەبووە بیری لەوە کردۆتەوە کەمادەیەکی توندو لوس‌و پێکەوەلکاو بدۆزێتەوە تاوەکو ڕووی دیوارەکانی پێ جوان بکات. بۆ ئەم مەبەستەش هەستاوە لەو جێگایانەی کەکبریتاتی کالیسیۆمی تیادایەهەندێ گژوگیاو پاشەڕۆی ئاژەڵی کۆکردووەتەوەو سوتاندوێتی، لەدوایدا ئەو جێگەیەی هەڵکەندووە بەقوڵایی چەند سانتیمەترێك‌و ئەو مادەیەی لێدەستکەوتووە کەپێی دەڵێن (گەچ).. دواتر ئەم کردارە پەرەی سەندووەو بڵاوبۆتەوەو لەشێوەی کورەدا کە بەنەوتی ڕەش سوتاوە بەردی گەچیان کۆکردووەتەوەو سوتاندووەو دواتر بەئاش هاڕیویانەو گەچیان بەرهەمهێناوە.

بەم شێوەیە دۆزینەوەو بەکارهێنانی گەچ مێژوویەکی کۆنی هەیەو یەکەم کەس کە دەربارەی گەچ نووسیویەتی لەساڵی ١٧٦٥ی میلادی بووە لەلایەن زانا لاڤۆسێر LAVOSIARوە کە دەربارەی سروشتی گەچ کەمادەیەکی پێکەوەلکاوە، سیفەتی ڕەقبوونی‌و هەروەها دەربارەی بلوراتی بەکڵس بوو کە لەسەر شێوەی کبریتاتی کالیسیۆمە نووسیویەتی.

گەچ بریتیە لە چینێك بەردی گرنگ کە لەسەر شێوەی بەردی گەچ لەزەوی‌دا لەهەندێ شوێندا هەیەو دادەنرێت بەسەرچاوەیەکی گرنگی پیشەسازی ترشی کبریتیك $H_2So_4$ کە ئەم ترشەش بنچینەی پیشەسازی کیمیاویەو ڕادەی بەکارهێنانی ئەم ترشە وەك پێوانەیەك وایە بۆ بەرزی‌و وشەی گەچ یان الجص لەوشەی جیپسۆسی یۆنانیەوە هاتووەو بەکبریتاتی کالیسیۆمی دوو ئاوی دەوترێت $CaSo_4.\ 2H_2O$ کە بەڕێژەی ٢٠-٢١٪ ئاوی تیادایە.



لەباری ئاسایدا بەردی گەچ لەرووی کیمیاویەوە بریتیە لە CaSo4. 2H20 کەپێی دەوترێت (Hemihydrat) کاتێك زیاتر گەرم دەکرێت لەسەروو ۲۰۰ پلەی سەدیەوە ئەوا هەموو ئاوەکەی ون دەکاتو دەبێت بەCaSo4 کەپێی دەوترێت Anhydrite کەئەویش سێ دۆخی هەیەو لەدۆخێکەوە بۆ دۆخێکیتر دەگۆڕێتو دۆخی سێیەمی لەپلەی گەرمی ۱۱۸۰ پلەی سەدیەوە دەستمان دەکەوێت.

Ca S 04.2H20 → Ca S0 4 .1/2 H2o +3/2 H20 Gypsun

→ CaSo4 + 2h20

کێشی جۆری CaSo4. 2H20 بریتیە لە۲,۲۳ -۲,۳ گم/سم۳ بەڵام کێشی جۆری CaSo4. 2H20 بریتیە لە۲,٥گم/سم۳و Caso4یش بریتیە لە۲,۹۲-۲,۹۷گم/سم۳.

## سروشتی گەچی بەرهەم دوای سووتانو هاڕین وەستاوەتە سەر:

١-پلەی بێخەوشی بەردی گەچ
۲-پلەی گەرمی بەکارهاتوو بۆ دەرکردنی ئاوی کریستاڵی
۳-تێکردنی مادەیتر بۆ دواخستنی مەیین یان خێراترکردنی.

## *ئەو هۆکارانەش کەکار دەکەنە سەر رەق بوونی گەچ بریتین لە:

١-پلەی وردی (النعومە).
۲-بێخەوشی ئاوەکەو پلەی گەرمیەکەی
۳-تێکردنی مادەی دواخەر یان خێراکەر

## *مادەی دواخەر

بریتین لەو مادانەی کەتێکەڵ بە گەچ دەکرێن بۆ دواخستنی ماوەی رەق بوونی بەهۆی ئەوەی کەدەبێتە هۆی کەمکردنەوەی خێرایی دروستبوونی بلورات یان درەنگ توانەوەی گەچەکە لەئاوەکەدا ئەو مادانەش وەك (خۆڵ، سلیکای ورد، جۆرەکانی غەرای ئەندامی، مادەی جەلاتینی، خوێی بۆراکس، وردەی دار، خوێن، شەکر، سەمغ، کیراتین، خوێی هەندێ ترشی ئەندامی) ئەم māددانە دوای وردکردنو هاڕینیان بەڕێژەی ۱,٥-۰,۲ تێکەڵ بەگەچ دەکرێن.

## *مادەی خێراکەر

بریتین لەو مادانەی کەتێکەڵ بە گەچ دەکرێن بۆ خێراترکردنی ماوەی رەقبوونی وەك (پەینی ئتیۆنی کبریتات) کەدەبێتە هۆی زیادکردنی توانەوەی کبریتاتی کالیسیۆم،

هەروەها وەك خوێ نائەندامیەکان (کاربۆنات و کبریتات و کلۆرایدی صۆدیۆم) کەبەرێژەی ٥,٠٪ تێی دەکرێت.

بەلأم باشتر وایە کەهیچ مادەیەکی تێنەکرێت چونکە کاردەکاتە سەر پتەوی گەچەکەو تەمەنی گەچەکە کەم دەکاتەوە.

## *گەچ لەسەر بنچینەی بەکارهێنانیو رێژەی $CaSo_4$ دەکرێتە چوار جۆرەوە:

١-گەچی ئاسایی بازاڕی: کەریژەی کبریتاتی کالیسیۆم تیایدا لە٦٠٪ کەمتر نیەو کلۆریدی سۆدیۆم ٢٪ زیاتر نیەو ئاوی یەکگرتووە لە٣٪ کەمتر نیەو لە٩زیاتر نیەو خەوشی (سلیکاو ئۆکسیدی ئاسنو ئەلەمنیۆم) لە٢٠٪ زیاتر نیە.

٢-گەچی مەصیص: رێژەی کبریتاتی کالیسیۆم لە٨٠٪ کەمتر نەبێتو ئاوی یەکگرتوو ٤٪ کەمترو لە١٠٪ زیاتر نەبێتو رێژەی خەوش لە٥٪ زیاتر نەبێت..

٣-گەچی شێوەکاری: رێژەی کبریتاتی کالیسیۆم لە٩٠٪ کەمتر نیەو ماوەی رەقبوون لە١٥ خولەك کەمتر نیەو لە٤٠ خولەك تێناپەڕێت..

٤-گەچی پزیشکی: رێژەی کبریتاتی کالیسیۆم لە٩٣٪ زیاتر نیە کەپاك ترین جۆری گەچی دەستکردە کەبەکاردێت لەئیشوکاری پزیشکیدا کەپێویستە ماوەی رەقبوونی لە٢ خولەك کەمتر نەبێتو لە٤ خولەك تێپەڕنەکات..



## *ئاشکرایە کەرەسەی خاوی سەرەکی بۆ بەرهەمهێنانی گەچ بریتیە لەبەردی گەچ کەئەمیش لەسروشتدا لەسەر دوو شێوە هەیە:

١-بەردی گەچی ئاوی سروشتی $Caso_4.2h_2o$

٢-بەردی گەچی بێئاو $Caso_4$

بەردی گەچی ئاوی سروشتی لەسەر پێنج جۆر هەیە، بەلأم بەردی گەچی بێئاو هەریەك جۆری هەیە، هەر کاتێك بەردی گەچ رێژەی کبریتاتی کالیسیۆمی لە٨٥٪ بەرەو ژووتر بوو ئەوا بەکالأ یەکی بازرگانی دەژمێردرێت.

## *جۆرەکانی بەردی گەچی ئاوی سروشتی

١-بەردی گەچی (المصمت) (خۆڕاگر) Maive or Roch Gypsum

رێژەی پاکی لەسەروو ٨٥٪ لەسەر شێوەی $CaSo_4.\ 2H_20$ خەوشەکان لەبەردی کلسو بەردی دۆلەمایتدان کەبریتین لە $CaCo_3.MgCo_3$

٢-بەردی گەچی (السلینیتی) یان بلوری شەفاف Selenite Gypsum

ئەم جۆرە رەنگی نیەو بەکارهێنانیشی کەمە بەهۆی نەتوانینی بەکارهێنانی وەك مادەیەکی لکێنەر.

٣-بەردی گەچی مەڕ مەڕ Alabaster

کەبریتیە لەدەنکی خڕی گەچی بەهێز کەرەنگی سپی یەو بەکەمی هەیەو بەکاردەهێنرێت بۆ جوانکاری.

٤-تالبسێت Gypsite

لەسەر شێوەی چینی بلووری هەیە لەناو گڵدا لەقوڵایی زەویدا.

٥-بەردی گەچی (المقصول) Sutinspar

لەسەر شێوەی خەتی بریسکەدارو بەرز دەردەکەوێت

## *بەکارهێنانی گەچ

١-وەك مادەیەك بەکاردێت بۆ دیوار دروستکردن لەجیاتی چیمەنتۆ یان قوڕ بەتایبەتی لەناوچە گەرمەکاندا.

٢-بەکاردەهێنرێت بۆ سپیکاری کردنی دیوار.

٣-بەکاردەهێنرێت بۆ کاری شێوەکاری.

٤-بەکاردەهێنرێت لەبواری پزیشکیدا.

٥-لەبواری پیشەسازی چیمەنتۆشدا بەکاردەهێنرێت بەرێژەیەکی دیاریکراو کە لە٣٪ تێپەڕناکات، چونکە زۆرو کەمی کاردەکاتە سەر جۆری چیمەنتۆکە.

*بەم شێوەیە دەبینین کە گەچ وەك کەرەسەیەکی گرنگی بیناسازی دەتوانێت رۆڵێکی گەورە ببینێت لەپرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی کوردستاندا، هەر بۆیە ئەرکی هەموانەو بەتایبەتیش ئەندازیارانی سەرپەرشتیاری پرۆژەکان کەهەوڵی زیاتر بدەن لەپێناو زیاتر بەکارهێنانی گەچی هونەریدا بەمەبەستی برەوپێدانی بازبڕی ئەو گەچەو زیادکردنی داهاتی حکومەتی هەرێمو پیشەسازی ناوخۆیدا.

*ئاشکرایە کە لەسنووری حکومەتی هەرێمی کوردستاندا تەنها کارگەی گەچی هونەری بازیان هەیە کەبەشێوەیەکی هونەری گەچ بەرهەم دەهێنێتو توانای بەرهەمهێنانی لەساڵێکدا نزیکەی ١٢٠,٠٠٠ تەن دەبێت کە ئەم بڕەش دەتوانێت پێداویستی ئەم ناوچانە دابین بکاتو بەشداریەکی کاریگەری هەبێت لەپرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی کوردستاندا، بەرهەمی گەچی ئەم کارگەیە لەرووی هونەریو ئابوریشەوە گەلێك سیفاتی زۆر باشی هەیە کە لەو گەچەدا نیە کە بەشێوەیەکی سەرەتاییو دوور لەتەکنەلۆژیای سەردەم بەرهەم دەهێنرێت لەلایەن کەسانی ناپسپۆڕو دوور لەبەکارهێنانی ریگەی زانستی.

*بەرهەمی گەچی ئەم کارگەیە گەچێکە کە بەپێی مواصەفاتی ئەڵمانیو جیهانیو بەمەرجەکانی دەزگای پێوانەو کۆنترۆڵی جۆری عیراقی ژمارە ٢٨ی ساڵی ١٩٦٩ بەرهەم دێت، کەگەچێکی نەرمو وردەو خۆڵو خاشاكو مەوادی زیانبەخشی تێدانیە کەدەبنە هۆی تەقینو درزبوونی دیوارو لەبەرئەوەی بەبێژنگی پێوانە جیاوازدا تێپەردەکات لەدیواردا سافو بریقەدارو سپی دەبێت، هەروەها خوێکانی کالیسیۆمو مەگنیسیۆم کبریتی تێدا نیە کەدەبنە هۆی هەڵمژینی ئاوی زۆرو هەڵوەرینی گەچەکەو دروستبوونی رەنگی زەرد بەسەر دیواردا، لەرووی ئابوریشەوە لەبەرئەوە گەچی ئەم کارگەیە بەرێژەیەکی بەرز پوختە ، زۆرتر ئاوی پێویستە لەبەرئەوە بڕێکی کەمتر پێویستە بۆ سپیکردنی دیوار بەرامبەربەگەچی ئاسایی کورە، بۆنموونە بۆ داپۆشینی ١م٢ لەدیوارێك بەئەستوری ١سم تەنها ٧,٥کغم پێویستە لەگەچ جگە لەمەش رێژەی بەفیرۆچوونی نزیك دەبێتەوە لەسفر.. هەروەها توانای شکانی بریتیە لە٥٠کغم/سم لەماوەی ٧ رۆژدا.

*گەچی ئەم کارگەیە توانای رەقبوونی زۆرەو لەماوەی ١٥ خولەکدا رەق دەبێت کە ئەم ماوەیەش ماوەیەکی باشە کەکرێکارو وەستا بتوانن ئیشی پێبکەنو هیچ گرفتێکی نیە، بەلام بەداخەوە بەهۆی تێنەگەیشتنی زۆرێك لەئەندازیارانو بەڵێندەران لەلایەكو لەلایەکی تریشەوە لەبەر بەرژەوەندی وەستاو کریکارانو هیلاك نەبوونیانو دەستکەوتنی پارەی زیاتر گەچی ئەم کارگەیە لەزۆربەی پرۆژەکاندا بەکارنایەت، چوکە بەداخەوە وەستاو کرێکاری گەچکاری بریاردەدات کە چ جۆرە گەچێك بەکاربهێنرێت نەك ئەندازیار، کەئەمەش بەزیانێکی گەورە دەگەرێتەوە بۆ ئابووری حکومەتو نەبوونی بازاڕ بۆ گەچی ئەم کارگەیە، لەگەڵ ئەوەشدا کە بەتاقیکردنەوە دەرکەوتووە ئەو دیوارەی بەگەچی ئەم کارگەیە دەکرێت زۆر بەهێزەو بۆ ماوەیەکی ئێجگار زۆر دەمێنێتەوە بەبەراورد لەگەڵ گەچی کورەکانداو زۆرجار وەستاکان پەنادەبەنە بەر گەچی ئەم کارگەیە بۆئەوەی تیکەڵاوی بکەن لەگەڵ گەچی کورەکاندا تا بەدیوارەکانەوە خۆی رابگرێت.. سەرەرای هەموو ئەمانەش نرخی ١ تەن گەچ بە١٣٠ دینارە کەنرخێکی زۆر هەرزانە..

*هەر بۆیە بەمەبەستی زیادکردنی داهاتی حکومەتی هەرێمو پەیداکردن بازاڕی گەچی ئەم کارگەیەو پەرەپێدانو گەشەپێدانی پیشەسازی خۆماڵی کە هەموو کەرەستە سەرەتایەکانی لەکوردستاندا دەستدەکەون پێشنیاز دەکەم کە:

لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانی بەرێزەوە مەرجی بەکارهێنانی گەچی هونەری ئەم کارگەیە لەتەندەری پرۆژەکاندا بچەسپێنێتو هیچ پرۆژەیەك وەرنەگرێت لەهیچ کۆمپانیاو بەڵێندەرێك ئەگەر گەچی هونەریان بەکارنەهێنابێت..

*بەرێوەبەری کارگەی گەچی هونەری بازیان

# زانستی پەیوەندی ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری لە نێوان هەسارەکاندا

ئەندازیار : تەیمور ئیبراهیم ساحێبقران

زۆر لە مێژە مرۆڤ بەسەرنجەوە دەڕوانێتە هەسارەکان . زانایان و ڕۆشنبیران لە دووی وەڵامی ئەو پرسیارانە دەگەڕێن کە لە سروشتدا ئاشکرا نین . ئەم نهێنیانەش ڕۆژانە هۆکارەکانیان دەدۆزرێنەوە، یاخود قۆناغێك بەرەو ئاشکرا بوونیان دەنرێت . ژیانی مرۆڤ خۆی لە خۆیدا یەکێکە لەو نهێنییە گەورانە .

پەیوەندی مرۆڤ بە زەوییەوە - دایکی گۆشەگیرمان - پەیوەندی زەوی بە دەوروبەریەوە بوەتە بابەتێك ، زۆر لە زانستەکان هەریەکەو لە گۆشەی ڕوانینی خۆیەوە ڕاوبۆچونی زاناکانی دەخاتە سەرخەرمانی ئەو زانیاریانەی کەوەدەستی دینێ . زانایانی ماتماتیك ، فیزیا ،کیمیا ، فەلەك ، فەلسەفە ، بایەلۆجیا (بەتایبەتی بایەلۆجیای گەردیلە ) پاش دۆزینەوەی پێکهاتەی ترشەلۆکی ناوکی (دیز ئوکسی ریبۆن) ناسراو بە (DNA) . هەروەها زانایانی زانستەکانی پەیوەندی پاش ناردنی دەیان مانگی دەسکرد بۆ بۆشایی ئاسمان جارێ قۆناغێکی نوێی شارستانیەتی مرۆڤایەتیاندا ، یەکێکیش لەهەنگاوەکانی ئەم قۆناغە کە پتر لە نیو سەدەیە کاری تیادەکرێت ئاڵوگۆڕکردنی زانیارییە .

مرۆڤ بەدوای شارستانیەتی دەرەوەی گۆی زەویدا دەگەڕێت ئەیەوێ پەیوەندیان لەگەڵدا ببەستێت . ئەم شارستانیانە بابەتێك نین لە خەون و خەیاڵ ، بەگوێرەی زانستی ئەژماردنەکان (ماتماتیکی ئیحصائی)(١٠)١١ ئەستێرە هەن لە مەجەرەکاندا واتا (١٠٠ ملیار ئەستێرە) .هەموو ئەستێرەیەکیش لە کۆمەڵەی خۆیدا هەسارەیەکی خۆی " بەلایەنی کەمەوە " هەیە کەژیانی تێدا هەبێت . شێوازو جۆری ئەو ژیانانە ڕادەی شارستانییەتیان جۆراو جۆرە ، بەڵام گومانی تێدا نییە کە ڕادەی شارستانییەتی هەندێکیان لە ڕادەی شارستانیەتی ئێمەی مرۆڤی سەرزەوی پێشکەوتوو ترە .ئەم هۆکارە گرنگانەیە کەلە هەموو وڵاتانی جیهان بە تایبەتیش وڵاتە پێشکەوتوەکان کەزۆر بە چڕو پڕی و بەبابەخێکی گرنگەوە دەڕواننە ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری و کاری پێویستی بۆ ئەنجام دەدرێت .دەبێت پەیوەندی کردن بە هەسارەکانەوە چۆن بن ؟ بەچ زمانێك ئەم پەیوەندیە دەکرێت ؟ ئەو هێماو ئیشارەتانەی بەکاردێن بۆ ئەنجامدانی ئەم مەبەستە دەبێت بە چ جۆرو شێوازێك بێت ؟ .

(سەرنج ڕاکێشان ) یەکێکە لەو مەرجانەی کە دەبێت لەو ئیشارەتانەدا بێت کەدەنێرێنە دەرەوە ، بەچ بەهایەك ئەو ئیشارەتانە دەگەنە شوێنی مەبەست ،

واتە لە بەرپانی و بەرینی ماوەی نێوان هەسارەکان کەلەسەدان و هەزاران سالّی تیشکی تێپەڕ دەکات ، دەبێت ئەو خالّە رەچاو بکرێت کەبەکەمترین وزەو کەمترین نرخ ئەو ئیشارەتانە بگەنە شوێنی مەبەست .یەکێك لە زانا ناسراوەکانی ئەم بوارە (ڤۆن هۆرنەر ) دەڵێت ناردنی ئیشارەتەکان کاتێك لەکەمترین نرخیدا دەبێت کەوزەی ناردنی بەکار هاتوو لەتەسکترین گورزە (حزمە) دابێت و لەسەر شەپۆلێکی دیاریکراو بێت و بتوانرێت وەربگیرێت و لە هەمان کاتیشدا سەرنج راکێشەر بێت .

یەکێك لەو شەپۆلانەی کەلەلایەن (کۆکۆنی مۆریسۆن) ەوە دەست نیشان کراوە ، شەپۆلی هێلّی رادیۆیی هایدرۆجینە . یەکێك لەمەرجەکانی تریش ئەوەیە کەشەپۆلە نێردراوەکە دەبێت سادەو ئاسان و لۆجیکی بێت ، جگە لەوەش دەبێت ناردنی ئەو شەپۆلانە لەسەر بەرنامەیەکی کاتی دیاریکراودا بێت .. واتا سەرەتای ناردن ، دوپات بوونەوە ، پەیوەندییەکانی تر لەسەر نەخشەو پلانێکی داڕێژراو بن .

یەکێك لەمەرجە گرنگەکانی تری شەپۆلەکانی پەیوەندی دەبێت هەلّگری ئەو زانیاریانەبن کەمەبەستن بنێردرێن . ئەو زانیارییانەش دەشێن لەخودی شەپۆلەکە خۆیدا بێت ، واتا بەمۆدۆل کردنی ئامارژەکان ، یاخود دەبێ ئامارژە بدرێتە ئەو شەپۆلانەی کە هەلّگری زانیارین بۆ ئەم مەبەستەش پەیوەندی لەسەرەتادا بە ئامارژەی (سەرنج راکێشان ) دەست پێدەکات کەئەمانیش بریتین لە ژمارەیەکی زۆر ئامارژە لەسەر چەند شەپۆلێکی دیاریکراو .

هاوئاهەنگ لەگەلّ ئەم شەپۆلانە ، شەپۆلێکی ناوەندی دەنێردرێت کاتی نزیك بوونەوەی شەپۆلەکانی (ئامارژەی سەرنج راکێشان )، لەشەپۆلە ناوەندییەکەدا ماوەی نێوانیان (ماوەی نێوان دوو شەپۆلی بەدووی یەکهاتوودا ) تەسکتر دەکرێتەوە و شەپۆلە ناوەندییەکەش کەهەلّگری زانیارییە بەگورزەیەکی تەسکتردا بەپێوانەی شەبەنگی (طیفي ) دەنێردرێت .

بەم شێوەیە هەست دەکرێت کەشەپۆلە ناوەندییەکە ناوەڕۆکێکی هەیە و شەپۆلەکانی تریش (سەرنج راکێشەر) دەبن .بەدەست نیشانکردنی خشتەی کاتی پەیوەندی کردن لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا بەهەمان شێوە ولەسەر هەمان شەپۆل پەیوەندی دەکرێنەوە . زانیارییەکانیان لەشێوەی رستە (دایەلۆگ) دا دەنێردرێن یاخود بەشێوازێکی گونجاوتر کە زانایەکی ئەمریکی بەناوی (درێیك) پێشنیاری کردووە کەئەویش ناردنی زانیاریە لە شێوەی (گوزارە) دا .وامەرجە بۆ وەرگرتنی زانیاری بەشێوەی گوزارە ، دەبێت وەرگرانی پەیامەکە توانای بینیان هەبێت چونکە گیانلەبەر هەرچی چۆنێك بێت رادەی پێشکەوتنی " بە پێوانەی ئێمەی زیندەوەری سەرزەوی " توانای بینیان هەیە ، تەنها لە رێگای بینینەوەیە کە زۆربەی زۆری زانیاریەکان وەردەگیرێن ، وەکاری گونجاوی بەرانبەری پێئەنجام ئەدرێت . ناردنی زانیارییەکان بە شێوازی گوزارە بۆ یەکەم جار لە کۆنفرانسێکی فەلەکیدا لە شاری (گرین بینگ) لە ئەمریکا لەلایەن (درێیك)ەوە ئامارژەی پێدرا .

درێیك لە وتارەکەیدا بۆ ئامادەبوانی کۆنفرانسەکە دواو وتی : گریمان لەیەکێك لەهەسارەکانەوە سەرنجی رادیۆییمان بۆ دەنێرن لەماوەی کورت کورتدا ، سەرنجەکان پچڕپچڕن ماوەی نێوانیان هێندەی ماوەی نێوان چەند سەرنجێك دەخایەنێت ، لەسەرەتادا ئەم سەرنجانە بە شێوازێکی نارێك و پێك دەگەنە لامان ، لە دواییدا بەرێك وپێکی دەگەنە لامان پاش ماوەیەکی تر بەهەمان شێوە پەیوەندیمان پێوە دەکرێتەوە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەسەرچاوەیەك هەیە بۆ شیتالّ کردنەوەی ئەم سەرنجانە بەمەبەستی تێگەیشتن لەو زانیارییانەی کە تیایدایە ، ئەگەر ئێمە

ژمارەی (یەک) دابنێین بۆ سەرنجەکان و ژمارەی (سفر) دابنێین بۆ ماوەکەی نێوانیان کە هێندەی درێژی سەرنجەکە خۆیەتی ئەوا ئەم نوسراوە دەردەچێت کەلە وێنەی ژمارە (١) دا نیشاندراوە .



وێنەی ژمارە ( ١ )

وێنەکەی بەسەر ئامادەبوانی کۆنفرانسەکە دابەشکرد و داوای لێکردن کەشیتاڵی بکەنەوەو بزانن چ زانیارییەکی تیایە ، ئەوەی کەزۆر سەرنج راکێشە ربوو زۆرینەی ئامادەبوان ئەو ئەنجامانەی بەدەستیان هێنا بوو لەیەك شێوازدا بوون .هەموویشیان پێکهاتن لەسەر ئەوەی کە نوسراوەکە بریتیە لە (١٢٧١) ژمارەی (یەك )و( سفر) .ژمارەی ١٢٧١ لەلێکدانی دوو ژمارە( ٣١× ٤١ ) پێك دێت .ئاساییە کەوا پێشبینی بکرێت کە پێوانەی( ٣١× ٤١ ) وەك سەرنجی کادرێکی تەلەفزیۆنی وایە کە بریتییە لە ٣١ ریز و لەهەر ریزێکدا ٤١ پارچەی تیا بێت ، دەشێت بە پێچەوانەیشەوە سەیر بکرێت واتا ٤١ ریز و لەهەر ریزێکدا ٣١ پارچە بەلاّم بەم شێوەیە دەبێت (نامەکە) بە ٩٠ پلە هەڵبگێردرێتەوەوە مانایەکیش نابەخشێت لەبەر ئەوە ئەگەری یەکەم وەردەگیرێت . لەبەر ئەوەی زۆرینەی ژمارەکان سفرن دەبێت لە سەر هێڵی کۆنتورییەوە بروانرێتە (گوزارەکان).ئەگەر ئەو گوزارانە بخرێنەسەر ریزەکان ، لەجیاتی ژمارەی (یەك) یش خاڵێکی رەش دابنرێت ئەوا ئەو وێنەیەمان بۆ دەردەچێت کەلەوێنەی ژمارە (٢) دا دەردەکەوێت .

ئەم وێنەیە زۆر سەرنج راکێشەو پڕە لە زانیاری ، نێردراوەکە لە پێش هەموو شتێکدا ئاماژە بەوە دەدات کە دانیشتوانی ئەو هەسارەیە خاوەن (ئەقل ) ن ، شێوازی ژیانی کۆمەلاّیەتییان ، شێوەی لەشیان لە شێوەی ئێمەی مرۆڤی سەرزەوی دەچێ .



وێنەی ژمارە (٢)

ئەو هێما ئەڵقە شێوازەی سووچی سەرەوەی لای چەپی وێنەکە هێمای ڕۆژە ،خاڵەکانی لای چەپیش لەسەرەوە بۆ خوارەوە هەسارەکانی دەوروبەرین ، ئەو خاڵانەی بەرانبەر خاڵی هەسارەکانن زنجیرەی هەسارەکان دەردەبڕن (بەگوێرەی ئەژمارکردنی جووتی) : واتە هەر ژمارەیەك بریتییە لە کۆی توان دوو :

$$n = a_0 2^0 + a_1 2^1 + a_2 2^2 + \dots + a_i 2^i$$

هەروەکو لەسەرەوە باسمان کرد سەرنجەکان ژمارەی (یەك )یان دەدرێتێ و بۆشاییەکانی نێوانیان ژمارەی (سفر) . لەکاتی وەدەرخستنی هێماوگوزارەکان و ناوەڕۆکی نێردراوەکە لەبری ژمارە (١) کەبۆ سەرنجەکان دانراوە خاڵێکی ڕەش دادەنرێت ، ژمارەی (سفر) یش هەر بەبۆشایی جێدەهێڵرێت . بەبەکارهێنانی هاوکێشەی ئەژمارکردنی پێشوو (ئەژمارکردنی جوت)ژمارە (١١) بۆ بەڵگە بەم شێوەیە دەنوسرێت :

$$11 = 1.2^3 + 1.2^2 + 1.2^1 + 1.2^0$$

که ئەویش دەکاتە سێ خاڵی ڕەش (...) لە وێنەکەدا . دەبێت ئاماژە بەوەش بدرێت کەلای چەپی هەموو گوزارەیەك لەوێنەی (٢) دا خاڵێکی ڕەشی زیادە دادەنرێت وەك نامە ناردن بەتەلەگراف . وێنەی گیانلەبەری لای چەپ سەرنج بۆ چوارەمین هەسارە ڕادەکێشێت (ئەویش بەگوێرەی دووری لە ڕۆژەوە)، دەشێ مەبەستی ئەو سەرنج ڕاکێشانە ئەوەبێت کەژیان تەنها لەسەر ئەو هەسارەی هەبێت .لە سێیەم هەسارەوە خەتێکی شەپۆلدار بەئاسۆی ئەو وێنەیەدا دەڕوات ئەویش ئەوە دەگەیەنێ کە ڕووبەری ئەو هەسارەیە بە شلەمەنییەك داپۆشرابێت (ڕەنگە ئاو بێت) بەوەی لەژێر هێڵە شەپۆلدارەکەدا هێمای (ماسی) شێوازێك نیشان دراوە کەلەوێدا دەژی ، ناردنی زانیاری بەم شێوەیە ئەوەیش دەگەیەنێ کە دانیشتوانی ئەو هەسارەیە توانای گەشتی نێو هەسارەکانیان هەبێت ، بنەماسەرەکییە کیمیاییەکانی ژیانیان لەبنەما کیمیاییەکانی لای خۆمان دەچێت چونکە بە شێوەی گوزارە لەسەرەوەی وێنەکەدا لەچەپەوە بۆ ڕاست ئاماژە دراوە بە ئاتۆمی هایدرۆجین ، کاربۆن ، ئۆکسجین .لەلای گیانلەبەری لای ڕاستەوە هێمای بەرزی (باڵا) ئیشارەتی پێدراوەو لەسەر ئەو هێمایەش لە ناوەڕاستیا ژمارەی (١١) نوسراوە ، ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێ کەبەرزی باڵای ئەو گیانلەبەرە (١١) یەکە بێت . بۆ زانینی ئەو بەرزییە پرسیارەکە لەوەدا دەبێت کەدەبێ چ یەکەیەك بەکار بهێنرێ بۆ ئەم مەبەستە ؟ .

لەبەر ئەوەی پەیامەکە لەسەر شەپۆلی (٢١)سم دەنێردرێت بەدانانی یەکەی پێوانە بەدرێژی شەپۆلی هێلی ڕادیۆیی نێوان دوو هەسارەکە ئەوا باڵای ئەو گیانلەبەرە (٢٣١)سم دەردەچێت . لە کۆتاییدا وێنەی لای ڕاست لەسەر دەستی وێنەکە ژمارەی (٦) نیشاندراوە کە پێدەچێت ئەم گیانلەبەرانە شەش پەنجەبن و سیستەمی ژماردنیشیان سیستەمی دوانزەیی بێت .

مایەی سەرنجە کەلە نامەیەکی (١٢٧١) پیت پێکهاتوو چەند زانیاری وەدەست هێنرا ، کەئەم نامە کورتە دەتوانرێت بە ئاسانی بەلەرینەوەیەکی دەزولەیی زۆر تەسك لە ماوەیەکی زۆر کورتدا ببینرێت ، خۆ ئەگەر لەرینەوەکە فراوان بکرێت ماوەی ناردنیش درێژتر بخایەنێت ئەوا کۆی هەموو ئەو زانیارییانەی کە مرۆڤ وەدەستی هێناوە لەسەرتای بونییەوە تاکو ئەمڕۆ لەچەند کاتژمێرێکدا ڕەوانە بکرێت .بۆ بەڵگە ئەگەر سەد ملیۆن کتێب(نوسراو)لەهەر یەکێکیاندا چل هەزار پیت و گوزارەی تێدا بێت ، کۆی ژمارەیان لەو سەد ملیۆن کتێبەدا دەکاتە (٤×١٠ ١٣) .

بـــەگوێرەی ئـــەژماردنی سیســـــتەمی جـــوت (توانـــــــەکانی دوو) کۆی پیت و گوزارەکان دەبنە $(١,٧)\ ١٠^{١٤}$ . زانیارییـەك بـەم قەبارەیـە ئەگـەر بەوزەیـەکی (١٠٠٠) مێگا هێرتز لەسەر شـەپۆلێکی ٢١ سم بنێردرێت کەئەمیش کارێکی ئاسانەی ئەوا لە ماوەی ( $١٠^{٥}$ ) چرکەدا ئەنجام دەدرێت کـە ئـەویش ئەکاتە ٢٧ کاتژمێر و ٨ دەقیقە .

گومانی تێدا نییە کە ناردنی ناوەڕۆکی سەد ملیۆن کتێب بە رستە ،کارێکی خۆکوژییە ، بەنرخیش زۆر گـران بـەها دەردەچێـت ،بۆیـە دەبێـت بڕیـار لەسـەر شـێوازی نـاردنی پەیامـــەکان پســـپۆرانی بـــواری پەیوەندی ، ماتماتیکی لۆجیکی و رادیۆ ئەلکترۆنیك دەست نیشانی بکەن . هەر ئەم هۆکارانە بوون کەبونە بەردی بناغەی شێوازێکی گفتوگۆ کـردن کەزانایـەکی هۆڵەندی بەناوی (فرۆیدینتاڵ )ەوە بناغە دانـەرێتی و ناوی زمـانی (لینکـۆس)ی لێـنرا.ئـەم زمانەبـەردەوام لەگەشە کردندایە ، زمانێکی لۆجیکییە ، پوختەکراوە لەهەموو ئاڵۆزکارییەکانی رێزمان ،یاسا دەگمەنەکان ، هەموو جۆرە ئالتەرناتیڤێك ... هتد .هـەروەها ئازاد کراوە لەهەموو ڤۆنەتیکێك . وشەکانی ئەم زمانە هیچ کاتێك و هیچ کەسێك لەگەردوندا پێی نادوێن . بەڵکو بەشێوازێك دەکرێتە (کادر)(بۆبەڵگە لەسەر سیستەمی جوت کەئـەمیش مـەرج نییـە ) بـە وزەیـەکی گونجـاو لەرێگەی تەلسکۆپی رادیۆییەوە دەنێردرێتە بۆشایی ئاسمان .

بەش بەشکردن ، دانانی زنجیرە ، جیاکردنەوەی وردو لۆجیکـی ، بـە ژمـارەکردنی بابەتـە جیاجیاکـانی نێردراوە ئاسمانییەکە بۆ فەسڵ و پەرگراف و بابەت و ...هتد .کارێکی زۆر گرنـگ و پێویسـتە بـۆ زمـانی (لینکۆس) چونکە بە پێچەوانەوە رەچاونەکردنی ئەم خاڵانـە دەبنـە هـۆی ئـاڵۆزکردنی نامەکـەو شـیتاڵ نەکردنـەوەی ، بە تایبـەتی کـاتی گۆڕینـی بابەتـەکان لەبابەتێکەوە بۆ بابەتێکی تر (وەك لە ماتماتیکەوە بۆ بایۆلۆجیا یاخود هەر فەسڵێکی تری گرنگ ). پەیام ناردن بە زمـانی (لینکـۆس) دەبێـت لـە بنـەما سـادەو سەرەتاییەکانەوە دەست پێبکات ، قەبەو گەورە نەبن ، لە ژێر ناونیشانێکدا (تایتڵێك) دا بنێردرێن .

بۆ بەڵگە باسەرنجی نوسراوێك بدەین ..................

سـەرەتا زانسـتییەکان – ماتمـاتیك – فەسـڵ ١ – پـەرەگراف ١ – ناونیشـان– ریزێـك لـە ژمـارە ئاساییەکان .

وانەکە بریتی دەبێت لە نـاردنی زنجیرەیـەکی سـادە (واتا سەرنجی مۆدۆل نەکراو ) .لەسەرەتاوە یەك لەو سـەرنجانە ئـەمجا دەکرێنـە دوو سـەرنج ............... هتد ، ناوەڕۆکیان دەبێت زۆر سادەو روون بن .

نـێردراوی داهـاتوو – پـەرەگراف ٢ – ناونیشـان – هێمای ژمارەکان .

١= – ، ٢= – – – ، ٣= – – – – .

لـەم پەیامـەدا مانـای یەکسـان ، هێمـای ژمارەکـان بەزمانی (لینکۆس)رەوانە دەکرێت ... ئاسایی دەبێت کـە گومـان بکەوێتـە ئـەوەی کـە ئایـا پەیامەکـە وەرگیرابێت ؟ یاخود ئەگەر وەرگیرابێت بەڕاستی لێی تێگەیشـتون ؟!ئەگـەر پەیامەکـە وەرنـەگیرابێ ئـەوە چـاوەڕوان دەکرێـت کـە (پـەیام وەرگـران) ئـامێری بەهێزی رادیۆ تلسکۆبیان نەبێت ئەگەر گومانێکیش لە تێگەشتن و ئاڵۆزیـەك لە پەیامەکـەدا هـەبێت ئـەوا بەشی سێهەمی ئەم نێردراوە ئاڵۆزیەکە ئاسان دەکات :

پاراگراف ٣ : ناونیشان . کۆکردنەوە

١+٢- ٣ ، ١+٣- ٤ ، ٢+٣-٥

................هتد

هەربـەم شـێوەیەش وانـەی لێدەرکـردن بـە لێکـدان و دابەشـکردن ، دوایـتریش بابـەتی قورسـتری بیرکـاری (ژمارە $\pi$ ، لۆگاریتمی ناتوراڵ ، جەبر و شیکاری ) رەوانە دەکرێت .

بۆ وانەی ئەندازە دەبێت هێماو وێنەکان لەگەڵ زمانی (لینکۆس) دا بەیەکەوە بنێردرێن . بەناردنی ئەم وانانە گوێگر بە دواچونیانا زانیاری تری وەك(یەکسانە بە ) ، (زۆرتر) ،(کەمتر) ، (جیاوازە) ،(راستە ) ، (هەڵەیە ) ، (نزیکتر بە) ، (ماکسیموم) ، (مینیمۆم ) ، (زیاد ئەکات) ، (کەم دەکات ) هەتاوەکو هەندێك رستە وەك : (ئاسانە دیاری بکرێت کە ......................) کە ناوەرۆکەکانیان هێندە لۆجیکین هیچ گومانێك ناکەوێتە شیتاڵ کردنەوەیان و بە گوێرەی بۆ چونی (فرۆیدینتاڵ) بە زمانی (لینکۆس) دەتوانرێت کەبابەتی گرانی کۆمەڵایەتیش وەك (ترسنۆکی )،(توندو تیژی)، (هەست کردن) ............ یش بنێردرێت ئەویش بە دروست کردنی چەن دایەلۆك و سیناریۆیەك لە نێو گوێگراندا .لەسەرەتادا خولقاندنەکە شێوازێکی ماتماتیکی پوختی دەبێت وەك لەم شێوەی خوارەوە رون دەکرێتەوە :

وانەی بنەما سەرەکییەکانی زانست - مشتو مڕ - بابەتب مشتو مڕ- لێهاتوویی بیرکردنەوەی نێوان گیانلەبەری A و گیانلەبەری B

A ⟶ B

2 + 3 = ?

B ⟶ A

2+3 = 5

A + B راستە

دوای ئەوە گیانلەبەری C دەهێنرێتە مشتومڕەکەوە .

A ⟶ B

15X15 = ?

B ⟶ A

15X15 = 220

A ⟶ B هەڵەیە

A ⟶ C

15X15 = ?

C ⟶ A 15X15=225

A ⟶ C راستە

C زیرەکترە لە B

بە خولقاندنی دایەلۆگ و خۆنیشاندانی قورستر درەنگ یان زوو گوێگر تێدەگات کەئەم نێردراوانە ماتمکاتیك نین کە ئەو شارەزایی هێما و ژمارەکانی بوە ، بەڵکە بابەتێکی دیکەن ، کە دەبێت بیر بخاتە گەڕ . بۆ شیتاڵ کردنەوەو دەرخستنی بهێنییەکانی کە ئەویش دەبێتە هۆی وەگەڕخستنی هەست و خواست و ئامرازەکان ، واتا هەژاندنی بیرو هۆشس کۆمەڵایەتی .

ناردنی زانیارییەکان لە رێگەی نوسراوەوە (دیالۆگەوە) شانبەشانی ناردنی هێماو وێنەکان دەتوانرێت وێنەی زیندەوەرەکان ، کاڵاکان ، ئامێرو دروستکراوەکان بنێردرێت ، رونکردنەوەیش دەربارەیان دەبێت بە زمانی لینکۆس بێت .بۆ بە ڵگە وێنەی ژمارە (٣) هەموو ئەو زانیاریانە نیشان ئەدات کەلەخشتەی دەوری کانزا کیمیایەکانی (مەندەلیف)دا هاتووە و لەسەر تەوەرەی س (میحوەری س ) ئاماژە دراوە بە ژمارەی پرۆتۆن لە ناوکی هەر مادەیەکدا ، لەسەر تەوەری شاقولی (میحوەری ص) ژمارەی نیوترۆنەکانە . لەم دەربڕینانەیشدا دەتوانرێت ژمارەی ئەو (ئایزۆتۆپەئارامانە) ی کەئەو مادەیە هەیەتی دەست نیشان بکرێت ، ئاماژە بەوە دەدەین کە سێ ریز لەوێنەی (٣) وەك یەك ریز دابنرێت لەچەپەوە بۆ سەرەوە بەرەو راست (بە فۆرم کردنی وێنەی ٣) بەم شێوەیە بۆ مەبەستی گونجاندنی وێنەکەیە لەگەڵ ئەو روبەرەی کە بۆی تەرخان کراوە.




وێنەی ژمارە ( ٣ )

خشتەی توخمە کیمیاییەکان

ناردنی هێما نەگۆڕەکانی فیزیا ، فەلەك ، کیمیا ، کارێکی ئاسانن . بۆ بەڵگە یەکەی درێژی( ٢١ سم بۆ نمونە ) و لە ڕێگای ئەو یەکەیەوە هەموو یەکەکانی درێژی . دوای ئەوە یەکەی قورس (بۆ نمونە دەبەسترێتەوە بەیەکەی قورسی ئەلیکترۆنەوە) لە ڕێگەی ئەوەوە زانیاریش دەربارەی یەکەی قورسی ،هەروەها یەکەی خێرایی (بۆ نمونە لە ڕێگای خێرایی تیشکەوە ) بەدرێژی ئەو چەپکە روناکییەی کەوەردەگیرێت .بەم شێوەیە دەتوانرێت چەند زانیارییەکی زانستی چەندیش ئاڵۆز بێت بنێردرێت . لەکۆتاییدا دەبێت ئاماژە بەوە بدەین کە شیتاڵ کردنی زمانی (لینکۆس) ئاسانترە لەشیتاڵ کردنەوەی زمانی کۆنی شارستانییەکانی سەرزەوی کە ئاسەواریان نەماوە .

جارێکیتر جەخت لەسەر ئەوە دەکەین کەسەرەتای پەیوەندی لە نێو هەسارەکان ئەبێت بەهەنگاوی سەرەتایی و سادەو لەسەر خۆ دەست پێبکات ، نەك یەکسەر بە چڕوپڕ بۆ هەنگاوی خێرا خێرا .ئێمە وای بەباش ئەزانین کەئیشارەتی سەرنج راکێشان (بۆبەڵگە ئینرۆ تۆپی) سەرچاوەی پەخشی رادیۆیی بێت (کەبە شێوەیەکی یەکسان بەهەموو لایەکدا پەخش دەکرێت ) .هەموو پێوانەو بۆ چونەکانی (فۆن هۆرنەر) لەسەر بنەمای پێوانەو لۆجیکی شارستانی سەرزەوی ئەنجام دراون ، کە گومانی چالاکی و زیرەکی لێناکرێ .بەلاّم ئەوەش لە یاد نەکەین کەپلەی شارستانێتی بەلانی کەمەوە لای هەندێك لەهەسارەکان دەشێت و دەبێت لە ئاستی شارستانێتی ئێمەی مرۆڤی سەرزەوی پێشکەوتوو تربێت ، بۆیە دەبێت ئێمەی مرۆڤ بەردەوام ئەو



وێنەی ژمارە ( ٤ )

گۆڕانکارییانە ئەنجام بدەین کەلەئەنجامی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیا زانستییەکانەوە بەرۆژانە بەدەستی دەهێنین بە تایبەتی لە بواری (بە ئۆتۆماتیك کردنی پەیوەندی ، بایەلۆجیای گەردیلە ) دا و بخرێتە سەر ئەو بنەمایانەی کە (فۆن هۆرنەر) دایانی ناوە .

# ئاوەدانکردنەوی کوردستان لە نێوان کێبەرکێی بەڵێندەران و بەرژەوەندی وولاّتماندا



ئەندازیار
تەها فاتح بابەرەسول سوڵەیی
کۆمپانیای داهات

(١)

ئەو کاتانەی کە ولاّتی شیرینمان بێڕەحمانە ئەسوتێنرا ، لەو مەرگەساتانەدا کە کانیاو و کارێزەکانمان ئەتەقێنرانەوە ، لەو ساتەوەختە ناهەموارانەی کە سەرخان وژێرخانی کوردەواری لەقەیران و مەترسیدا بوون ، هەموومان خەونمان بەوەوە دەبینی کە ئاخۆ رۆژێك بێت لەم بارودۆخە قوتاربببین و خۆری زێڕینی ئازادی بداتەوە لەم خاك و وولاّتە ؟؟؟ بەهەر حالّ کەسانی دووربین و خاوەن هیممەت بێ ئومێد نەبوون ، پیاوانی دونیا دیدەش ئەو راستیەیان ئەزانی کە زوڵم لە قاییمیدا ئەپچڕێ !!! خۆری ستەمکاران ئاوا بوو ، خۆری ئازادیخواز و ستەملێکراوان هەڵهات ، لەمەش باشتر ئەوەیە کە جگە لەوەی خۆمان فەرمانڕەوایەتی خاك و گەلمان ئەکەین ، هەلو مەرجێکی نێو دەولەتی وا هاتۆتە کایەوە کە بەشێکی گونجاو لە داهاتی فرۆشتنی نەوت بۆ کوردستان دابین کراوە ، ئەمەش ولاّتمانی لە دێوەزمەی برسێتی و قات و قڕی رزگارکرد ، لەلایەکی ترەوە بازاڕی خستەوە جوڵە و بە پلانی تۆکمەی حکومەت و هیممەتی ئەندازیاران و خەمخۆری دڵسۆزان ، هەنگاوی باش نراوە و شوێنەواری ئاوەدانکردنەوە ، بەرەبەرە شوێنەوارە سوتماککراوەکان دادەپۆشێ و لە چەند ساڵی داهاتوودا ئەوەی ناحەزان وێرانیان کرد ، بە پشتیوانی خوای گەورە ئاوەدان دەبێتەوە ..

(٢)

وەکو عەرەب ئەڵێن ( ما حك جلدك مثل ظفرك ) ، ئەمڕۆ لە هەموو کاتێ زیاتر کورد کەوتۆتە بەر تاقی کردنەوە و مەسئولیەتەوە ، جاران چۆن شانازیمان دەکرد کە خانووەکانمان لە سەر کوردبوونمان تەخت دەکران ، بەرژەوەندییەکانمان رادەگیرا ،لە پۆستەکانمان دەردەکراین، ئەمڕۆ لە هەموو کاتێ زیاتر ئەبێ دڵسۆزتر و خەمخۆر تربین ، ئەمڕۆ ئەبێ برینەکان ساڕێژ بکەینەوە ، لەبری شوێنەواری وێران ، کوردستان ئاوەدان بکەینەوە ، ئەمڕۆ باشترین پێشمەرگە ئەوەیە ، کە کوردستان ئاوەدان بکاتەوە، هەموو لا چاومان لە دەست و هیممەتی کاربەدەست و لایەنە پەیوەندیدارەکانە ، ئەمڕۆش وەکو ئاشکرایە لای هەمووان، نەتەوە یەکگرتووەکان سەرپەرشتیاری ئەم پرۆسە گرنگە ئەکەن ، لەڕێی ئاژانسەکانیەوە کە لە کوردستاندا کار دەکەن ، کە پرۆژە هەمە چەشنەکانی ئاوەدانکردنەوە بەرەو رووی کۆمپانیا خۆماڵییەکان دەکاتەوە ، بەمەبەستی ئەنجامدان و دەستکەوت ، دیارە ئێمەش باسەکەمان لەم بوارەدایە ، هەرکەسێك کە ماندوو دەبێت و سەرمایەیەك دەخاتە ئیشەوە و کاتی دەڕوات ، مافی خۆیەتی لەبەرانبەردا سوود و قازانجێکی دەستکەوێت ، بەلاّم هەروەکو ئاشکرایە ، شێوازی وەرگرتنی ئیش ئەمڕۆ بە پڕکردنەوەی ( تەندەر) ە و پێشکەشکردنی ئەو نرخانەیە کە بەڵێندەر و کۆمپانیاکان فڕێی ئەدەن!!! کراوەتە عادەتیش کە ئیش بدرێت بە کەمترین نرخ ، ئیتر ئەمەش وای کردووە کە مونافەسەیەکی نا

جۆر و ناشایستە دروست ببێت و کۆمپانیاکان بکەونە راکە راکە و هەڵپە و لێدانی کەمترین نرخ ، تەنها بۆ خاتری ئەوەی بێ ئیش نەبن ، یان بڵێن ئیشمان هەیە و لەگەڵ فلان رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا کاردەکەین ، دیارە لێدانی کەمترین نرخیش چەند ئاسەوارێکی نێگەتیڤانەی لێ دەکەوێتەوە کە زەرەرو ماندوو بوون نەبێت هیچی تیانامێنێتەوە بۆ بەڵێندەر، بێ گومان کە نرخیش کەمبوو خاوەن ئیش هەرچەندێك دڵسۆزبێت و ئەندازیارەکانیش کارامە و ووردبین بن، هێشتا ناتوانن کۆنترۆڵی جۆری ئیشەکە بە ئارەزووی دڵ بکەن و لەسەرەنجامدا پرۆژەکەیش بە شێوەی پێویست ئەنجام نادرێت و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان دوا ئەکەوێت ..

ئەمە لەلایەکەوە ، لەلایەکی ترەوە کە بەڵێندەر بەتەمای سوودو قازانجێکی باش بووە ، لەو سەرەوە و پاش چەندین مانگ ماندوو بوون و سەرف کردنی سەدان هەزار ، بەڵکو چەند ملێون دینارێك نەك قازانجی نەکردووە ، بەڵکو زەرەری کردووە ، رەنجی بێوەر دەبێت ، سا یان چەند پرۆژەیەکی تر ئەنجام ئەدات هەتاکو ئەو زەرەرە پڕ بکاتەوە یان سەری خۆی هەڵدەگرێت و تۆبە دەکات لە بەڵێندەرایەتی !!!! یان کورد ووتەنی چەم بێ چەقەڵ نابێت ، لەگەڵ رێزی زۆرمدا بۆ هەموو بەڵێندەرەکان ، دوور نییە کەسانی وایان تیا بێت کە بەپێی پێویست ئەمانەتی کارەکەی نەپارێزێت ، پەنا بباتە بەر چەند شێوازێکی ناشیرین و نەگونجاو ، لەوانە فێڵ کردن لە ئیشەکەدا ( هەر لە بەکارهێنانی مەوادی کەم یان خراپەوە بۆ هەوڵدانی لە خشتەبردنی ئەندازیاری سەرپەرشتیکار بۆ چاونووقاندن لەکەمو کورتی ئیشەکەی ، پارانەوە یان تەکلیف کردن لەم و لەو سا بەڵکو کارئاسانی بۆبکەن ، لەمانەش خراپتر ، هەڵهاتن و بەجێ هێنانی ئیشەکەو خواردنی موڵك و ماڵی خەڵکی و قەرزاری و چەندین کێشەی تر ، کە ئەمانەش کاری بەڵێندەر نییە.. وەکو ناوەکەی بە خۆیەوەتی ( بەڵێندەر ) واتە بەڵێن و قەولی داوە ئیشەکە بەگوێرەی نەخشەو مواسەفات و رێنماییەکان ئەنجام بدات بێ ( وەعد ) دەرئەچێت و سومعەی لەکەدار دەبێت ،وەکو ئەڵێن ئەکەوێتە لیستی رەشەوە !.

( ٣ )

هەموومان ئەو راستیە ئەزانین کە ( *شەڕ بەچەك و مامەڵە بە دراو* ) ئەکرێت ، بەڵێ پارە فاکتەرێکی سەرەکی یە لە بەجیهێنانی هەرپرۆژەیەکی ئاوەدانکردنەوەدا، بەپارە زۆربەی کارە قورسەکان ئاسان و رایی دەبێت ، هەروەها لێرەد ئەبێ رۆڵی ئیدارە لە بەرێوەبردن ومامەڵەی زانستیانە بۆ ئەنجامدانی پرۆژەکان لەیاد نەکەین ، چونکە ئیدارەی سەرکەوتوو، ئیشەکان بەرەو پێش دەبات و زیادەرۆیی و بە هەدەر چوونی مەواد و پارە و کات کەم دەکاتەوە ، کە ئەمەش کاریگەریی باشی دەبێت لەسەر دەستکەوت و باش ئەنجامدانی پرۆژە..

جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بە چەند هۆکارێکی ناهەموار و چاوەروان نەکراو بکەین کەکاریگەری هەیە لەسەر رەوتی ئاوەدانکردنەوە ، لەوانەش ،

* یەکەم - دابەزینی نرخی دۆلار ، کە لەگەڵ وەرگرتنی هەر ( سولفە ) یەکدا لە پرۆژەیەکی مام ناوەندیدا ، لەوانەیە بەڵێندەر نزیکەی سەد هەزار دینار زەرەر بکات ، کە پێشتر حسابی بۆ نەکردووە ..

*دووەم : بەرزبوونەوەی نرخی چیمەنتۆ ،یان مەوادی تر وەکو ( شیش ، ئاسن ، چەو و لم ..هتد )

*سێیەم : دواکەوتنی سولفە و بیرۆکراتیەتی رێکخراوەکان و هەندێ لە فەرمانگەکان..

*چوارەم : نەبوونی بانکێك کە قەرز بداتە بەڵێندەران بۆ ئەوەی کارەکانیان لە بێ پارەیدا رانەگرن بێ ئەوەی چاوەروانی سولفەی ئیش بکەن..

*پێنجەم : هەتا ئێستا هیچ جۆرە یاسایەك نییە مافی بەڵێندەران بپارێزێت !!! بەڵێندەر کە تەندەرێك پردەکاتەوە ئەبێ قایل بێت هەموو مەرجەکانی رێکخراوەکە قبول بکات و مافی هیچ جۆرە رەخنە و قەرەبوو کردنەوەیەکی نییە ..

* شەشەم : نەبوونی یاسایەکی تایبەت بۆلێپرسینەوەی بەڵێندەران لە سەرپێچی و کەمو کوری و هەڵاتنی هەندێك لە ئیش..

شایانی باسە لەم دوواییانەدا بوو کە رێکخراوێك بۆ بەڵێندەران دامەزرا و ئومێد دەکرێت کە فاکتەرێکی گونجاتربێت بۆ داکۆکی کردن لە بەڵێندەران ، یان رێکخراوێکی وەکو هابیتات بە هاوکێشەو هەندێ ووردەکارییەوە توێژێك لە کاریگەری دابەزینی دۆلاری چارەسەر کردووە ، هەرچەندە من لێرەدا نامەوێت ببمە پارێزەرێك بۆ بەڵێندەران یان بەناوی ئەوانەوە قسە بکەم ، تەنها مەبەست لێرەدا ئەوەیە بەڵێندەران فاکتەری سەرەکی ئەنجامدانی پرۆژەکانن ، چاکسازی و کار ئاسانی کردن بۆیان ، کاریگەری دەبێت لە سەر چەندایەتی و چۆنایەتی

پرۆژەکانمان کە موڵکی هەمومانە و دواتر دانیشتوان و هاووڵاتیانن بە کاریان دێنن و سوودمەند دەبن لێیان ..

( ٤ )

هەرلەم نووسینەدا بە باشی دەزانم چەند تێبینیەك بخەمە بەردیدەی کەسانی دڵسۆزو پەیوەندیدار بەمەبەستی کاری باشتر و بەرژەوەندی زیاتری هەموو لایەك :

* لەساڵیکدا جارێك یان زیاتر پێشبڕکێ ساز بکرێت و تیایدا لێژنەیەکی پسپۆر و پەیوەندیدار ( تەقییمێکی ) کاری کۆمپانیا و بەڵێندەرەکان بکات و بەڵێندەری نموونەیی دەستنیشان بکرێت و رێزی لێ بنرێت تا ببێتە هاندەرێك بۆ داهێنان و کاری باشتر لە داهاتوودا ...

* هەروەها بە نهێنی و دوور لە ناوزڕاندن ئەو کۆمپانیایانەی کە کەموکوڕییان هەیە بکرێتە راپۆرتێك بۆیان و موڵەتی خۆسازدان و چاکسازی کاریان پێ بدرێت و لە کاتی بەردەوام بوونیان لە سەر هەڵە و کەموو کوڕییان ناویان ئاشکرا بکرێت ..

* رێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان خولی تایبەتی ئیدارە و سەرپەرشتی ئیش و کارەکان بکەنەوە بۆ کادری ئیداری و هونەری و دارایی کۆ مپانیا و بەڵێندەرەکان بۆ راهێنانەوە و کارئاسان کردنی خۆیشیان و فێر بوونی شێوازی ئیدارەی هاو چەرخ و دوور لە بیرۆکراتییەت و رۆتین .

* وەرزی زستان و تەڕو توشی لە رێکخراو و فەرمانگەکاندا بکرێت بە هەڵمەت بۆ نەخشە و پلان دانان بۆبەرنامەی کاری داهاتو و وەرگرتنی رەزامەندی و تەندەر دابەشکردن و ..هتد ، بۆ ئەوەی لەگەڵ ساز بوونی کەش و هەوا ، هەڵمەتی کاری فیعلی دەست پێبکات ، نەك ئەوەی لە هاویندا تەندەر دابەش بکرێت و لە سەرەتای زستاندا موباشەرە بکرێت بە پرۆژەکان ، کە ئەمەش لە بەرژەوندی کۆمپانیا و پرۆژەکەدا نی یە ..بەتایبەتی نوژەن کردنەوی خوێندنگاکان لە کاتی ساڵی خوێنندندا ئەزمەیەك دروست دەکات بۆ قوتابخانەکانی تر ...

بەم شێوەیە لەرێگەی ئەندازیاری کارامە و بە سەلیقە و ئیدارییەوە کە بە نەزاهەت و سنگ فراوانییەوە سەرپەرشتی پرۆژەکان دەکەن و بە هیممەتی بەڵێندەری خاوەن ئەزموون و گورج و گۆڵ و بە سیاسەتی تۆکمە و بەرنامەی داڕێژراوی فەرمانگەکانی حکومەتی خۆماڵی، کوردستانێکی هاوچەرخ و ئاوەدان بنیات دەنێینەوە..

## ئاگادارییەك

## لە گۆڤاری ( ئەندازیاران )ەوە

ئەندازیارانی بەرێز..

گۆڤاری ( ئەندازیاران ) گۆڤاری خۆتانە، داواکارین بابەت و لیکۆڵینەوەی ئەندازەییمان بۆ بنێرن تاکوو بۆتان بڵاوبکەینەوە. تکایە رەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەن :

١- لەسەر یەك رووی کاغەزەکە بنووسن و دێرپەڕێنن ، ئەگەر بەکۆمپیوتەر چاپ کرابێت باشترە .

٢- بابەتەکان وێنەی لەگەڵدا بێت باشترە ، هەروەها وێنەی شەخسی خۆشتان .

٣- هەموو بابەتێك کەبڵاوبکرێتەوە پاداشتی نوسەرەکەی ئەکرێت .

٤- بابەتەکانتان بگەیەننە ئەم شوێنانەی خوارەوە :

ا- کۆمیتەی باڵا.

ب- لقی سلێمانی .

ج – لقی کەرکوك.

د- لقی هەولێر لە کۆیە

هـ- نوێنەرایەتی خانەقین.

و- نوێنەرایەتی چەمچەماڵ .

ز – نوێنەرایەتی کەلار .

ح – نوێنەرایەتی رانیە .



# چۆنیەتی حسابکردنی درێژی گونج (قەنتەرە)

ئەندازیار/طیب جبار امین

بۆ حسابکردنی درێژی گونج (قنطرة) ، چوار فاکتەر رۆڵی سەرەکی دەبینن کە پێویستە لە کاتی جێبەجێکردندا رەچاوبکرێت و فاکترەکانیش ئەمانەی خوارەوەن:

١-پانی جادە (قیر +دوو شۆستە)

٢- بەرزی خۆڵی پڕکراوەی سەر پشتی گونجەکە (Height of filling).

٣- رێژەی لێژایی خۆڵی قەراخ (Side slop rate).

٤- گۆشەی لێکدانی سەنتەری گونجەکە لەگەڵ سەنتەری جادەکەدا(Intersection angle of center lines).

حسابکردنێکی سادەی درێژی گونج بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت (بڕوانە وێنەی ژمارە ١ ).




وێنەی ژمارە (١)

درێژی گونج = (پانی جادە +(بەرزی خۆڵ x رێژەی لێژی قەراخ ) ٢x لا

درێژی گونج = (٣+٧+٣)+(٤ x ٣)x٢

درێژی گونج- ١٣+٢٤-

درێژی گونج-٣٧ مەتر

ئەم حسابە لە کاتێکدا تەواوە ئەگەر هاتوو گۆشەی لێکدانی سەنتەری گونجەکە لەگەڵ سەنتەری جاردەکە (٩٠)پلە بێت (بڕوانە وێنەی ژمارە ٢). بەڵام ئەگەر هاتوو هەمان گونج گۆشەی لێکدانی سەنتەرەکەی لەگەڵ سەنتەری جادەکە (٦٠)پلە بوو، ئەوا حسابکردنی درێژییەکەی بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت (بڕوانە وێنەی ژمارە ٣).

درێژی گونج (٩٠)پلە = ٣٧ مەتر

درێژی گونج (٦٠) پلە - ٣٧ / ساین ٦٠ = ٣٧ / ٠,٨٦٦

درێژی گونج (٦٠)پلە = ٤٢,٧٢مەتر

بەڵام خۆتان دەزانن کەوا (Flow level)ی گونج هەرگیز تەخت نیە، بەڵکو دەبێت هەمیشە (slop)ی هەبێت بۆ ئەوەی ئاوەکە بە ئاسانی بەگونجەکەدا بڕوات و بپەڕێتەوە ئەوبەر جادەکە و باشترین رێژەی (slop) لە نێوان (١٪) بۆ (٥٪)ـە. بۆ نمونە با بڵێین رێژەی (slop) (٢٪)ـە لەبەر ئەوە دابەشبوونی درێژی گونجەکە بەلای راست و چەپی جادەکەدا یەکسان نابێت (بڕوانە وێنەی ژمارە ٤ ). ئەگەر درێژی گونجەکە (٣٧) مەتر بێت و (Slop of flow level ) (سفر ٪)بێت ئەوا (٣٧\٢=١٨,٥)مەتر بۆ لای راست و (١٨,٥)مەتر بۆ لای چەپ. بەڵام ئەمە لە




وێنەی ژمارە (٢)

واقیعدا وا نابێت چونکە وەك پێشتر وتمان گونج هەمیشە لێژایی هەیە. لەم حاڵەتەدا لای راست و چەپ بەم شێوەیەی خوارەوە حساب دەکرێت.

ئەگەر لە سەنتەری جادەکە بەرزی خۆڵ لەسەر پشتی گونجەکە (٤) مەتر بێت ، ئەوا بەرزی خۆڵەکە لای راست دەبێتە :

بەرزی خۆڵ=٤ + (٠,٠٢ x ١٨,٥)

بەرزی خۆڵ= ٤ + ٠,٣٧

بەرزی خۆڵ = ٤,٣٧

بەرزی خۆڵەکەش لای چەپی جادەکە دەبێتە :

بەرزی خۆڵ = ٤ – ٠,٣٧




وێنەی ژمارە (٣)

بەرزی خۆڵ = ٣,٦٣

بەو حسابەی سەرەوە درێژی لای راستی گونجەکە لەسەنتەری جادەکەوە دەکاتە:

درێژی لای راست = ( ٢/١ی پانی جادەکە) + (٣ x ٤,٣٧)

=(٢/١ x ١٣)+ ١٣,١١

= ٦,٥ + ١٣,١١

= ١٩,٦١ مەتر

درێژی لای چەپی گونجەکە لە سەنتەری جادەکەوە دەکاتە:

درێژی لای چەپ = (٢/١ پانی جادەکە) + (٣ x ٣,٦٣)

= (٦,٥ + ١٠,٨٩)

= ١٧,٣٩ مەتر

کۆی درێژی (لای راست + لای چەپ ) = ١٩,٦١ + ١٧,٣٩

= ٣٧ مەتر

لە حاڵەتێکدا ئەگەر گونجەکە لە شوێنێکدا بوو ، جادەکە لە باری لۆفەدا بوو و (Super elevation) ی جادەکە بە پێچەوانەی (slop)ی گونجەکەوە بوو (بڕوانە وێنەی ٥ و ٦). لەو حاڵەتەدا بەرزی خۆڵ لای راست بەم شێوەیە حساب دەکرێت:

بەرزی خۆڵ (لای راست) = ٤ + (٠,٠٢ x ١٨,٥) + (٠,٠٣ x ٦,٥)

= ٤ + ٠,٣٧ + ٠,١٩٥

=٤,٥٦٥مەتر

کەواتە درێژی لای راست = (٢/١ی پانی جادەکە) + (٣ x ٤,٥٦٥)

= (٢/١ x ١٣ ) + ١٣,٦٩٥

= ٦,٥ +١٣,٦٩٥

= ٢٠,١٩٥ مەتر

بەرزی خۆڵ لای چەپ بەم شێوەیەی خوارەوە حساب دەکرێت:

بەرزی خۆڵ (لای چەپ) = ٤ – (٠,٠٢ x ١٨,٥) – (٠,٠٣ x ٦,٥)

= ٤ – ٠,٣٧ – ٠,١٩٥

= ٣,٤٣٥ مەتر

کەواتە درێژی لای چەپ = (٢/١ی پانی جادەکە) + ( ٣,٤٣٥ x ٣)

= (٢/١ x ١٣ ) + (٣,٤٣٥ x ٣)

= ٦,٥ + ١٠,٣٥

= ١٦,٨٠٥ مەتر

کۆی درێژی ( لای راست + لای چەپ ) = ٢٠,١٩٥ + ١٦,٨٠٥

= ٣٧ مەتر

بۆیە پێویستە لەکاتی جێبەجێکردنی هەر گونجێکدا رەچاوی ئەو چوار خاڵەی سەرەوە بکرێت و هەروەها پێویستە رەچاوی دابەشکردنی درێژی لای راست و چەپیش بکرێت ،




وێنەی ژمارە (٤)

چونکە بە هیچ شێوەیەک درێژی لای راست و چەپ یەکسان نابن.

## پرسیار

ئەندازیاری بەڕێز

ئێمە لەسەرەوە تەواوی وردەکاری چۆنیەتی حسابکردنی گونجمان بۆ رون کردیتەوە، لە خوارەوە پرسیارێك دادەرێژین، تکامان وایە بۆ پیادەکردنی ئەو زانیارییانەی سەرەوە وەڵامی پرسیارەکە بدەیتەوە .

**پرسیار:**

پانی جادە =١٦ مەتر.




وێنەی ژمارە (٥)




وێنەی ژمارە (٦)

بەرزی خۆڵ= ٣ مەتر.

رێژەی لێژایی قەراخ=١: ٢,٥.

لێژی گونجەکە= ٣ ٪

لێژی (Super elevation)= ٤ ٪ لەگەڵ ئاراستەی لێژی گونجەکە.

گۆشەی لێکدانی هەردوو سەنتەرەکە= ٧٥ پلە.

ئایا ١-درێژی گونجەکە چەندە ؟

٢-درێژی لای راست و لای چەپی گونجەکە چەندە؟



# " بۆ نەخشەدانانی ئاوەدانی لە کوردستان "



ئەندازیار / فاتح عبدالله عباس *

(پیتەرهۆڵ) پێناسەی پلان دانان دەکات کەکۆمەڵێك
چالاکی ژیرانەیە کەبە پێی میتودێکی زانستی ئەنجام دراوە بۆ
گەیشتن بە چەند ئامانجێکی نەخشە بۆ کێشراو، وەبۆ گەیشتن
بەو ئامانجانە نەخشەکێش پەنا دەباتە بەر کۆکردنەوەی ئامارو
شیکردنەوەبۆ ئامادەکردنی پلان و نەخشەکێشانی
شار،وەهەمان شێوازو ڕێنمایی لە پلانی گشتی دەگرێتەخۆی
لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەوەی کەلەنەخشەکێشانی شار ڕەچاوی
بەکار هێنانی زەوی‌و چۆنیەتی دابەشکردنی وشێوازی‌دیاری
کردنی بەپێی هێما کۆمەڵایەتی وئابووریەکان دەکرێت،
کەتێیدا شوێنی نیشتەجێ‌و بازاڕو ناوچەی پیشەسازی و
گواستنەوەو وەچالاکی گەشت و گوزاری وکارگێڕی لە چوار
چێوەی پلانەکەهەبێت.

چونکە لەکاتێکدا کەباس لەپلانی درێژخایەن
هەرێمایەتی دەکرێت وەك دانانی بەرنامەیەکی هەمەلایەنە لە
شارەجیاجیاکان دا بەتایبەتی نەخشەی بنەڕەتی(Master Plan)
نەنەخشەی‌جیاکراوە(Town Plannig) کەدووئاستی پلان دانانن
کاریگەری گرنگیان هەیە لە سەر ئاستی پلانی وولات.

پلان بۆ نەخشەکێشانی شاروفراونکردن وگۆڕانکاری
بەرەپێدانی ئەولادێیانە دەبێت کەلە داهاتوو بنەمای شاریان
تێدا بەدی دەکرێت، وەلە چوار چێوەی پلانی هەرێمایەتی دا
پێویسیان بەئامادەکردنی نەخشەی تۆبۆگرافی ولێکۆڵینەوە
دەبێت لە سەر چۆنیەتی بەکار هێنانی زەوی وڕێگاوبانی ، ئەو
ناوچانەی گرنگی مێژوویی و شوێنەواریان هەیە. دیسان پ
پێداچوونەوە لەسەر ژمارەی دانیشتوان و ژمارەی خانوو
خوێندنگەو چالاکی خزمەتگوزاری تر کەپێویستە
لەبواری ئابووری وقەوارەی سەرمایەگوزاری دەکرێت، هەروەها
ئەوکێشانەی کەئێستا ولەداهاتوودا ڕووبەڕووی شارەکە
دەبنەوە و گرنگی دان بەبنەماکانی شارستانی(النسیج
الحضري) شارەکە وئەوشێوازەی کەبنەمای شارەکە تێیدا
گەشەی کردوە ولەڕووی مێژووییەوە تایبەتمەندیەیەك
بەشارەکەدەدات کەخۆی لەسستەمی هاتوچۆی
ناوشارەکەئەوبۆشایی‌و گۆڕەپانانەی دەبینێتەوە، وەسستەمی
ژینگەیی لە شارو ڕێڕەو بۆ بینا گشتی‌ی وئاییینیەکان
کەپاراستنیان پێویستە.

ئەمانەی سەرەوە هەمووی دەچێتە ناولێکۆڵینەوەو
شیکردنەوەی کێشەکان وەلەکاتی پلان دانانندا بەهاوکاری
ئەوکەرەستانە کۆمەڵێك ئامانج بۆ گەشە پێدان
وپەرەپێدانی شار دەبێتە بەرنامە وەلەکاتی دانانی
نەخشەی شار لە ماوەی (٢٠تا ٢٥) ساڵ بەبەرنامە لەلایەن

شارەوانی یان لایەنی پەیوەندی دار جێبەجێدەکرێت بەپێچەوانەی ئەو میتۆدە زانستیەی ئاوەدانی حکومەتی عێراق کە سیاسەتێکی بەبەرنامە داڕێژاو و ئاراستەکراوی لەبواری نەخشەدانانی ئاوەدانی پەیڕەو دەکرد کەتێیدا گەشە سروشتی وئاسایی شارەکان ولادێی کوردستانی وەستاندبوو وشارەکان دووچاری سوتاندن کرد، لەم بوارەدا دەتوانرێت چوار قۆناغی جیاکراوە لە نەخشەدانانی ئاوەدانی سەر دەمی پێش ڕاپەڕین دەست نیشان بکەن:

**قۆناغی یەکەم:.**

دانانی پانتایەکی سنووری ئەمنی بە قولایی (٣٠) کم لە



سنووری کوردستان لەگەڵ ئێران وتورکیا کە تێیدا هەموو چالاکیەکی بیناسازی ئاوەدانی قەدەغەکراو شارو شارۆچکە و لادێکان رووخێنراو و خەڵکەکان راگوێزران و وە لەچەند ئۆردوگایەکی زۆرەملێ نیشتەجێ کران، وە نەهێشتنی کرداری بینا کردن لەم پانتاییە و بەم شێوەیە کە بە نووسراوێکی نهێنی دیوانی سەرۆکایەتی کۆماری عێراق سەپێنرابوو ، نمونەی ئەو ئۆردوگا زۆرەملێیانەی کە ئەوسا حکومەتی عێراق دروستی کردبوون لە هەولێر و سلێمانی( ئۆردوگاکانی پیرزین ، بەستۆرە ، شاوەیس ، تەکیە ، تاسلوجە ... هتد ) بوون.

ئەم ئۆردوگایانە بە نەخشەی زۆر سەرەتایی و دوور ل
پێوەرە جیهانیەکان کە بۆ نەخشەکێشانی ش
بەکاردەهێنرێن ئامادەکرابوو کە زیاتر گرنگی بەلایەن
نیشتەجێ کردنی خەڵکەکە درابوو نەك لایەن
خزمەتگوزاری و بینای گشتی و سەوزاریی کە دەبێت ل
نەخشەدا رەچاو بکرێت

**قۆناغی دووەم :**

لە سالانی ١٩٧٦ بە دوواوە دەست پێ دەکات ک
خۆی لە داخستنی (غلق) هەندێك لە شارەکان دەبینێتەو
لە رووی ئاوەدانی و لەگەڵ دانانی سنووربەندی
رێنمایی بۆ هەندێك شاری تر کە لە قۆناغی یەکەم
تەواوی گەشەی ئاوەدانی و بیناسازی لە شارە
بینرابوو. لە قۆناغی دووەم لە چوارچێوەیەکی دیار
کراودا رێگە بە گەشەی ئاوەدانی و بیناسازی دەدرا ب
نمونە لە شاری هەولێر قەزاکانی (رەواندز و دیان
شەقلاوە ، کۆیە ) داخرابوون رێگە بە بینا کردن ل
شارانە نەدەدراو تەنانەت لە قەزای عەنکاوەی شار
هەولێر داخرابوو هەروەها رێگە بە بینا کردن و گەشە
ئاوەدانی نەدەدرا لە قەزای مەخموور بۆ ناوچ
کوردیەکان، بەڵکو رێگە بە بەشێك لە عەرەبەکان دەدرا
لەو سنوورە دەژیان ، بەهەمان شێوەش لە سلێمانی
دهۆك وە ئەگەر شاری سلێمانی بە نموونە بهێنینەوە ئ
شارە لە سالی ١٩٧٣ کۆمپانیای (دۆکسیادیس)ی یۆنان
کە کۆمپانیایەکی تایبەتمەندە لە بواری نەخشەکێشا
شار دوای لێکۆڵینەوەی ورد نەخشەیەکی بۆ شارە
ئامادە کرد کە رووبەرەکەی (٧٢کم٢) وە بەشێک
دەرەوەی شەست مەتری ئیستای دەگرتەوە خۆی، بە
حکومەتی عێراق بەپێی بەرنامەو سیاسەتێکی داڕێژ
لە سالی ١٩٨٣ لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی نەخشەدان
ئاوەدانی عێراق نەخشەیەکی نوێی بۆ ئامادە کرا
رووبەری نزیکەی (٥٢کم٢) ، واتە کەم کردنەوەی
روویەری نزیکەی (٢٠کم٢) ئەمە لەکاتێکدا کە شار گەش
کردن و فراوان بوون دایە بەپێی زیاد بوونی ژما
دانیشتوان و زیاد بوونی پێویستیەکانی خەڵك ل
ئەنجامی زیادبوونە ، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە نەخ

دانانی ئەوەدانی لە کوردستان لە چوارچێوەی سیاسەتی دیاری کراو و ئامانج دارێژراو بەرێوە چووە.

**قۆناغی سێیەم :**

دوای سالی ١٩٨٤ دەست پێ دەکات، قۆناغی رووخاندن و وێران کردنی شارو شارۆچکە و لادێکانی کوردستان و دروست کردنی ئۆردوگا زۆرەملێیەکان بوو




نەخشەی هەرێمی کوردستانی عێراق
MAP OF KURDISTAN REGION IRAQ

لەو سەردەمە ئەو ئۆردوگایانە دروست دەکران کە خراپتر بوون لە ئۆردوگانی سالانی ١٩٧٦ کە تێیدا رەچاوی سادەترین پێوەرەکانی نەخشەدانان نەدەکراو زیاتر ریز کردنی بلۆکی نیشتەجێ و دروست کردنی شەقامێکی ئەمنی بوو کە لە چوارچێوەی ئۆردوگایەکی داخراودا بوو ، وە بۆ کۆنترۆڵ کردنی ئۆردوگاکان لەکاتی رووبەرووبونەوەی هەر جوڵەیەکی ئۆردوگا دیسان لە رێگەی ئەم شەقامانە پچڕانی پەیوەندی بە دەرەوەی ئۆردوگا نابێت ، نەبوونی خزمەتگوزاری لەم ئۆردوگایانە دیاردەیەکی بەرچاو و ئاشکرابوو نمونەی بەم دواییە لە ئۆردوگاکانی شۆرش و حاجیاوا تۆڕی ئاو و ئاوەڕۆیان نەبوو ، بەلام ماوەیەکە حکومەتی هەرێم ئەو پڕۆژە خزمەتگوزاریانەی جێبەجێ کردووە.

**قۆناغی چوارەم :**

ئەم قۆناغە بە دەرکردنی بریاری (٥٢٩)ی سالی ١٩٨٩ دەست پێ دەکات کە تێیدا هاتبوو خەڵکی عەرەبی عێراقی بۆی هەیە لە شارەکانی کوردستان جگە لە موسڵ و کەرکوك و دیالە نیشتەجێ بێت و پارچە زەوی نیشتەجێیی وەربگرێت، بۆ ئەم مەبەستە لەم سەردەمە لە بەرێوەبەرایەتی گشتی نەخشەدانان و ئاوەدانی و شارەوانیەکانی کوردستان و لە هەولێر ، سلێمانی ، دهۆك رێنمایی کران بۆ ئامادەکردنی زەوی ، تەنها لە هەولێر داواکرا زیاتر لە (٣٠٠٠٠) پارچە زەوی ئامادە بکرێت لە سلێمانی بریار درا چەند شارێکی بچووك لە نزیك سلێمانی دروست بکرێت کە زیاتر بە مەبەستی جێنشین کردنی عەرەبەکان بوو. گۆڕینی پێکهاتەی دیموگرافی ئەو شارانەی کوردستان بوو لە هەمان بریار رێگە بە خەلکی ئەم سێ پارێزگایەی کوردستان درابوو کە زەوی نیشتەجێ لە ناوەراست و خواروی عێراق جگە لە کەرکوك و موسڵ و دیالە و بەغداد وەربگرن، بەلام لە ئەنجامی داگیر کردنی کوەیت و هەڵگیرساندنی شەڕی کەندا و دواتر راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان و هێزی پێشمەرگە بریارەکە چیتر کاری پێنەکرا. دوای راپەرینیش پانتاییەکی فراوان بۆ سستمی گەشەکردنی ئاوەدانی شارەکان والا کرا بەلام لەبەر نەبوونی دەزگایەکی بەهێزی نەخشەدانان و ئاوەدانی و شارەوانیەکی چالاك گەشە کردنەکە وەکو پێویست نەبوو ئەمانە هەمووی لەلایەك و لەلایەکی ترەوە دانانی نەخشەی بنچینەیی شار پێویستی بە ئامار و لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی بواری جیاجیا و کەسانی پسپۆڕ و شارەزای لایەنی پلاندانان و ئابووری و کۆمەلایەتی .... هتد . کە ماوەی لەسالێك زیاتری دەوێت وە لەبەر ئەوەی هەموو شارەکانی کوردستان لەو کاتەدا پێویستی بە دانانی نەخشەی بنچینەیی یان چاوخشاندنەوە و فراوان کردنی نەخشە کۆنەکانیان هەبوو ، کارکردن بۆ ئەم هەموو شارە کە کارێکی سادە و ئاسان نەبوو لەم کات و ساتە بینا کردن و ئاوەدانکردنەوەی شارەکان بەخێرایی بەرێوەچوو و شارەکان بە نا ئەندازەیی دروست کرانەوە و لە زۆر شوێندا دیاردەی زیادەڕۆیی بینا کردن بە زەقی رووی دا کە چی ئەو شوێنانەی بۆ چالاکی گشتی دانرابوون هەوڵەکان لە





سەرەتادا بۆ ڕێك خستنەوەی شارەكان خۆی لە دانانی پێكهاتەیەكی نەخشەیی بنچینەیی دەدۆزیەوە كە تیایدا ئاراستەی شەقامەكان و بەكارهێنانی زەوی دیار كرابێت لەتەك فراوان بوونی كارەكان وە لەگەڵیدا بەرەبەرە بنەماو پێوەرە جیهانیەكانی نەخشەدانان هێنرایە ناو نەخشەكێشی شار و دانانی نەخشەی بنچینەیی لەسەرەتاوە ئاماری لایەنە جیاجیا كانی شار بكرێت و لە ژمارەی خانووی نیشتەجێ و دوكان و بازاڕ و پیشەوەر و كارگە دەست پێ بكرێت ، هەروەها ژمارەی دانیشتوانی ئێستای شارەكە و لێكۆڵینەوە لەسەر شێوازی دروست بوونی شارەكە و تایبەتمەندییەكان پێكهاتەی فەرمانگە حكومیەكان و شوێنی سەیرانگاو باخچە بكرێت وە ئەنجام دانی ڕووپێوی تۆبۆگرافی زەوی بۆ شارۆچكەو لێكۆڵینەوە لەبارەی ئاووئاوەڕۆ و كێشەی هاتووچۆ و دیاری كردنی ئامانج لەفراوانكردنی نەخشەی شارو هەوڵدان بۆ گفتو گۆ كردن لەسەر چەند ئەڵتەرناتیڤێك بۆ نەخشەكە و هەڵبژاردنی باشترینیان و دواتر لەكاتی ڕاگەیاندنی نەخشەی شارەكان وەرگرتنی رای خەڵك لەسەریان ، پێویستە ئەمانە لەگەڵ دانانی نەخشەی كەرتی جیاكردنەوە بۆ شارەكان و ڕێكخستنەوەی ناوەندی بازرگانی وە شوێنی فەرمانگەكان و جێبەجێكردنی بڕیارەكانی تەملیك كردنی زێدە ڕەویەكان بەپێی نەخشەی پەسەند كراوەكان و پەرەپێدانی شوێنەكانی گەشت و گوزار و سەیرانگاو باخچەو نافورە و .....هتد .

دابین كردنی كارە خزمەت گوزارییەكانی ئاووئاوەڕۆ و فراوان كردنی بەرنامەی قیرتاو كردن ئەمانە هەمووی یارمەتیدەر دەبن بۆ دروست كردنی ژینگەی لەبار بۆ ئەوەی سیمای شارستانی بۆ شارەكان بگەڕێتەوە و شوێنەوەاری خراپ و ئاسەوارەكانی پێش ڕاپەڕین لەسەر شارەكان نەهێڵین و لە داهاتوودا شارەكان بە سروشتی گەشە بكەن.

*وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار

# دەفتەری سەروەری



## ئەندازیاری شەهید سەلاح رەفیق

## ناسراو بە سەلاحی موهەندیس

- ساڵی ١٩٥٤ لەگەرەکی گۆیژەی شاری سلێمانی هاتۆتە دونیاوە .
- ساڵی ١٩٧٢ خوێندنی ئامادەیی تەواوکردوە .
- ئەندامێکی چالاکی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بووە لە سەرەتای حەفتاکاندا .
- ساڵی ١٩٧٦ بەشی میکانیکی زانکۆی تەکنۆلۆجی بەغدای تەواوکردووە .
- ئەندازیار بووە لە بەرێوەبەرێتی رێگاوبانی سلێمانی .
- ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بووە .
- ساڵی ١٩٧٨ چوەتە ریزی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە.
- ساڵی ١٩٨٢ بوە بەفەرماندەی تیپی( ٤٧ ) ی پیرەمەگرون .
- لە ١٩٨٢/٧/٢٥ لە شەرێکی سەختدا شەهید بوو .

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهید سەلاح و

هەموو شەهیدانی رێگای رزگاری کورد و کوردستان .



## ئەندازیاری شەهید مەحمود نوری قەرەداخی

- ساڵی ١٩٤٩ لە شاری سلێمانی هاتۆتە دونیاوە .
- ساڵی ١٩٦٥ خوێندنی ئامادەیی لە سلێمانی تەواو کردوە .
- ساڵی ١٩٧٠ بەشی کارەبای لەکۆلێژی ئەندازیاریی زانکۆی بەغدا تەواو کردووە .
- لە قۆناغەکانی خوێندندا ئەندامێکی چالاکی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بووەو ئەندامی کۆنگرەی حەوتەمی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بووە .
- ئەندامی کۆمەڵەی رۆشنبیری کوردی بووە .
- ئەندامێکی چالاکی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە .
- ساڵی ١٩٧٤ چۆتە ریزی شۆرشی ئەیلولەوە .
- شەوی ١٦/١٧- ٣- ١٩٧٤ لە شاری چوارتا بەکارەساتێکی دڵتەزێن شەهید بوو .

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهید مەحمود و

هەموو شەهیدانی رێگای رزگاری کورد و کوردستان

# ئەندازیار داینەمۆی ژیانە

# بەرزکردنەوەی پلە

**ئەندازیاری بەڕێز:**

**کۆمیتەی باڵا ، دوو هەفتە جارێك کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی دەبەستێت و لەکۆبوونەوەکاندا بڕیار لەسەر بەرزکردنـەوەی پلەی ئەو ئەندازیارانـە ئـەدات کـەداوایان پێشکەش کـردووەو هـەموو مەرجـەکانیان تێدایـە . لـەخوارەوە نـاوی ئـەو ئەندازیارانە دەنووسین کە لە١/٤/٢٠٠٢وە تا ٣٠/٦/٢٠٠٢ پلەیان بەرزکراوەتەوە. :**

**یەکەم : بەرزکردنەوەی پلە لە ( یاریدەدەر ) ەوە بۆ ( کارا )**

١-دانا کەمال جەلال
٢-لەتیف حەمەئەمین قادر
٣-هیوا کەریم رەحیم
٤-چرۆ عەلی حەمە رەزا
٥-کاوە عومەر مەجید
٦-بەرزان عوسمان عەلی
٧-سۆران محەمەد ئەمین
٨-حەسەن عبدالکریم محەمەد سالح
٩-محەمەد عەبد زەید چتیر
١٠-کامەران عەبدوللا سەعید
١١-نازم عەبدول نەریمان
١٢- عیماد الدین بها ءالدین محمد

**دووەم : بەرزکردنەوەی پلە لە ( کارا ) وە بۆ ( ڕێپێدراو )**

١- محەمەد عەلی حەسەن
٢- شەماڵ حسێن محەمەد
٣- خەسرەو عەزیز ڕۆستەم
٤- ئاوات وەهاب صادق
٥- عبد الرحمان رەسول محەمەد

**سێیەم : بەرزکردنەوەی پلە لە ( ڕێپێدراو ) ەوە بۆ ( ڕاوێژکار )**

١- فەرەیدون محەمەد کەریم
٢-عەتا شێخ کەریم عەبدوللا

# فەرهەنگی زاراوەی ئەندازەیی

ئامادەکردنی
ئەندازیار حەمە ئازاد تەها

وتەیەك

ئـــــەندازیاران، خوێنـــــــەران، زانســتخوازانی ئـازیز، نیازمــەندین لــەم گۆشەیەدا (فەرهەنگی ئەندازەیی) زاراوە زانســــتیەکانی ئـــــەندازە، ئاشــــــنابکەین بـــــەئێوەی خۆشەویسـت، بۆئـەوەی ببێتــە هــەنگاوێك بــۆ بــەکارهێنانیان بەشــێوەیەکی راســـتورەوان و لەشــوێنی خۆیــــدا هـــەروەها بۆئەوەی ببێتە سەرچاوەیەك بۆ کۆکردنــەوەی ئــەو زاراوانـــەو چاپکردنیـــــان لــــەدووتوێی فەرهـەنگۆکێکی بچوکـدا، پـاش ئــەوەی ژمارەیـــەکی باشمـــان کۆکـــــردەوە، بۆیـــــە داوا لەئەندازیاران و زانستخوازانی ئازیز دەکەین کە ئەو زاراوانـەی بەشیاوی دەزانـن لەگشـت بوارەکـانی ئـەندازەدا (شارسـتانی، تەلاسـازی، کارەبـایی، میکانیکی، ئاودێری، کیمیایی، نەوت ..... هتد ) بۆمــان بنــێرن، بــۆ زیــاتر دەوڵەمــەندکردنی گۆشەکەمان و گەر هەڵەیەکمان کرد بۆمـان راسـت بکەنـەوە ، بەرامبـەر زاراوەکـان بێجگـە لـەکوردی، بـەزمانی عـەرەبی و ئینگلـیزیش بنووسـرێ ئـەوا زیـاتر خزمـەت دەگەیـەنێت جـارێکیتر سوپاسـی هاوکاریتـان دەکـەین لەرێگـەی بارەگـای یـەکێتی ئـەندازیارانی کوردسـتان-گۆڤـاری ئـەندازیاران- گۆشەی فەرهەنگی ئەندازەیی.

| ژ | کوردی | عەرەبی | ئینگلیزی |
|---|---|---|---|
| ١ | کردنەوە | فتح | Opening |
| ٢ | فراوانکردن ، پانکردن | تعریض | Widening |
| ٣ | رێککردن ، سافکردن | تسویة | Grading |
| ٤ | دیواری پاڵپشت ، دیواری راگر | جدران ساندة | Retaining –wall |
| ٥ | تەیمان ، پەرژین | سیاج | Fence |
| ٦ | تەزووی کارەبا | التیار الکهربائي | Electrical - current |
| ٧ | تۆڕ | شبکة | Net |
| ٨ | خول بڕ | قاطع دورة | Circuit- breaker |
| ٩ | تەزوو بڕ | قاطع تیار | Current- breaker |
| ١٠ | بۆردی سەرەکی دابەشکردن | لوحة التوزیع الرئیسي | Main Distribution board |
| ١١ | باکێش | مفرغة | Exhaust Fan |
| ١٢ | باگونجێن ، باخۆشە | مکیف الهواء | Air –con dition |
| ١٣ | باساردکەر | مبردة الهواء | Air –cooler |
| ١٤ | گۆڕەر | محولة | Trans former |
| ١٥ | خاك | تربة | Soil |
| ١٦ | زەوی | أرض | Earth |
| ١٧ | قوڕ | طین | Mud |
| ١٨ | خشت، کەرپوچ | طابوق | Brick |
| ١٩ | رێگا | طریق | Road |
| ٢٠ | شەقام | شارع | Street |
| ٢١ | شارستانی | حضري | Urban |
| ٢٢ | دێهاتی | ریفي | Rural |
| ٢٣ | تەنیشتە جۆگا | ساقیة جانبیة | Side ditch |
| ٢٤ | پڕ کردنەوە | املاء ، دفن | Filling |
| ٢٥ | بڕین | قطع | Cutting |

# لەئەرشیفەوە

## دەستەی لقەکانی دەورەی پێشوو:

دوای ئەوەی کۆمیتەی باڵای پێشوو ئیشوکارەکانی بەسەر ئەندامەکانی خۆیدا دابەشکرد، بڕیاری بەستنی کۆنفرانسی شارەکان و دەستەی لقەکانی دا.

١-**لقی سلێمانی**: ڕۆژی ١٩٩٢/٦/٢١ کۆنفرانسی خۆی بەست و لق هەڵبژێردراو ئەم ئەندازیارانەی خوارەوە دەرچوون:

١-فەهمی محەمەد تۆفیق سەرۆکی لق
٢-محەمەد ڕەشید محەمەد نوری
٣-ئەنوەر سالح شەریف
٤-حەمە ئازاد تەها
٥-محەمەد هۆشیار محەمەد
٦-چرۆ محەمەد وەهبی
٧-نەبەز جەلال ئەحمەد
٨-شلێر محەمەد نەجیب
٩-عومەر فارس حەمە

ئەندامانی یەدەك:

١-ئازاد مەحمود
٢-وشیار تۆفیق

٢-**لقی کەرکوك**: لەرۆژو شوێنی دیاریکراوی خۆیدا کۆنفرانسی خۆی بەست و دەستەی لقی هەڵبژێردراو ئەم ئەندازیارانەی خوارەوە دەرچوون:

١-ئازاد رەسول عەبدوڵلا سەرۆکی لق
٢-صباح مستەفا سدیق
٣-کەمال حمە صالح
٤-حەبیب عەبدولکەریم عەبدولرەحیم
٥-فەیصەل محی‌الدین محەمەد
٦-جەمال زنون
٧-نەوزاد حەمە عەلی
٨-سەعید ئەحمەد محەمەد ئەمین
٩-بەهادین محەمەد تۆفیق

ئەندامانی یەدەك:

١-سەروەت محەمەد ئەمین حارس
٢-......................

٣-**لقی هەولێر**: لەرۆژو شوێنی دیاریکراوی خۆیدا کۆنفراسی خۆی بەست و دەستەی لقی هەڵبژێردراو ئەم ئەندازیارانەی خوارەوە دەرچوون:

١-جەوهەر تەها شێخانی سەرۆکی لق
٢-نیهاد عزالدین
٣-حسێن ئیبراهیم ئەحمەد
٤-نەژاد مستەفا مەزهەر
٥-رەشید ئەبوبەکر هەمەوەندی
٦-بەیان ئیسماعیل دزەیی
٧-کەمال یەڵدا
٨-ئەحمەد ادهم کانی
٩-تەحسین چیچۆ

ئەندامانی یەدەك:

١-کامەران جەلال خەیلانی
٢-ئەکرەم ئەحمەد رەسوڵ

٤-**لقی دهۆك**: لەرۆژو شوێنی دیاریکراوی خۆیدا کۆنفراسی خۆی بەست و دەستەی لقی هەڵبژێردراو ئەم ئەندازیارانەی خوارەوە دەرچوون:

١-ئەحمەد حەمید عەلی بامەرنی سەرۆکی لق
٢-حەسەن محەمەد مەعروف
٣-حکمەت حەسەن
٤-لەیلا محەمەد رەسول
٥-................
٦-................
٧-................
٨-................
٩-................

ئەندامانی یەدەك:

١-ئەحمەد محەمەد رەشید
٢-................

٥-**نوێنەرایەتی خانەقین**: لەرۆژو شوێنی دیاریکراوی خۆیدا کۆنفراسی خۆی بەست و دەستەی لقی هەڵبژێردراو ئەم ئەندازیارانەی خوارەوە دەرچوون:

١-محەمەد زەکی خورشید لێپرسراو
٢-صلاح حسێن حەمە خان جێگر

**تێبینی**: داوای لێبوردن دەکەین، پۆستەکان و هەندێك لەناوەکانمان لەبیرنەماوەو ئەرشیفەکەمان لەلا نییە.

# لەبەدواداچوونی دەست ڕێژەکەی ئەندازیار کاک تەیب جباردا

ئەندازیار محەمەد رەشید محەمەد نوری

لەدوالاپەڕەی گۆڤاری (ئەندازیاران ) ژمارە (١)ی بەهاری ٢٠٠٢ بەڕێز ئەندازیار (طیب جبار )سەرۆکی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان لەروانگەی دڵسۆزیو لەخۆڕازی نەبوون دەستڕێژێکی سەرتاسەری کرد نەك هەر ئەندازیارێك بەسەلامەتی دەرنەچوو بەڵکو دەرەوەی بواری ئەندازیاریشی گرتەوە.

لێرەدا منیشو هەموو ئەندازیارێك هەروەك بەڕێزی هەرگیز نابێت قایل بین بەو ئاستەی تێیداین، بەڵکو پێویستە بڕوانینە ئاستێکی لەبن نەهاتوو، بەڵام خۆ ئەوە ناگەیەنێت کە لەپاش راپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ هەر هیچ شتێك نەکرابێت کەباشو چاكو جوان بێت. خۆ ئەگەر بەراوردێك بکەین لەگەڵ ئەوسادا ئەوا زۆر پێشکەوتن بەدەست هاتووە.

پێش بڕیاری ٩٨٦ ی نەتەوەیەکگرتووەکان، ژمارەیەکی زۆر رێکخراوە خێرخوازەکانی بیانیو ناوخۆیی ژمارەیەکی زۆر پرۆژەی فریاگوزاریان پێشکەش کرد کە لەو بارودۆخەدا کاریگەریەکی باشو بەرچاوی هەبوو بۆ جوڵاندنەوەی بوارەکانی خواردنو کشتوکاڵو تەندروستیو پەروەردەو نیشتەجێبوونو رێگاوبان، ئەمە شان بەشانی پرۆژەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کەراستەوخۆ لەسەر بودجەی خۆی دابینی ئەکرد لەرێی دامودەزگاکانیەوە.

بەدەستبەکاربوونی رێکخراوەکانی UN بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری ٩٨٦و بەتایبەتی لەسەرەتای ساڵی ١٩٩٧و هێدی هێدی دەرەنجامی پرۆژەکانیان کەوتنە بەرچاوو بەرهەمی پرۆژەکان جگەلەوەی کەجێبەجێ ئەکران لەلایەن توانا جۆربەجۆرەکان لەناو کوردستاندا کەکاریگەریەکی ئیجابی هەبوو لەسەر باری ئابووری هاووڵاتیانو بەرزکردنەوەی ئاستی بژێویو نەهێشتنی بێکاری، لەهەمان کاتدا خودی پرۆژەکانیش بۆ خزمەتگوزاری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بوون.

پێویستە بەراشکاوی رۆڵی کەرتی تایبەتیش بخەینە بەرچاو کەسەدەها پرۆژەی جۆربەجۆرو جوانو بەسوودیان دروست کردووە لەسەر بودجەی خۆیانو هەندێك لەو پرۆژانەش بەخشراون بەدامودەزگا حکومیە خزمەتگوزاریەکان، لێرەدا پرسیارێك دێتە کایەوە ئەویش ئەوەیە ئایا ئەم پرۆژانە ئەگەر کەموکوڕیەکی بچووکیشی هەبووبێت هەر ئەندازیار نەبووە کەبیروبۆچوونی خستبێتە گەڕو دیزاینو نەخشەو سەرپەرشتی کردبێت؟ ئێمە ناڵێین کەپلانو پرۆگرامێکی توندوتۆڵو تاووتوێ کراوی نموونەیمان هەبووە، ئەوەیش بەدەر بووە لەویستو بۆچوونی ئەندازیاران ، زۆربەی جارەکان بارودۆخی ناهەموار کاریگەریەکی راستەوخۆو ناراستەوخۆی هەبووە لەسەر ئەم پلانو پرۆگرامە بگرە جێبەجێکردنیش .

ئەمرۆ لەکوردستاندا ئەو کارگەو ئامێرانە کەپێویستن بۆ بیناسازیو بەرهەم هیچ زیادو گەشەی نەسەندووە لەچاو ساڵەکانی ١٩٨٠و بەدواوە، ئەوکاتە کارگەو ئامێرەکان نوێ بوون ئێستا تەمەنی کارکردنیان بەسەرچووەو هەر بەکاری ئەهێنین، ئەوکاتە کارگەی تێکەڵکردنی کۆنکرێت Concreto mixplant هەبوو ئێستا نیە، خۆ حەصارەکەی سەر سنوورەکەمان لەهەموو لایەکەوە لەسەرویانەوە لەلایەن( UN ) ەوە هەر پیادە دەکرێت.

لەگەڵ ئەم هەموو نەبوونیو کەموکوڕیانە زۆر پرۆژەی مەزنو چاكو جوان دروستکراون، شارو شارۆچکەو گوندەکان بوژانەوەیەکی بەرچاویان پێوەدیارە، دەشتو دەر سەوز بووەتەوەو تەنانەت ئاژەڵو باڵندە کێویەکانیش شادبوونەتەوە بەپرۆگرامی مانو گەشەکردن بەهۆی ئەو ئاسایشەی بۆیان دابین کراوە.

بەرفراوانی ژمارەو قەبارەی پرۆژەکان وای کردووە کە هەر ژمارە ئەندازیارێك لەرێکخراوەکاندا جۆرە بۆچوونێکیان هەیە لەنەخشەو دیزانی پرۆژەکانو زۆر جار بیرۆکراتی ئەوان وای کردووە کە لەژێر چەترێکی زانستیدا کۆنەبنەوە تەنانەت کەهەندێ جار داوای چاکسازیان لێئەکرێت نکوڵی ئەکەنو بەکەمی ئەزانن ئەگەر گۆرانکاری تیابکەن.

لەکۆتاییدا ئەڵێم سوپاس بۆ کاك طیب کەئەیەوێت شەڕی نموونە بکات، سوپاس بۆ هەموو بیروبۆچوونی دۆستانەو دروستکەرانەی گەشەکردنی کوردستان، بۆ هەموو ئەو ئەندازیارو تەکنیکیو کرێکارانەی ماندوونەناسانە شەو رۆژیان خستووەتە سەر یەك بۆ سەرخستنی ئەم قۆناغی ئاوەدانیە.

خوای گەورەش پشتیوانمان بێت.

٢٠٠٢/٦/٢١



پەنجەرە

**گەلەری زاموا** ( لەناوەوە )

ساڵی 2002 کۆمپانیای ( نەورۆز ) چاکی کردۆتەوە..